**سەرنووسەر:**
سلیمان قاسمیانی (کاکە)



گوڵاڵە ئەڤیندارەکان
بەرهەمی: مینا رەسول نژاد

ISSN: 1401-1336

Hana
Box 62
424 22 Angered / Sweden

www.hana.se
info@hana.se
govaryhana@gmail.com

ژمارە حیسابی پۆست جیرۆی هانا: **٥- ٦٠٨٣٤٥**

**هانا** گۆڤارێکی ئەدەبیی، کولتوریی و کۆمەڵایەتییە. **هانا** هیچ بەرهەمێک کە دژ بە بیری ئازادی، یەکسانی، حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بێ، بڵاو ناکاتەوە. هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینەکەی خۆیەتی. **هانا** تەنیا بەرپرسی ئەو بابەتانەیە کە بە ناوی دەستەی نووسەرانەوە بڵاو دەبێتەوە.
**هانا** هەم لە سەر کاغەز و هەم بە شێوەی دیجیتال واتە لە سەر ئینتەرنێت بڵاو دەبێتەوە. بۆ وەرگرتنی **هانا** لە سەر کاغەز، دەتوانن راستەخۆ لە سەر پەیجی **هانا** گۆڤارەکە داوابکەن و پارەکە لە سەر نێت بدەن.
چاوەڕوانی بەرهەمەکانتانین.

**بەرهەمەکانی ئەم ژمارەیە:**


١ - بۆ ڕێزگرتن لە یادی بەکتاش ئابتین ٣

٢ - دوو قاپی وێنە و یەک کەس/ مێهرنووش موسەوی ٥

٣ - چەن کۆپلە شیعری بەکتاش ئابتین ٩

٤ - قەلبی کۆمۆنیزم لە کوردستان / ڕانانی کتێب / سلیمان قاسمیانی ١٣

٥ - ئەزموونم لەگەڵ (وەرگێڕان)دا / عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ٢٩

٦ - شیعرە بڵاونەکراوەکانی قانع / موسلیح ڕێبوار ٤١

٧ - کاتێک تۆڵەکە و لفکە شامی گرانترە لە پرچی ژن / بەکر ئەحمەد ٤٧

٨ - مێژووی شانۆی کەنەدی / عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ٦١

٩ - زمانی زگماک / سلیمان قاسمیانی ٧٧

١٠ - ڕۆژی جیهانی فەلسەفە / شلێر ڕەشید ٨٧

١١ - "چۆن بووم بە گەمژە" / ڕانانی کتێب / شەمال بارەوانی ٩٧

١٢ - شیعر: عارف کوردە، خالید بایەزیدی، جان گودمەن، فیل ئاکس، ئای. جێی. کریس ١٠٣

# بەرێز بێت یادی بەکتاش ئابتین شاعیری گیانبەختکردووی زیندانیی

ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی

بەکتاش ئابتین شاعیری زیندانیی ئیرانی، رۆژی ١٨ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی لە تەمەنی ٤٧ سالیدا، زنجیر لە پێ لە سەر تەختی نەخۆشخانەیەک لە تاران، دوای گیرۆدە بوون بە ویروسی کرۆنا، گیانی لە دەست دا. بەکتاش سالێک و پینج مانگ لەوە پیش حوکمی ٦ سال زیندانی بەتاوانی بانگەشەکردن دژ بە رژێمی ئیران و بەشداریکردن لە سالیادی قەتڵەکانی زنجیرەیی نووسەرانی ئیراندا، بە سەردا سەپێندرا و خرایە زیندان. بەکتاش لە ماوەی زیندانی بوونیدا دوو جار تووشی کۆرۆنا بوو کە جاری یەکەم بە سلامەت دەرچوو. جاری دووەم ٣٥ رۆژ بەر لە گیان لەدەستدانی، دوای چارەسەر دەکا بۆ تۆشبوونی دووبارەی بە کرۆنا بەڵام دەسەڵاتداران گوێ نادەنە داواکارییەکەی و دوای ١٠ رۆژ کە حاڵی بەتەواوی تێک دەچێ رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ بەڵام ئیتر درەنگ بوو و بەکتاش خۆی ناگرێتەوە و دەخرێتە کۆمای دەسکرد کە بە داخەوە تەنانەت ئەوەش یارمەتی نادات و دوای ٣٥ رۆژ بە پای زنجیرکراوەوە لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دەدا. کەمتەرخەمی بە ئاشکرای دەسەڵاتداران، سەرەڕای داوای راستەوخۆی بەکتاش و بنەماڵە و پارێزەرەکانی بۆ چارەسەری دەسبەجێ، بووە هۆی مەرگی ئەو نووسەرە بوێر و ئازادیخوازە.

بەکتاش ئابتین لە سالی ١٣٩٣ەوە

یەکێک لە سکرتێرەکانی یەکێتی نووسەرانی ئێران بوو. ئەو ٩ کۆمەلە شیعری چاپکراوی بەم ناوانە هەیە: "لاقم کە بڕا، نووسی بگەڕێینەوە"، مژۆڵکەکانم، چاوەکانمیان درووە:، "تونگەی چەو"، "گیرانی خۆر"، "دزەکردنە ناو خەو"، پێناسەی خەڵوەت"، "لە مەیموونی خۆمدا، باوەگەورەم"، "گۆپاڵ".

بەکتاش تەنیا نووسەر و شاعیر نەبوو بەڵکوو هاوکات خولیای کاری فیلم بوو و٨ بەرهەمی هەیە کە زۆربەیان فیلمی دێکومێنتارن، لەوانە: "تەواو خسووسی و بۆ ئاگاداری گشتی"، "١٣ی ئوکتۆبەری ١٩٣٧"، "مۆریانەیەک بە ددانی شیرییەوە"، "پارک مارک"، "میکا"، "مۆری ژنی دەوێ"، "ئانسۆر" .

بەکتاش ئابتین، خەلاتی باشترین کتێبی ساڵی لە لایەن ڕۆژنامەوانانەوە بۆ کۆشیعری "گۆپال" وەرگرت. لە هاوینی سالی ١٤٠٠ خەلاتی ئەنجومەنی پێنووسی ئامریکای لە گەڵ کەیوان باژن و رەزا خەندان مەهابادی، ئەندامانی زیندانیی یەکێتی نووسەران، کە بە یەکەوە لە زیندان بوون، وەرگرت. هەروەها خەڵاتی وەرگرتووە بۆ دوو لە فیلمە دیکۆمێنتەکانی: "١٣ی ئوکتۆبەری ١٩٣٧"، "مۆریانەیەک بە ددانی شیرییەوە".

بەکتاش ئابتین لە راستیدا کوژرا. ئۆباڵی مەرگی ئەو مروڤە یەخسیر و پا بەبەندە بە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی تاریکەسەلاتی کۆماری چەپەڵی ئیسلامی ئیرانە. ئەم حکومەتە تاوانبارە و یەکاویەکی سەران و کاربەدستانی دەبێ بۆ کۆشتنی بەکتاش و لەداردانی دەیان هەزار زیندانی تر و قەتڵی عامی بە کۆمەڵ بخرێنە بەر دادگا و بە سزای خۆیان بگەن. مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئیران. سەرشۆڕبن یارانی فاشیستەکانی ئیسلامی ئیران.

☆

# دوو قاپی وینه و یەك كەس

نووسینی:
میهرنووش موسەوی



چەند حەوتووی نەخایاند تا ئەم مرۆڤە دوو وێنەی گۆڕین. یەکێک لە وێنەکان ئەو وێنەیە کە کۆماری ئیسلامی بە گشتی لە مرۆڤی یەخسیر و بەندیی دەیدا بە خەڵک. مرۆڤێکی داماو کە وەکوو کۆیلە لاقی لە زنجیر دایە. ئەوەش تەنیا لە گەل مرۆڤی سیاسی ناکا. ئایا ئێوە دیتووتانە کە گیرفانبڕێک، گیرۆدەی مادەی هۆشبەرێک، یان بکوژێک کە لە زیندانە، لە جیاتی لیباسی زیندانی، کۆت و شەڵوار و کراوات بکەنە بەری و بە قژی شانەکراوەوە وێنەی لێبگرن؟ بۆچی نالێن: باشە ئەم مرۆڤە دزی کردووە، بەڵام نرخ و حورمەتی مرۆڤبوونی خۆی لە دەست نەداوە. دێن و خراپترین وینە، بە خراپترین جل و بەرگەوە لێی دەگرن. تازە بەوەش رازی نابن و زنجیریش دەکەنە لاقی تا دیمەنەکە کامڵ بێت. ئەوەش بۆیە وایە چون فەلسەفەی دادوەری لێرە لە سەر تۆڵە سەندنەوەیە. بناغەکەی لە سەر ئابڕووبردن و بێ بەقاکردن و سڕینەوەی نرخ و حورمەتی هەموو مرۆڤەکانە. کەسێک کە تاوانێکی کردبێ دەبێ هەموو پاشکەوتەکانی رێز و حورمەتەکەشی لێ بسێنرێ تا دڵی دەسەڵات فێنک بێتەوە و مشتی پۆلایینیشی دەرکەوێ. لەوەدا



جیاوازییەکیش لە نێوان بەندیی سیاسی و ناسیاسی دانانێ. وێنەی یەکەم، وێنەی "بەکتاش ئابتین" لە سەر تەختی نەخۆشخانەیە. ئەم وێـنەیە ئەوەنـدە ئـامـرازی بێحورمەتی پێکردن بە مرۆڤە کە تەنـانەت کـتـێـبەکەی کە بەدەستیشیەوە، ئەو لە گیرفانبڕێکی داماوی بە سیغارێک بە دەمەوە لە ڕاڕەوی دادگا، بە شێوەیەکی ئەوتۆ جیاناکاتەوە.

وێـنەی دووەم، وێـنەی خەڵـکە. خەڵـک ئەو مـرۆڤە قـژ لـوول و زنـجـیر لە پێیە، بەو جلە شینە ناحەزە خەت خەتییەوە، دێنن کۆت و کـراوات دەکەنە بەری و دەیڕازێننەوە و لە قاپێکی تازەدا دایـدەنـێـن. دەیـخەنە سـەرشـانـیـان بـۆ ماڵئاوایی. ئای کە بە چ حورمەتێکەوە لە سەر شانی خۆیان دانا. قاپی دووەم ئـی کەسایەتییەکی بەڕێزە لە دڵی جەماوەردا. ئەو خەڵکە شیعاریان بۆ دا. بارانی گوڵیان بە سەردا ڕشت. ئەوان بەندییەکەیان لە دەستی کۆماری ئیسلامییەوە دەرهێنایەوە. هەزاران هەزاران کەس بە گەرمـی ماڵئاواییان لێکرد. دڵنیا بن ئەگەر فیشەک و گۆپاڵ ڕێگر نەبووایە، تاران لە خەڵک لێزمەی دەهات بۆ ڕێزگرتن لەو پیاوە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی خەڵک بە تەواوی جل و بەرگێکی دیکەیان کردە بەر ئەم کەسە و بەم ڕێز و حورمەتەوە بە خاکیان سپارد. مەگەر "ئابتین" کێ بوو؟ چ بوو؟ لە باری توانایی شیعرییەوە، زۆر شاعیرمان هەن کە لەو تواناتر بوون. لە دەرهێنانی فیلمیش دا نە

خۆی ئیددیعایەکی وەهای بوو و نە ئێمەش بەو نێگایەوە سەیری دەکەین. کەوابێ ئەم خەڵکە عاشقی چ شتێکی ئەم پیاوە بوون؟ ئەسڵەن خەڵک لەم وڵاتەدا بە دوای چییەوەن؟ کەس هەیە هەر سەیریشی ناکەن، کەس هەیە لە عەرزی دەدەن، بەڵام بۆ ئەم "ئابتین"ە لە سەردەستیان دادەنێن و بەرزی دەکەنەوە؟

ئەم رێزگرتنە، بۆ شیعرەکان و بۆ بەرهەمە هونەرییەکانی نەبوو. بۆ ئەو "بۆشایی"ە بوو کە خۆی قسەی لێ دەکرد. ئەو بۆشاییە بەناوبانگە کە لە کاتی دووچەرخەلێخورینەکەیدا قسەی لە سەر دەکا. ئەو دەڵی: "کۆمەڵگا بە ئەندازەی پێویست شاعیر و هونەرمەند و لەم شتانەی هەیە. موشکیلەی ئێستای وڵاتەکەمان ئەوەیە کە بۆشاییەکی بەتاڵی هەیە کە تەنیا بە بوونی خەڵکانێک پڕ دەبێتەوە، کە راوەستن، نارەزایەتی دەببڕن و بەرەنگاری بکەن!" دەڵێ: "من ئێستا، کە گەنجم و دەژیم، دەمەوێ بە سەربەرزییەوە راوەستم، ئەم بۆشاییە پڕکەمەوە و تەنانەت ئەگەر گیانیشم لە رێگای ئازادی دا لە دەست بدەم."



خەڵک ئەم قژ لوولە سەربەرزە، لە سەر قسەی خۆ سووورەیان، دۆزییەوە. چونکە ئەویش لەو بۆشاییە بەتاڵەی پێویستی ئەوان، تێگەیشتبوو. لە سەردەمی قەیراندا ئەو مرۆڤانەی کە رادەوەستن و

ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە، دەبنە ڕێزدار، دەبنە کەسایەتی. خەڵک لە سەر شانیان دادەنێن. لە سەردەمی قیرانەکاندا، لە گەڵ هەردووڵا بوون، هەم لە ناڵ و هەم لە بزماردان، لە فکری خێری خۆدابوون، کلکەسووتەکردن بۆ دەسەڵات و هەڵاتن، بڕەوی نییە. کۆمەڵگایەک کە پێ بخاتە پێش و بێتە ناو مەیدانی شەڕەوە، ڕێگای گەڕانەوەی نییە. دەبی شەڕ بکا و سەربکەوێ. چونکە ئەگەر بێت و تێک بشکێ، حەمامی خوێن لە سەری دەنێنەوە و بە سەر سەریدا تێدەپەڕن.

کەسایەتییەکان، کەناڵ و ئامرازی بەرەوپێشبردنی شەڕی خەڵک لەم قۆناغانەدان بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن.

بەکتاش ئابتین دەستی لە زۆر شت هەڵگرت و ماڵی گواستەوە بۆ ناوەندی شەڕی خەڵک بۆ ئازادی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. چوو کە سەنگەرە چۆڵەکەی ڕیزی پێشەوەی ئەم تێکهەڵچوونە خوێناوییە پڕ بکاتەوە. ئەو وشەی کردە فیشەک و خستییە ڕێ. ڕاوەستا و بەرەنگاری کرد لە ڕێز و حورمەتی خەڵک و خەباتەکەیان. چ جوان بوو شیعاری ئەو خەڵکە لە کاتی بەخاکسپردنی: "لە سوڵتانپوور تا ئابتین... دەبا بمرن زاڵمین"!

ئای کە خەڵک چەندە بەرزیان کردەوە و لکاندیان بە چ مێژوویەکەوە. بە مێژووی "نە گوتن" لە سەرەتای لە دایکبوونی ئەم کۆماری تاوان و خوێنرشتنەوە!

پیرۆزت بێت ئەم قاپە، ئەی هاوڕێ! هاوسەنگەر! بەو سەربەرزییە کە خۆت وتت ڕاوەستای و هەر بەو سەربەر-زییەشەوە خەڵک نایانییە سەرشانیان! سڵاو لێ بێ!

#بکتاش_ئابتین

☆



# چەن کورتە شیعری
# بەکتاش ئابتین

وەرگێڕ: سلیمان قاسمیانی

## ١
### دادانی بێ ناو و نیشان

ددانە بێ ناو و نیشانەکانی تۆ و
ریزی کێلە خەوشگرتووەکان.
پڕاییەک لە مەرگ
لە گۆڕستان دا دەژی.
لە گەڵ تۆمە ئەی مردووی لاو
ئەی مردووی شەڕ
ئەی مردووی مێخکراو بە سەر تەویڵی
کۆڵان و شەقامەکاندا!
دەزانم کە لە گوێچکە و چاو و زارت دا
لۆکە نەرمەکان چوونە خەو.
تۆ نەبووی
کاتێ کە ئاشتی هات و
ئێراق ناوی نرا، وڵاتی برا!

## ٢

وڵاتەکەم بۆنی ئارەقەی لێ دێ
بۆنی کار لە رەزە مێوەکان.
شەڕ زەوییەکانمی کێڵا
وە لە ژێر لاقی مناڵەکانی مندا
گەلەک مین
لە خەو راپەڕیون.
وڵاتەکەم بۆنی بەنزینی لێ دێ
بۆنی سووتان لە جادەکانی سەرگەردان.
من کۆڵبەرێکی کوردم
کە لە گەڵ هەر گولەیەک
ئاورینگێک لە مندا رەش هەڵدەگەڕێ.

## ٣

بە باڵی سووک
لە دیواری بەرزی بەندیخانەکان و

تەلبەندە چەقڵاوییەکان،
دەردەچێ
هەوای خۆشی ئازادی!

٤
## وەرگێڕی فیشەک

چییە زمان؟ و وەرگێڕاوی شەڕ چییە؟
چییە ژان؟ و وەرگێڕاوی فرمێسک چییە؟
قامکت لابە لە سەر پەلەپیتکەی چەک
سەرباز، ئەی وەرگێڕی فیشەک!
لە تۆ دەدوێم
ئەی شەڕ، ئەی شەڕ، ئەی شەڕ!
تۆ هەموو زمانێک دەگیرێنی و
بۆمب
بە هەموو زمانێک
بوغزی مرۆڤەکان دەتەقێنی!

٥
## (بۆ محەمەد موختاری) [1]

گەڵاکەی تۆ
داکەوتنی پاییزێک بوو لە دار
پاییزی شاعیرانەی خەمبار.
ئەو دەستەی گەرووی تۆ لە شەقام دا ون
کرد
تۆی کردە نەمر
وە تەنیا شتێکت کە هەڵوەشایەوە
پێناس و کۆپینی نێوگیرفانەکەت بوو.

٦
## کڵاوێک لە سەر سەری ئازادی

کڵاو لە سەر سەری ئازادی هەڵدەگرم
سەیر کە
کێیە کە وا کایە بە گیانی خۆی دەکا؟
سەیری ئاسمان و دەریا دەکەم
دونیا خەم هێنەرە و دڵڕفین!
بەڵام ئەرێ وێڕای هەموو ئەوانە
مانگرتنی ئەستێرە کلکدارەکان و
نەهەنگەکان
بوێرانە نییە؟!

٧
ئەستێرەیەکی کلکدار لە تاریکەشەوێکدا
بۆ ئێمە بەس نییە!
ئێمە بە شوێن مانگی پشت هەورەکاندا
دەگەرێین
لێتان روونە چی دەڵێم؟!

لە تاریکیدا
نۆرە بە نۆرە
دەکەوێن و هەڵدەستینەوە
هەروەکوو گۆپاڵی بێ عەداڵەتی بێدادگا
کاتێک دێتە خوار و هەڵدەستێتەوە.

٨

## دوودەستی بیردەکەمەوە لەو گیرفانەی قووتی داوم

نیگەرانی چ بم؟
ئەو دەفتەری بیمەیەی کە نیمە
یان ئەو بەردانەی کە لە گورچیلەکانمدا
کەوتوونە ڕێ؟
بە لای چەپم سپاردووە بێ خەم بێ
من تەنیا بیر لە داهاتووی تۆ دەکەمەوە
زێدی باوکییم فرۆشت
تا بتوانم لە زێدی دایکییم دا فیلم دەربێنم!
ئێستاش دوودەستی بیردەکەمەوە لەو
گیرفانەی قووتی داوم
شەوانە
خەونەکانم دەسپێرم بە سەرینکەم!
ڕوژانەش
پێدەکەنم بەو پێنووسە کەم ڕەنگانە
کە فیلمەکان و شیعرەکانمیان دەستبەسەر
کرد،
پێنووسە قەڵەوەکان
پێنووسە کزەکان
ئەو پێنووسانەی ڕۆژێک جەوهەرەکانیان
وشک دەبێ!
من بە تۆ بەڵێنی دەدەم
ئەی مەیدانی هەژاری ئازادی
بەڵێنی دەدەم
کە تۆش ڕۆژێک دەوڵەمەند دەبی!

٩

## دیارە کە شەو کوژاوەیە

تۆ نیت و
ڕۆشنە کە شەو
کوژاوەیە و چرا ڕۆشن!

زەنگ لێدەدا
ئەو ساعەتەی کە لە مندا کۆکت کردووە
وە شەو لە تەختەکەی دێتە دەر و من
لە تۆ دەرناکەوم
لە چی دەدوێم؟
نازانم.
دەستم خستبووە دەستەکانی تۆ
کە پێ بە پێی گۆچانەکەم بێمەوە.
بێ تۆ

به پێخواسی چووبوومه دەریا و
دەرگە یان پەنجەرەم کردبووەوە کە بێیەوە
کەچی رۆیشتی و
من لە خۆمدا
هەر پێم دەکوتا
کە ئەم دووچەرخەیە نەوەستێ
کەچی وەستا!

باران دەهات و
تۆ دەڕۆیشتی
وە من دەمزانی
کاتێک کە تۆ ئامانج نەبی
پەلەی کۆڵەپشتییەکە و
بێقەراری شانەکانی من
لە هیچ شەقامێک تێناپەڕن!

١٠

## دارێکی تەنیا

لە سەردەرانەی دارستانێکی چڕ
بە تەنیایی گەڕام بە شوێنی دا
لە کۆتایی برِبڕاگەی پشتیدا
دارە کاجێکی باڵابەرز ماڵی نابوو.
دوور کەوتمەوە و
سەرنجم دا زۆر بە وردی
لە ئازادی بەدەر
نەیبوو بەرێکی تر.
بەڵێ، ئازاد بوو
کاجە باڵا بەرزەکەی من
لە گەمارۆی قاڵاواندا.

١١

تاریک، لە قوڵکێکی باریک دا
پرسیارێکی روون
لە جیهانی تاریکم دا،
تۆ بەختەوەرتری یا من؟
تۆ جوانتری یا من؟
تۆ تەنیاتری یا من؟
بەڵام چ فەرق دەکا
کەللەسەرێک لە کابول بێت
یا واشنگتۆن؟

## پەڕاوێز:

١- محەمەد موختاری، شاعیر، نووسەر و رەخنەگری ئەدەبیی ئیرانی کە ساڵی ١٣٧٧ ی هەتاوی لە زنجیرە قەڵتەکانی نووسەرانی ئیرانی کوژرا.

☆

# قەلبی کۆمۆنیزم لە کوردستان

## باسێک لە سەر کتێبی "شارێکی بچووک و خەباتی گەورە"

رانانی: سلیمان قاسمیانی

هیچ شۆڕشێک یەک شەوە ناخوڵقێ، بەڵکوو مێژوو و پرۆسەی تایبەت بە خۆی هەیە. لەو ڕێگایەدا، زۆر ڕووداو، مرۆڤ، ڕەنج و هیوا، خەبات و فیداکاری لە ئارادان کە بێ شک مۆرکی خۆیان لەو شۆڕشەوە و لەو ڕێگایەی هەڵیدەبژێرێ، دەدەن. ئەم پرەنسیپە، شۆڕشی ١٣٥٧ هەتاویی ئێرانیش دەگرێتەوە. کتێبی **"شارێکی بچووک و خەباتی گەورە"**، نووسینی مەجید حوسێنی، بەهاری سالی ١٤٠٠ی هەتاوی بە زمانی فارسی هاتە دەر. ئەم کتێبە باسێکە لە سەر شۆڕشی ئێران، بەرکارەکان، هۆکارەکان و چۆنیەتی شکڵ گرتنی هێزە پێشرەوەکانی بەر لە سەرهەڵدان و پەرسەندنی، ڕابەریکردنی خەبات و جووڵانەوە نارەزایەتییەکان و لە دوایيشدا بە دەستەوەگرتنی فەرمانی شۆرش بە دوای ڕووخانی دەسەلاتی پاشایەتی و پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی



*مەجید حوسێنی نووسەری:*
*''شارێکی بچووک و خەباتی گەورە''*

راپەرین لە شاری بچکۆلانەی مەریوان و لە کوردستاندا.

نووسەر، لە ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی را دەست پێدەکات و لە دەرد و رەنجی زەحمەتکێشان و کرێکاران بۆ دابینکردنی پێداویستی ژیانیان دەدوێ. ئەم بەشە ئەوەندە بە هێز و کاریگەرە کە هیچ ریگایەک بۆ پشوودان و راوەستان بە خوێنەر نادات. ئەو تا پۆلی چواری سەرەتایی لە ئاواییەکەی خۆی دەخوێنێت بەڵام لە پۆلی پێنچ را خوێندنەکەی لە شاری مەریوان درێژە پێ دەدات. بەڵام دەست پێکردنی قوتابخانە لە شاری مەریوان، سەرەتایەکی خۆشی نەبوو:

*حەوتووی یەکەمی رۆیشتنم بۆ قوتابخانە لە شار، بە هۆی سەرتاشینم بە شێوەیەکی دێهاتییانە کە پێیان دەگوت "قوچکەتاش"، زۆر ئازارم بینی. لەوە پێشتر هەرگیز سەرم بەو جۆرە نەتاشیبوو. لە بەدبەختی من، رۆژی بەر لە رۆیشتنم بۆ شار، دایکم لە لالە سەعید قادری، شوانی زەحمەتکێشی ئاواییەکەمان کە تیژیی چەقووەکانی بە ناوبانگ بوو و لە سەرتاشین و کورتکردنەی مووی سەر بە توانا بوو، داوا دەکات کە مووی سەرم کورت بکاتەوە. لالە سەعید بە بڕوای خۆی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بە پانایی یەک سانتیمەتر دەورتادەوری سەرم دەتاشێ و دەڵێ ئاوا جوانترە چون تەوێڵ و دەموچاوی گەورەتر دێتە بەرچاو و جوانتر دەبێ. لەو شکڵە ناشیرینەی کە پەیام کردبوو زۆر نارەحەت بووم و دەستم کرد بە گریان. بەمجۆرە رۆژی یەکەمی قوتابخانە چوونم لە شار بە دڵەکوتە و خەجاڵەتییەوە دەستی پێکرد... هەوڵم دەدا کەس هەست بە بوونم نەکا... بەڵام ئەو شکڵە ناشیرینە مناڵە شەیتان و ئازاردەرەکانی زیاتر دەنە دا و لە هەموو لایەکەوە دەستیان کرد بە لاتاو پێدادانم. (لاپەرەی ٢٨)*

چیرۆکەکە هەر بەم شێوەیە ئێمە لە گەڵ خۆی دەبا بۆ تێکهەڵچوونەکانی ژیان، هەژاریی و گوڕوتینی دەبیرستان (قوتابخانەی دواناوەندی) پەیوەندی لە گەڵ

شورشگێرانی کۆمۆنیست، تینوایەتی خوێندنەوە، و دۆزینەوەی وەلام بۆ پرسیارەکانی ژیان و خەبات لە گەڵ نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان.



فاتح شێخ

بۆ نەسلەکانی دوای راپەرینی ١٣٥٧ی هەتاوی کە خۆیان ئەم شورشە و تێکهەڵچوونەکانی ئەم شۆڕشە و دژبەرەکانیان نەدیوە، ئەم کتێبە، سەرچاوەیەکی راستگۆیە، فیلمێکی دیکومێنتی و قووڵبینە لە میکانیزمەکانی شۆرش بەهەڵخستنی کامێراکەکەی لە سەر شارێکی بچووک کە ئاوێنەیەکی پڕ بە باڵای شورش بوو بە گەورەیی هەموو ئێران. بۆ من کە لە شاری بچووکی ئەو ساتەی سەردەشت دەژیام، مەریوان لە سەردەمی خۆپیشاندانەکاندا، شاری شاعیری خۆشەویست و شۆرشگیری کۆمۆنیست "چاوە"، فاتیح شێخ بوو کە شیعرە شۆرشگێرانەکانی لە سەر زاری خەڵک بوون و لە خۆپیشاندانەکان و کۆبوونەوەکاندا دەگووترانەوە. مەریوان لە دونیای لاوێتی مندا شاری شیعری نوێ بوو و شاری خۆڕاگریی دژ بە رژێمی پاشایەتی. "گژەبا" یەکیک لە شیعرەکانی "چاوە" بوو کە رووحی خۆڕاگری و خەباتی لە نێو خەلکی راپەڕیودا بەرز رادەگرت:

ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
جل و بەرگت لێ کردم شڕ


چرای دەسمت کوژاندەوە
بە تەپوتۆز
چاوت پڕکردم لە گڕێ
بەڵام ئەمانە هیچکامی
ناتوانێ ڕێگام لێ بگرێ

فاتح شێخ یەکێک لە کۆمۆنیستەکانی مەریوانە کە لە گەڵ نووسەری کتێبەکە لە کۆڕێکی نهێنیدا کە دوایی بە ناوی "شیرین بەهارە" (لە گۆرانییەکانی تاهیر توفیق) دەناسرێ، خۆیان ڕێکدەخەن و دژ بە ڕژێمی شا دەست بە خەبات دەکەن. فاتح چەن جار بە هۆی هەڵسوورانی سیاسی دژی شا، لە لایەن ساواکەوە دەگیرێ و دەخرێتە زیندانەوە. کاتێک کە جاری دووەم لە زیندان ئازاد دەکرێ مافی ئیش کردنی لە دایرەکانی دەوڵەتی لێ دەسێنرێت و ئیتر ناتوانێ وەکوو مامۆستا درێژە بە کارەکەی بدات:

*دوای ئازادبوونی فاتح، بە شەوقێکی زۆر زیاترەوە کۆبووینەوە. هەموومان قسەی تازەمان بۆ لێدوان هەبوو. من و ڕەئوف لە یەکەم دیدارمان دا لە گەڵ فاتح بۆ دوورخرانەوەی لە کارەکەی و بێبەشکرانی لە مافە کۆمەڵایەتییەکانی، هاودەردی خۆمان پێ ڕاگەیاند. بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتی: "دوورخرانەوەم لە ئیش، دیارە کە لە باری شەخسی و ماڵییەوە هەندێک تەنگەبەریم بۆ دروست دەکات بەڵام لە هەمان کاتیش دا هەندێک ئیمکانی هەلسوورانی سیاسیم بۆ دەرەخسێنێ. لەمە بەدواوە دەتوانم بە ڕاحەتی هەر کەسێ کە بمەوێ ببینم و بۆ هەر شوێنێک پێم خۆش بێ بڕۆم و ئیتر ئەو سنووردارێتییە و بەرگیرانەی جارانم نییە. ساواکیش ناتوانێ وا بە ئاسانی کۆنترۆڵم بکات. کاتێ ئەوان ڕێگایەکمان لێدەگرن، ئاگایان لێ نییە کە ڕێگای ترمان بۆ ئاواڵە دەبێ. هەر بۆیەش ئەم ئازادییە، قەرەبووی ئەو زەرەدە ماڵیی و لە دەستدانی ئیشەکەم دەکا." ئەم وەڵامەی فاتح، لە کاتێکدا کە وەدەسهێنانی ئیش لە شار و مووچەی مانگانە وەرگرتن لە لای خەڵکەوە زۆر بە نرخ دادەنرا، بۆ ئێمە فێرکارانە بوو... ئێمە لامان وابوو کە فاتح بۆ لە دەستدانی ئێشەکەی و بێبەشکرانی لە*

*خزمەتگوزاریيە کۆمەڵایەتییەکان، نارەحەتە، بەڵام بە وەڵامەکەی من و رەئوفی خافڵگیر کرد.* *(لاپەڕەی ١٣٤)*

شاری مەریوان بۆ زۆر کەس وەبیرهێنەرەوەی رۆحی خۆڕاگریی و خەباتی بێ وچان بوو دژ بە زۆردار. بەر لەوەی دەسەلاتی شا بە تەواوی بڕووخێ، شۆڕشگێرانی مەریوان شورای شاریان دامەزراند و ئیدارەکردنی شاریان بە دەستەوە گرت. مەجید حوسێنی چونیەتی دامەزراندنی شورای شار بە وردی بۆ خوێنەر باس دەکات. لە شارەکانی تری کوردستانیش دوای رووخانی شا، شورا دامەزران بەڵام بێجگە لە مەریوان و سنە، لە زۆربەی شارەکاندا رابەری شوراکان بە دەس هێزە کۆنەپارێزەکانەوە بوو. مەریوان لە راستیدا، ئالاهەڵگری




ئەم حەرەکەیە بوو و رابەرەکانیشی کۆمۆنیستە خۆشناو و شۆڕشگیرەکان بوون.

ئاشکرایە کە نازناوی شۆڕشگێربوونی مەریوان بەستراوە بە رابەرە خەباتگێڕ و شۆڕشگێرەکانیەوە. بۆ زۆر کەس

مەریوان و تەنانەت کوردستان هاومانایە لە گەڵ فواد موستەفا سوڵتانی، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و ڕابەرانی کۆمۆنیستی کوردستان. کتێبی **"شارێکی بچووک و خەباتی گەورە"** ئەم وێنەیە گەورەتر دەکا و جەماوەرێکی گەورە لە کۆمۆنیستەکان و خەباتگێرانمان پێ دەناسێنێ کە لە بناغەکانی جوولانەوەی پێشڕەوی سوسیالیست بوون کە لە هەڵکشان و لە رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ جووڵانەوەکانی بورژوایی هاوکاتدا، چ ناسیونالیست و چ ئایینی، دەوری گرینگیان بوو. مەریوان نە هەر یەک فواد بەڵکوو دەیان فوادی لە داوێنی خۆیدا بار هێنا کە ئیتر بە ناوبردنی فیزیکی چەن فواد، نەیدەتوانی بەر بگرێ لە پێشڕەوی ئەو جووڵانەوە سوسیالیستییەی کە قەڵەمبازی دابوو. کۆڕ و کۆمەڵە کۆمۆنیستییەکانی مەریوان تۆمی بەرچاو و بەسۆزی ئەم جوولانەوە نوێیە بوون کە دواتر لە قالبی "کۆمەڵە" دا ئاشکرابوو و بوو بە ئاڵاهەڵگری درێژەپێدانی شۆڕشی ١٣٥٧ لە کوردستانی ئیران.

**"شارێکی بچووک و خەباتی گەورە"** گێڕانەوەیەکی کورتی مێژوویە لەوەی کە لە کوردستان روویدا. ئەم کتێبە مێژووی خەبات لە کوردستان بە گشتی نییە بەڵکوو گۆشەیەکە لەو مێژوویە کە راستەوخۆ پەیوندی هەیە بە مەریوان. خەباتی دژی فیودالی دارسێران و دامەزرانی یەکیەتی جووتیاران بەشێکن لە رووداوە گرنگەکانی کوردستان بەر لە سەرکەوتن و دوای سەرکەوتنی راپەرینی ١٣٥٧. کۆچی جووتیارانی دارسێران لە سەردەمی پاشایەتیدا و کۆچی مێژوویی مەریوان لە ساڵی ١٣٥٨ دا دوو ئەزموونی شۆڕشگێرانەی خەباتی جەماوەرین کە هەردوو بە رابەری کۆمۆنیستەکانی مەریوان سەرکەوتنیان بەخۆوە بینی. کۆچی دارسێران لە سەردەمی دەسەڵاتی شادا رووی دا و ئاغاواتەکانی مەجبوور بە پاشەکشە کرد.

کۆچی مەریوانیش، کۆچی جەماوەریی خەلک بوو لە شار، دژی هەڕەشەکانی ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ دامەزراندنی هێز لە ناوەندی شاردا. شورای شار هەموو تواناکانی خۆی خستە گەر بۆ ئەوەی بەربگرێ بە هاتنە نێو شاری هیزە چەکدارەکانی دەولەت. بۆ ئەم کارە شورا چەندین دانیشتنی لە گەل نوێنەرانی ئوستانداری کوردستان و فەرماندداری شاری مەریوان و فەرماندەکانی ئەرتەش رێکخست. بەڵام ئەم دانیشتنانە سوودێکیان نەبوو و لە ئاخرین دانیشتنی شورا لە گەل نوێنەرانی دەولەت و ئەرتەش، فەرماندەی ئەرتەش زۆر بە روونی هەڵوێستی دەولەت رادەگەیێنێ:

*فەرماندەی پادگانی مەریوان روو بە ئەندامانی شورا وتی: بۆ ئاگاداری ئێوە، لە ئێستا را هەر کات بە پێویستی بزانین دێینە ناو شار و وتووێژ بێ مانایە. ئەمە بڕیارە و ئێمە بە دڵنیاییەوە بەڕێوەی دەبەین. ئەبوو کەریمی لە وەڵامدا بە فەرماندەی پادگانی وت: ئێوە خەریکن بە زمانی هێزەوە لە گەڵ ئێمە دەدوێن. فەرماندەی پادگان بە شێوەیەکی سووکایەتی پێکردنەوە وتی: وایە گیانەکەم، سوپا هەمیشە لە پێگەی هێزەوە قسەدەکا. لەو کاتەدا عەبە دارابی وتی: کەوابێ ئێمەش لە کۆچ کردن لە شار واتر هیچ چارەیەکمان نییە. لە گەڵ بیستنی وشەی کۆچ، دەستەی وتووێژکەری شورا و ئەو خەڵکەی لەوێ بوون، گەشانەوە. لە بریسکەی چاویاندا دیار بوو کە رێگای پێشگیری لە شەڕی زۆرەملییان دۆزیوەتەوە. فەرماندەی پادگان، لە مانای ئەو نیگا کورت و خێرایانەی خەڵک و پەیامە مێژووییەکەی نەدەگەیشت. بە لای ئەوەوە کۆچی خەڵک لە شار شتێکی مەحاڵ بوو. (لاپەرەی ٥٨٤)*


رێکخستنی کۆچ هەر ئەو رۆژە دەستبەجێ دوای رۆیشتنی نوێنەرانی سوپا و ئوستانداری کوردستان لە شوێنی وتووێژەکە، دەستی پێ کرد. ئەم کارە ئەوەندە خێرا بەڕێوە چوو کە تەنانەت، بوو بە هۆی سەرسوڕمانی

ڕێکخەرەکانیشی. ڕۆژی دوایی، بەر لە ڕووناک بوونی هەوا، مەریوان تەقریبەن لە خەڵک چۆڵ بوو.

*بەر لە کۆچ هیچ کەس لەفکری چۆنیەتی دامەزرانی خەڵک لە ئوردووگا و بەڕێوەبردنەکەی، دابینکردنی هێمنی و ئاو و خۆراک، پاک و خاوێنی، سەرپەنا و تاد... نەبوو. ئەوانە هەموو پێویست بوون بەڵام نە کاتی بیرکردنەوە لەوانە بوو و نە لە بەرانبەر ئەو کارەساتەی کە هەڕەشەی لە ژیانی خەڵک دەکرد، ئەولەوییەتیان بوو... بە پێی بڕیاری زووتر لە لایەن فواد، فاتح و عەتا (فواد مستەفا سولتانی، فاتح شێخ، عەتا ڕوستەمی) بەرپرسایەتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئوردووگا بە فاتح سپێردرا. بەڕێوەچوونی لەبار و بەجێی ئوردووگا، زامنی بەردەوامبوونی کۆچ و خۆڕاگری خەڵک بوو. فواد بە فاتحی وت: "سیاسەتی ئێمە بەرەنگارییە. نە خۆ بەدەستەوە دەدەین و نە ڕێگای وتووێژ دەبەستین. ئەگەر بتوانین ٣ ڕۆژ خەڵک لە ئوردووگا ڕاگرین، سوودێکی زۆرمان پێدەبەخشێ بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە شار و بۆ وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی دەوڵەت". عەتا بە فاتحی وت: "هیوای ئێمە بە تۆیە. تەواوی هێزی خۆت بۆ هەڵسووڕانی کارەکانی ئوردووگا بخە گەڕ". بە هۆی ئیعتیباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەک کە فاتح هەیبوو، دەیتوانی بە باشی ئوردووگا بەڕێوە ببا و یەکێتی خەڵکەکە بپارێزێ. (لاپەڕەی ٥٨٧)*

کۆچی مەریوان نە ٣ ڕۆژ بەڵکوو ١٣ ڕۆژی خایاند و بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات. مەجید حوسێنی ئێمە لە گەل لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم حەرەکە جەماوەرییە ئاشنا دەکا کە نە تەنیا خەڵکی مەریوانی بە دەوری خۆیەوە کۆکردەوە بەڵکوو هەموو شارەکانی کوردستانی خرۆشاند و ریزی لە کۆتایی نەهاتووی ڕێپێوانەکانی پشتگیرانەی بەرەو مەریوان لە هەموو کوردستانەوە خستە ڕێ.

کوردستان ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوەی جووڵانەوە لە



*فواد مستەفا سولتانی لە کاتی قسە کردن بۆ بەشداربووانی کۆچی مەریوان....*

یەک جیاوازەکان بوو. لە بەرانبەر جووڵانەوەی سوسیالیستی دا، ناسیونالیسم و ئایین بێدەنگ نەبوون. "مەکتەبی قورئان" بە رابەرایەتی ئەحمەد مفتیزادە، رەوتێکی ئایینیی سوننی بوو کە هەر زوو دەستی خومەینیان ماچ کرد و ئاڵای دژایەتی لە گەڵ

کۆمۆنیستەکانیان هەڵکرد، بە تایبەت لە سنە و مەریوان کە ناوەندی جووڵانەوەی سوسیالیستی بوون. ئەم رەوتە هەم لە باری ماڵی و هەم لە باری چەکدارییەوە لە لایەن دەوڵەت و سپای پاسدارانەوە یارمەتی دەدرا. مەکتەبی قورئان سەرئەنجام لە سەرەتای مانگی پووشپەری (تیر) سالی ۱۳۵۸، بە هاوکاری دەوڵەت مەقەری "ناوەندی پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی" لە خانووبەرە تازەبنیادنراوەکەی ساواک (ئاسایشی سەردەمی شا) لە شاری مەریوان دادەمەزرێنێ و هەر لە سەرەتاوە دەست دەکەن بە ئەزیەت و ئازاری خەڵک و رێگەگرتن و سەیتەرەدانان لە شەقامی بەر مەقەرەکەیان. مەجید حوسێنی بە روونی و بە بەڵگە ئەم هاودەستییەی نێوان "مەکتەبی قورئان" و دەوڵەت ئاشکرا دەکات و پیلانە کۆنەپەرستانەکانیان کە بوو بە هۆی گیانبەختکردنی خەڵکی بێدیفاع و خەباتگێڕان، دەخاتە روو. خەڵک و شورای شار داوای بەستنی مەقەڕەکە دەکەن. چەکدارەکانی ئەم مەقەڕە، رۆژی ۲۳ ی پووشپەر، لە کاتی خۆپیشاندانی جەماوەری خەڵکی مەریوان دژ بە سانسۆر لە ئێران و دژ بە بێحورمەتی پێکردنی دەسەڵاتدارانی حکومەت بە خەڵکی کوردستان، لە شەقامی بەر مەقەڕەکەیان تەقە لە خەڵک دەکەن کە دەبێتە هۆی کوژران و برینداربوونی خۆپیشاندەران. خەڵکی تووڕە و بێزار لە پاسدار، دەسبەجێ هێرش دەکەنە سەر "ناوەندی پاسداران"، ڕاویان دەنێن و مەقەڕەکەیان داگیردەکەن. نووسەر، ئەم تێکهەڵچوون و رووبەڕووبوونەوە کە لە ئەنجامی خۆی دا بوو بە رێگەخۆشکەری کۆچی مێژوویی مەریوان بە وردی دەخاتە بەرچاو.

هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، ناسراو بە "قیادە موەققەت" لەو سەردەمەدا، کە دوای شکستی ئەو جووڵانەوە لە ساڵی ۱۳۵۳ پەنایان هێنابوو بۆ

ئیران، بەشێک بوون لەو هێزانەی کە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، دەستبەجێ پشتیوانی خۆیان لەو حکومەتە راگەیاند. ئەوان هەر بەوە نەوەستان بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر و بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی چەکداری خۆیان، دەستیان کرد بە ڕێگری لە کار و هەڵسوورانی سیاسی هێزەکانی سوسیالیست و رادیکاڵ لە کوردستانی ئیران و مەریوان. **"شارێکی بچووک و خەباتی گەورە"** ئاوڕدەداتەوە سەر ئەم لایەنەش لە رووداوەکانی رابردوو.

بۆ من کە زۆرێک لە کەسایەتییەکانی ناوبراو لەو کتێبەدا دەناسم و شان بە شانیان بۆ دۆنیایەکی باشتر تێکوشاوم، ئەم کتێبە لایەنێکی زۆر بەنرخی تریش بە منی خوێنەر پیشان دەدا. کۆمۆنیستەکان بە گشتی زۆر خاکین و زۆر بە کەمی باسی رۆڵی خۆیان دەکەن وەک تاک لە خەبات و رووداوەکاندا. لەوانەیە بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان لە مەریوان ژیاون و شان بە شانی ئەم کەسایەتییانە جەنگاون، جیگای ئەمانە لە خەباتەکاندا روون بێت. بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە لەوێ نەبوون و ئەو شارەزاییەیان نییە، بەشی راستەقینەی ئەم مرۆڤانە لە خەبات و دەسکەوتەکانی نادیار دەمێنێ. ئەم خاکی بوونە لە نێو کۆمۆنیستەکان دا تا بەر لە مەرگیان، دەبێتە هۆی بێدەنگی لە سەر جێگە و دەوری ئەم کەسایەتییانە لە خەبات و چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا و، بە بڕوای من جێی رەخنەیە. مەجید حوسێنی لەم کتێبەدا ئەم کەسایەتییە کۆمۆنیست و شۆڕشگیرانە کە خۆشبەختانە ئیستاش زۆریان لە ژیاندان، دەناسێنێ.

گێڕانەوەی مێژوو و رووداوە مێژووییەکیان زۆرجار کاردانەوەی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە لە سەر چەندوچۆنی و چۆنیەتی رووداوەکان و دوور و نزیکی لە راستی. ئەمە مەسەلەیەکی ئاساییە

تەنانەت ئەو کاتەی کە گێڕەڕەوەکان لە بۆچوون و تێڕاونینیشیاندا بۆ دونیا و ڕووداوەکان هاودەنگ و هاوڕا بن. ئەم جۆرە جیاوازییانە زیاتر پەیوەندی هەیە بە گۆشە نیگای بینەرەوە. هەرکام لە ئێمە ئیمکانی هەیە گۆشەیەک لە هەمان ڕووداو بێتە بەرچاومان. هیچ کام لە ئێمە هەڵەمان نەکردووە کاتێک کە باسی ڕووداوەکە لە گۆشەنیگای خۆمانەوە دەکەین. لەوانەیە هیچ کام لە ئێمەش نەتوانین هەموو ڕووداوەکە بە تەواوی و پڕبەپڕی خۆی بگێڕینەوە. ئەم جۆرە جیاوازییانە تا ئەو کاتەی قسە لە سەر دەست تێوەردان لە ئەسڵی ڕووداوەکەو هەڵگەڕاندنەوە و گۆڕینی ڕاستییەکان نەبێ، دەبێتە هۆی بەرفراوان کردنی نیگا و زانیاریمان لە سەر مێژوو و ڕووداەکان. بە بڕوای من مەجید حوسێنی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی کوردستان دا وەفادارە بە حەقیقەت. نووسەر چاودێرێکی دەرەکی مێژوو نییە بەلکوو خۆی لە بەشی هەرە زۆری ڕووداوەکاندا وەکوو چالاکوان بەشدار بووە.

**"شارێکی بچووک و خەباتی گەورە"** ڕابردوو بەپیرۆز ناکا. نووسەر ئەوەندەی کە فەخر بە ڕابردووی شۆڕشگێڕانە و کۆمۆنیستی خۆی دەکا، هەر بەو ئەندازەش لە کەموکووڕییەکان و لاوازی و ناکارامەیی تەشکیلاتی و خەباتگێڕانەی ڕەوتەکە و ڕێکخراوەکەی ڕەخنە دەگرێ. ئەو سەبارەت بە بۆچوونی کۆڕە نهێنییەکەی "ناوەندی شار" بەر لە ڕاپەڕینی ١٣٥٧ و تا ماوەیەک دوای ڕاپەڕینیش کە خۆی ئەندامی بوو، بەمجۆرە دەدوێ:

*تێڕوانینی ئێمە لە سەر خۆشەویستی و پەیوەندی ژن و پیاو... ئایینی و پیاوسالارانە بوو. چالاکوانی سیاسی لەمبارەوە دەبوو "پاک" بێت و لەم نیازە سروشتییە خۆی بەدوور ڕاگرێ تا "سەرڕاست" و خۆشەویستی خەڵک بمێنێتەوە... بۆچوونی ئێمە لەوبارەوە دواکەوتووتر بوو لە بۆچوونی*

*خەڵک بەگشتی تەنانەت لە کوێرەدێیەکانیش دا. نەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی و خۆدوورگرتن لە حەزلێکردووییمان بە پرەنسیپ و ڕووڕاستی دانابوو. لە حالێکدا کە هەر لەو کاتەدا، زۆربەی کچان و کوڕانی گەنجی شار و دێ کە سیاسی نەبوون، بۆ گرتنی پەیوەندی خۆشەویستی بە سەر سنوور و تەنگ و چەڵەمەی ئایینی و سوننەتی دا بازیان دەدا... ئەوەی کە کۆڕەکەی ئێمە هەر پیاوانە ماویەوە و هیچ ژنێک نەبوو بە ئەندامی، نیشانەیەکە لەو بۆچوونە. ئەوکاتە گەلێک ژنی چەپ و هەڵسووڕاو لە مەریوان دا هەبوون. بەڵام ڕاکێشان و داوەتکردنی ئەم ژنانە بۆ هەڵسووڕان و خەباتی هاوبەش، هەرگیز نەبوو بە بیرۆکەی باسێک بە لامانەوە... تا ئەو جێگایەی بزانم هەر لەو کاتەدا لە شاری سنە، یەک تا دوو کۆڕی سیاسی تێکەڵاو لە کوڕ و کچ هەبوون. (لاپەڕەی ١٦١)*

ئەم بۆچوونە تەنیا بە سەردەمی



*عەتا روستەمی*

بەر لە ڕاپەڕینی ١٣٥٧ و ئەم کۆڕەوە کە نووسەری کتێبەکە ئەندامی بوو، نەبەسترابۆوە بەڵکوو لە ناو بەشی هەرە زۆری هێزە چەپەکان لە کوردستان دا تا بەر لە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، کەم تا زۆر هەر لە ئارادا بوو.

مەجید حوسێنی بە ڕاشکاوی باسی کەمتەرخەمی لە سەر مەسەلەی خەبات و چالاکی لە سەر ئازادی و مافەکانی ژنان و

جێگەی ژنان لە ناو کۆڕ و کۆمەڵەکانی سۆسیالیستی ئەوکات و دواتری کۆمەلە دەکات و دەڵێت کە ئەوە خەباتی ژنان لە کوردستان و لە ناو کۆمەڵەدا بوو کە خۆی بە سەر کۆمەڵەدا سەپاند و بەرەو پێشەوەی برد. نووسەر خۆی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لە دایک بووە و بە شێوەیەکی روون بۆچوونی پۆپۆلیستی ئەو سەردەمەی شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست دەخاتە بەر چاو، کە بۆ بە جەماوەری بوون دەبوایە شۆڕشگێرەکان وەکوو زەحمەتکێشەکان ببنە زەحمەتکێش و وەکوو ئەوان بژین تا ببنە جێگەی متمانەی خەڵک. ئەو بۆچوونە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو دوای تەواوبوونی دەبیرستان (دواناوەندی) بیرۆکەی کار وەکوو مامۆستا لەسەر دەرکا و نزیکەی دووساڵ کاری فەلایی بکا و لە گەڵ دەرد و رەنجی فەقیری و هەژاری بسازێ.

**"شارێکی بچووک و خەباتی گەورە"** چیرۆکێکی زۆر راستگۆیانە لە ژیان و خەباتی خودی نووسەرە لە مەریوان. ئەو لە کاتی گێڕانەوەی رووداوکاندا هەرچی کە دەیبینێ دەینووسێ، تەنانەت ئەو کاتەی کە لە باری سیاسی لەوانەیە بە قازانجی رێکخراوەکانی رەقیب تەواو بێت. بۆ ئەو باسکردن لە چریکەکانی فیدایی خەڵک، یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئیران، پەیکار... و دەوریان لە رووداوە جۆراوجۆرەکاندا، شتێکی ئاساییە. ئەو بە ئاشکرا لایەنگیری فەزای ئاواڵەی سیاسییە کە کۆڕ و کۆمەڵەکانی کۆمۆنیستی مەریوان ساڵەها بەر لە رووخانی رژێمی پاشایەتی و دواتریش لە گەڵ رسکان و گەشەکردنی "کۆمەڵە" بە دوای راپەڕینی ١٣٥٧، پێی پابەند بوون.

هەروەک وترا مەجید حوسێنی، خۆی شایەتێکی زیندووی چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی جووڵانەوەی سوسیالیستی و کۆمەڵەیە لە کوردستان. ئەو

هەرچەند خۆی لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبوو بەڵام لە نزیکەوە لە گەڵ ئەو هاوڕێیانە بووە و ئاگاداری گۆڕانکارییەکان و پرۆسەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵە بووە. هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی یەکەم بەرەنگاری چەکدارانە دژی کۆماری ئیسلامی، پەیوەست بوو بە ریزەکانی کۆمەڵە و دوای دەست پێکرانی دەوری دووەمی بەرەنگای چەکداریی لە بەهاری ١٣٥٩ دا بوو بە ئەندامی کۆمەڵە. بە بڕاوی من ئەم کتێبە باشترین کتێبێکە کە تا ئیستا لەوبارەوە نووسراوە. زمانی کتێبەکە زمانێکی سادە و رەوانە. تێکەڵاوێتی چیرۆک و مێژوو و خەباتی سیاسی نە تەنیا ئەم کتێبەی لاواز نەکردووە بەلکوو خاڵێکی بەهیزیەتی. ئەگەر لە دووپات بوونەوەی شیکردنەوە سیاسییەکان لە کتێبەکەدا چاوپۆشی بکەین، **"شارێکی بچووک و خەباتی گەورە"** بەرهەمێکی بەنرخە بۆ پیشاندانی چۆنیەتی گەشەکردن و هەڵکشانی جووڵانەوەی سوسیالیستی لە کوردستاندا بەر لە راپەرینی ١٣٥٧ و دواییش تا رووخانی شا و دەسپێکردنی دەوری دووەمی بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانە لە کوردستان دژی کۆماری ئیسلامی ئیران لە بەهاری ١٣٥٩. خوێندنەوەی ئەم کتێبە لە قووڵایی دڵەوە پێشنیار دەکەم بە تەواوی ئەو کەسانەی کە دەربەستی بینینی وێنەیەکی ڕووراست لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی شۆرشی ١٣٥٧ لە ئیرانن لە ڕوانگەی شارێکی بچووک بە ناوی مەریوان و دواتر بەردەوامبوونی شۆڕشەکەن لە کوردستانی شۆڕشگێردا.

هیوادارم ئەم کتێبە بەنرخە بە کوردیش وەرگێڕدرێ تا جەماوەری کورد لە کوردستانی عیراقیش لێی بەهرەمەند بن. بۆ وەدستهێنانی ئەم کتێبە دەتوانن راستەوخۆ پەیوەندی بە ناوەندی هاناوە بگرن.

☆



**پاشماوەی:** *ڕۆژی جیهانی فەلسەفە*

لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، یان کۆتایی ئازاربەخشیان هەبووە. **ئەپیکۆرس** ئایدیای ئیلاهی بەرجەستەی ڕەت کرووەتەوە. لە واقعدا درکی بە کاروباری مرۆڤایەتی کردووە. **ئەپیکۆرس** لەخێزانێکی هەژار لە ئەثینای کۆلۆنیالیستی لە دورگەی سامۆس لەدایک بووە. زۆربەی کاتەکانی ژیانی بەدەست نەخۆشییەوە ناڵاندوویەتی.

ئەم تابلۆ شاکارە کۆپی هەیە لە زانکۆی ڤیرجینیا و کۆلۆرادۆی ئەمریکاو ڤییەنا و کالینینگراد ی ڕوسیا و پاریس و سەقارە لە شاری ئەلکساندەرییە لە میسر.

## سەرچاوە:


1- https://en.wikipedia.org/wiki/The-School-of Athens

2- The Story Behind Raphael's Masterpiece 'The School of Athens' (mymodernmet.com)

3- https://www.youtube.com/watch?v=uvY3VWe4O4k

4- https://www.youtube.com/watch?v=VDiyQub6vpw

5- https://www.youtube.com/watch?v=csIW4W_DYX4

6- https://www.youtube.com/watch?v=PyhVZ89GdGw

7- https://en.wikipedia.org/wiki/The_School_of_Athens


☆

# ئەزموونم لەگەڵ (وەرگێڕان) دا

نووسینی:

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

## سەرەتایەکی کورت

*ئەگەر وەرگێڕ ئەو کارەی کە دەبێت بیکات، بەوجۆرە ئەنجام بدا کە لەسەریەتی. ئەوا دەبێتە دەستکەوت بۆ مرۆڤایەتی. بەپێچەوانەوە دەبێت بە دووژمنی خەڵک و کۆمەڵگە. (مگێل سەینز)*[1]

لەم گۆشەنیگایەی کە مگێل سەینزی زمانناس و وەرگێڕی ئیسپانیی پڕۆسەی وەرگێران دیاری دەکات،پڕ بەرپرسیارترین پرس دەخاتە ئەستۆی وەرگێرکاران. بەواتای ئەوەی یان ئەوەتا وەرگێڕ دەبێت پڕۆسەی وەرگێران چ ئەرکێک دەخاتە سەر شانی بەوجۆرە ئەنجامی بدات. لێرەوە دەبینین کە وەرگێران بەرپرسیارێتییەکی ئەدەبیی و مێژوویی و مەعریفییە و وەرگێڕیش دەبێت لەو ئاستەدا بێت کە کاری وەرگێرانەکەی لەئاست پێشبینی خوێنەران و ئەنستیۆتە مەعریفییەکاندا بێت. ئەگەر نا ئەوا لەبری دەستکەوت بۆ مرۆڤایەتی، ئیش و ماندووبوونەکەی دەبێتە سەرئێشە بۆ خەڵک و کۆمەڵگە. منیش وەک شاعیر و نووسەر



لەئاستانەی ئەم دیدگایەی مگێڵەوە دەمەوێت گەشتێک بەناو کارە وەرگێرانەکانمدا بکەم و هەڵوەستەیان لەسەر بکەم و ئینجا وەک ڕەخنەگرێک خۆم ببینم و بزانم کە ئایا من وەرگێڕم یان نا؟

ئایا ئەوەی کە تا ئێستا کردوومە دەچنە چ خانەیەکەوە. خزمەت یان دژە خزمەت؟[٢]

لەگەڵ دەستپێکی خوێندنەوەم، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەردەوام بابەتی وەرگێڕدراویشم دەخوێندەوە و تینووی ئەوە بووم بزانم خەڵکانی تر لەگۆشە جیاجیاکانی سەر ئەم هەسارەیە چی دەنووسن و چۆن دەنووسن؟ ئەدەبی بیانی بۆ من جێی سەرنج بوو. لەوەش گرنگتر بەلامەوە وەرگێڕەکە بوو. حەزم دەکرد بزانم ئەو وەرگێڕە کێیە و باکگراوندی چیبووە و چۆن دەڕوانێتە دونیا و دەوروبەر و ژیان. دوای ماوەیەک لە قاڵبوونەوەم لەنێو خوێندنەوەدا، ئیتر بۆم دەرکەوت کە بە بێ شارەزایی لە بزووتنەوەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی بیانی، ناکرێت باس لە ئەدەب و بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی و بەرەوپێشچوونی بکرێت. لە دەیەی هەشتاکان دوو هۆکاری گرنگ هەبوون تا بتوانم وەکو دەروازەیەک لێوەیان بڕوانمە جیهانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی دەرەوەی کوردستانی عێراق.


**یەک:** فێربوونی زمانی عەرەبی. ئەویش بەپێی ئەوەی لە شارێکی فرەنەتەوەی وەکو کەرکووک کە خوێندنیش ببووە زمانی عەرەبی، نەدەکرا ئەو زمانە فێر نەبم. دەستوپەنجەنەرمکردن لەگەڵ زمانی عەرەبی بایەخی حەیاتیی هەبوو بۆ من و زۆرێک وەکو من.

**دوو:** وەرگێڕانی بەردەوامی بابەت و نووسین لە زمانەکانی جیهانەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەیان لەڕێگەی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەوکات.

زمانی عەرەبی بۆ من دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ ئاشنابوون بە ئەدەب و فەرهەنگی عەرەبی و بیانی. لەڕێگەی ئەو زمانەوە بەردەوام گۆڤاری الاداب الاجنبية کە تایبەت بوو بە ئەدەب و ڕۆشنبیریی بیانی دەمخوێندەوە. کتێبی (ازاهیر من الشعر العالمي

المعاصر) و کتێبەکانی جبرا ئیبراهیم جبرا و جۆرج تەرابیشی و گۆڤارەکانی وەکو الثقافةالجدیدة و العربي و الاقلام و الاداب و ..تاد بوونە هەوێنی ئاشنابوونی من بە جیهانی ئەدەب و فیکری بیانی. لەنێو ئەدەبی کوردیشدا جەلال دەباغ و عەزیز گەردی و شوکور مستەفا و عەبدوڵا حەسەنزادە و کەریمی حیسامی و.. تاد ڕیزبەندی ئەو وەرگێرە بەتوانایانە بوون کە کایەی وەرگێڕانیان لە دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان گەیاندبۆوە ئاستێکی بەرز. بڵاوکراوەی (ئەدەبی بێگانان) کە مامۆستا عەزیز گەردی سەرپەرشتی دەکرد، ڕۆڵێکی جوان و گەورەی گێڕا لەبردنەپێشەوەی کایەی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا.[٣]

زمان و وەرگێڕان ئەو کلیلە گرنگە بوون کە دەروازەی ئاشنابوونیمیان بە ئەدەبی بیانی بۆ خستمە سەر پشت، من گەرچی لە قوتابخانە، قوتابییەکی سەرووی مامناوەندی بووم، بەڵام لە




وانەکانی زماندا باش نەبووم. لە ئەدەب تا بڵێی باش بووم، وەلێ لە ڕێزمان و قەواعید و گرامەردا نمرەکانم لەخوارەوە بوون و ئێستاش لە گرامەر و قەواعید و ڕێزمان خراپم. یەکێک لە مەرجەکانی فێربوونی زمان و زاڵبوون بەسەر زمان، ڕێزمانەکەیەتی، کە بەداخەوە من باش نەبووم و نیم لێی. ئەڵێم باش نەبووم و نیم نەک خراپ. بەهەرحاڵ زمانی عەرەبی، کە دووەم زمان بوو پێم دەخوێندەوە،

بوو بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی باڵاکردنی مەعریفە و ڕۆشنبیریم. لەگەڵ خوێندنەوە و قاڵبوونەوەی زیاترم لەناو خوێندنەوەدا، زمانە عەرەبییەکەشم باشتر و باڵاتر دەبوو. بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونم لە زمانی عەرەبیدا تا دوای تەواوکردنی خوێندن، دەستم بۆ وەرگێڕان نەبرد. بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٨٨ەوە دەستم دایە وەرگێڕان کە لەزمانی عەرەبییەوە وەرم دەگێڕان.

## ئەزموونی یەکەمم لە وەرگێڕان، ١٩٨٨ تا ١٩٩١

کاتێک لەساڵی ١٩٨٧ کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان دامەزراند، من ساڵێک بوو پەیمانگای تەکنەلۆجیای کەرکووکم تەواو کردبوو. زمانی عەرەبییەکەم تا بڵێی باش بوو. بێ کێشە دەمخوێندەوە و دەمنووسی. ئەو سەردەمەش ١٩٨٧ تا ١٩٩١ جگە لە خوێندنەوەی کلاسیکی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس




گوڵە مۆرەکان، چیرۆک بۆ منداڵان، یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک، ٢٠٠٦

بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی ئەدەب بووم. لە نێو کار و چالاکییەکانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست یەکەم کەس کە دەستی بۆ وەرگێڕان برد، هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) بوو کە چەند نووسینێکی لینینی لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی. دوای جیابوونەوەی هاوڕێ نەوزاد لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەساڵی ١٩٨٨، ئیتر هەستمان بە بۆشاییەک دەکرد

لەبــواری وەرگــێــرانــدا. تــاکە زمــانــێــکــیــش کە دەســەڵاتــمــان بەسەریدا دەشکا، زمانی عەرەبی بوو.من لەو سەردەمە ژمارەیەک شــیــعــری بــرتــۆڵــد بــریــشــتــم لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کـوردی. ئەو شـیـعـرانەشـم لە نامیلکەیەکی بەدەست نووسراودا لەژێــر نــاوی (دیــوارەکــان دەڕووخێنین) بە ئیمزای دلاوەر حوسێن بڵاو کردەوە.[٤] ئەمە یەکەم ئەزمــوونــی وەرگــێــڕانــم بــوو بەبــێــئەوەی هــیــچ لە بــنەمــا زانستییەکانی وەرگێران بزانم یان ئاشنابم پێیان. هەرچەند بەداخەوە ئەو وەرگێرانانە لەبەردەستدا نین، بەڵام وەک یەکەمـیـن ئەزمـوونـم پشـکـێـکـی بـچـووکـی شـانـازی لەمــێــژووی خەبــاتــی مــنــیــان بەردەکەوێت. من ئێستا دەڵێم کە ئەو تەرجەمانە لە زمانی دووەمەوە بــووە، بەدڵــنــیــایــیەوە بــاش نەبوونە،بەتایبەتیش شیعر کە غەدرە لە زمـــانـــی یەکەمەوە تەرجەمە نەکرێت. وەرگێرانی شیعر لە زمانی دوو یان سێیەم دەبێتە کارەسات و لەدەستدانی بەشێکی گرنگی بونیادی دەقەکە بەتایبەتی خەیاڵ و ڕیتم و وێنە.

## ئەزموونی دووەمم لە وەرگێڕان، ٢٠٠٢ تا ئەمڕۆ

دوای ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١، خوێندنەوەم بەزمانی عەرەبی کەم بۆوە تا ئاستێک کە زۆر بە کەمی بەکارم دەهێنا و ئینجا دەرچوونم لە کوردستان و چوونم بۆ تورکیا و لەوێشەوە بەرەو وڵاتی کەنەدا و تا ئەمڕۆش فۆکسی زۆرم لەسەر زمانی ئینگلیزییە نەک عەرەبی. زمانی ئینگلیزییش نەک هەر ئاسان نییە، بگرە زۆر قورسە بەڕادەیەک کە بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە کەسێک بڵێت من ئینگلیزی دەزانم. هەرچۆنێک بێت دوای چەند ساڵێک لە کەنەدا کەوتمە خۆتاقیکردنەوە لە وەرگێراندا. بە سێ شت دەستم پێکرد. سەرەتا بە وەرگێرانی چیرۆکی منداڵان. دوایش بە وەرگێڕانی شیعر و شانۆ.

نە سەلیقەی خۆم و نە

پۆتانشیاڵی زمانی ئینگلیزیم ڕێیان نەدام خۆم لە قەرەی وەرگێرانی ڕۆمانی ئینگلیزی بدەم، گەرچی چەندجار هاوڕێیانێک ئەو پێشنیارەیان بۆ کردووم، منیش بەوپەڕی سادەییەوە وتوومە ناتوانم ئەو کارە بکەم. ساڵی ٢٠٠٥ چەند دانە لە چیرۆکی منالانم وەرگێرایە سەر زمانی کوردی و ناوم نا (گوڵە مۆرەکان) کە دواتر یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک بۆیان چاپ کردم. ساڵی ٢٠٠٨یش بەڕێوەبەرایەتی هونەری و ڕۆشنبیریی سلێمانی سەر بە وەزارەتی حکومەتی هەرێم، کتێبێکی تریان بەناوی لۆلا و سەگەکەی بۆ چاپ کردم کە هەر چیرۆکی منداڵان بوو و تەرجەمەم کردبوو. لەبواری شیعریش کۆمەڵی شیعری نەیتیڤی کەنەدییم وەرگێرا و لەگەڵ هەندێ شیعری تردا لە کتێبێکدا بەناوی (بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ) کە دەزگای ئاراس بۆی چاپ کردم بلاو بۆوە. دوای ئەوەش کۆمەڵێ شیعری ترم وەرگێرایە سەر زمانی کوردی و لە کتێبێکدا بەناوی (ئەڵاس) کە هەر دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠٠٨ چاپ و بڵاوی کردەوە. لەبواری شانۆش سەرەتا بە وەرگێرانی کتێبێک بەناوی (ئاکشن) کە دوانزە شانۆگەری کورتی مێرمنداڵانەیە و ساڵی ٢٠٠٩ دەزگای ئاراس چاپی کردووە. ساڵی ٢٠١٢ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کتێبێکی وەرگێردراوی منیان چاپ و بڵاو کردەوە بە ناوی (چواردە شانۆنامە و هەشت گفتوگۆ)، ساڵی ٢٠٠٩ش شانۆنامەی (دڵی سەرباز) وەک پرۆژەی وەرگێرانی شانۆی جیهانی کە هاوڕێ دانا ڕەئوف سەرپەرشتی دەکرد چاپ و بڵاو بۆوە.جگە لەمانەش چەند کاری تری وەرگێرانم کردووە و ئامادەن بۆ چاپ وەکوو:

**یەک:** پاسارییەک گشت سبەینان دەڵی سڵاو، چیرۆک بۆ منداڵان

**دوو:** پشوو لە بناری گڕکاندا، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان

**سێ:** دوو شانۆنامەی مارینا ئیرینا فۆرنێس




*بیابانێکی پڕ لە دووکەڵ، شیعر، وەرگێڕان، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦*

**چوار:** شانۆنامەی پانزە چرکە


**پێنج:** خانمەکەی نێو ئەم شیعرە، چەردەیەک لە شیعری بیانیی[٥]

کاتێک کە لە کرۆنۆلۆژیای کار و چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆم دەڕوانم، دەبینم بەشێکی بەرچاویان وەرگێڕانە لە زمانی ئینگلیزییەوە کە نزیک بە پانزە کتێبی وەرگێڕانە. جێی خۆیەتی بپرسم کە ئاخۆ من لە کوێی زمانی ئینگلیزیدا وەستاوم؟ ئایا من ئینگلیزی دەزانم؟ بەدڵنیاییەوە دەڵێم نەخێر! ئەم وەڵامەم لە بێمتمانەییەوە نییە بەخۆم، بەڵکو لە ترسی بەرپرسیارێتی مێژووییەوەیە دەڵێم نایزانم. من زمانی ئینگلیزییەکەم بەدڵی خۆم نییە و هەردەم وا هەست دەکەم کە زمانی ئینگلیزی نازانم. هەمیشە ئەو هەستەم هەیە کە دەرەقەتی ئەو زمانە نایەم. بەڵام ناشی شارمەوە کە زمانەکەم زۆر لەزمانی هەندێ وەرگێڕی کورد باڵاتر و باشترە کە دەیان کتێبیان وەرگێڕاوە. زۆر لە زمانی ئەو وەرگێڕکارانە باشترە کە فیلم و گۆرانی و شتی لەوجۆرە وەردەگێڕن و سەبتایتڵی کوردی دەکەن.

## دانپیانان و ڕەخنە لەخۆگرتن

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەییم لە کەنەدا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی دبلۆمی ئامادەیی، زۆرم

هەوڵدا بچم وەرگێران بخوێنم. دوای گەڕان و سۆراخ بۆم دەرکەوت کە بابەتی خوێندنی وەرگێران لە زانکۆکانی بریتیش کۆڵۆمبیا لە دەیەی نەوەدەکانەوە هەڵگیراوە. ئیتر برێک سارد بوومەوە و تووشی نائومێدی بووم.[٦] لەم دەستپێکەوە کەوتمە شوێن فێربوون و تێگەیشتن لە هونەری وەرگێران. لەپاڵ ئەمەش بەردەوام بووم لەکاری وەرگێرانی شیعر و شانۆ. بۆیە دوای دەیەیەک لە هەوڵی جیددی لەبواری وەرگێراندا لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، دەتوانم بڵێم کە دانپیانان و ڕەخنە لەخۆگرتنم بەمانای ترس و بۆ بەکەمزانین نییە، بەڵکو نیشانەی جیددیبوونی منە. من دانی پیا دەنێم کە وەرگێرانەکانی سەرەتام بێ هەڵە و کەموکوری نەبوونە. گرنگترین دانپیانانی من ئەوەیە کە زمانی ئینگلیزم لەوەها ئاستێکدا نییە کە دڵم پێی خۆش بێت، یان لێی ڕازی بم. من پێموایە نەوەی دووەم لەم وڵاتانە کە هەر لە باخچەی ساواییانەوە بە زمانی ئینگلیزی گۆش دەکرێن و زمانەکەیان ڕەوان و بەهێزە، شایانی دەستدانە وەرگێرانیان هەیە کەبەداخەوەش ئەو نەوەیە یان کوردی نازانن یانیش کوردی دەزانن بەڵام بایەخی ئەدەب و وەرگێرانیان لا ڕوون نییە و دەست بۆ وەها کارێک نابەن. بۆیە بەناچار نەوەی یەکەم کاری وەرگێران دەکات. من بەش بەحاڵی خۆم لە وەرگێرانەکانمدا هەڵەم کردووە لە




ئەڵاس، چەردەیەک لە شیعری بیانیی، وەرگێڕان، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧

وەرگێرانی ناو و ناوی شوێن، هەڵەم کردووە لە وەرگێرانی ڕستە و فرەیز، هەڵەم کردووە لە گەیاندنی مانا و مەبەست. بەڵام پرۆسەی وەرگێران، پرۆسەیەکی ورد و بەدیقەتە و لەبنچینەدا هەر ئاڵوگۆڕ نییە لەنێوان دوو زماندا، بەڵکو ئاڵوگۆڕە لەنێوان کلتووردا. ئەزموونی وەرگێران لای من جیاوازە وەک لە وەرگێڕێکی تر. بەشێک لە وەرگێرەکان سوود لە تەکنیکی نوێ وەردەگرن و بابەتەکانیان دەخەنە سەر کۆمپیوتەر و ئینجا بەڕێگەی هەندێک بەرنامەوە بە خێرایی کاری وەرگێرانەکانیان دەکەن. لای من بەوجۆرە نییە و پرۆسەی وەرگێرانی دەقێک درێژە و بەسوودوەرگرتن لە فەرهەنگ یان قاموس کارەکەم ئەنجام دەدەم. من دەقی جۆراوجۆرم وەرگێراوە. دەق هەبووە هیچ پەیوەندییەکی بە باوەری منەوە نەبووە و تەرجەمەشم کردووە بەتایبەتی کە لایەنی هونەریم پێ جوان بووە. هیچ بەلامەوە گرنگ نییە لە نووسینێکدا وشەیەک هەڵە بکەم یان دەستەواژەیەک دروست گوزارشت لە دۆخی خۆی نەکات. من هەوڵ ئەدەم تا دەتوانم ورد و ڕوون کاری وەرگێران بکەم، بەڵام کاتێکیش زمانی هەژاری کوردی وشەی گونجاوی بەردەست نییە، یانیش من بێئاگایانە هەڵەیەک دەکەم، ئەمە نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی تەواوی دەقە گرنگەکە.

## نازانم وەرگێڕم یان نا، بەڵام خۆم بە وەرگێڕ دانانێم!

دوای وەرگێڕانی نزیک بە یازدە کتێب لە بوارەکانی چیرۆک بۆ منداڵان و شیعر و شانۆ، دوای ئەوەی چەندجار دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان وەکو وەرگێڕێک قسەم کردووە و باسی ئاریشەکانی وەرگێرانم کردووە لە کوردستان،پێمخۆش بێت یان نا بە وەرگێڕیش ناوم دەبەن، بەڵام من

خۆم بە وەرگێڕ نازانم. من وەرگێڕ نیم، بەڵکو عاشقێکی ئەدەبی بیانیم، خوێنەرێکی ئەدەبی مرۆڤگەلێکی ترم کە لە گۆشە جیاجیاکانی سەر ئەم هەسارەیە گوزارشت لە خۆیان و خەیاڵی خۆیان دەکەن. من خۆم بە وەرگێڕ نازانم بەڵام ناشتوانم خۆم لەقەرەی وەرگێڕان نەدەم، چونکە ئەو بابەتانەی من خەریکیانم و پێموایە بۆ ئەمڕۆی بزووتنەوەی ئەدەبی و خوێنەری ئەمڕۆ پێویست و گرنگن، زۆر کەم کەس دەستی بۆ دەبەن و لەلایەن زۆرینەی نووسەران و وەرگێڕکارانەوە جێی بایەخ نین. بەڵی من بایەخ بە ئەدەب و کلتووری کرێکاریی و سۆشیالیستیی دەدەم و تێدەکۆشم ئەو کلتوورە بخەمە بەرچاو و بیناسێنم و بەرەوپێشی بەرم.[٧] لەنێو هەناوی ئەو کلتوورە گەورەیەدا سەدان نووسەر و ئەدیب و ڕۆشنبیر هەن کە سەرتاپا ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ کێشە و خەمە چینایەتییەکانی مرۆڤایەتی. ئەم کەلەپوورە بۆ




شانۆنامە و گفتوگۆ، ١٤ شانۆنامە و ٨ گفتوگۆ ، وەرگێڕان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢

ئێمەی سۆشیالیست گرنگە و بۆیەش من دەستی بۆ دەبەم و بەپێی شارەزایی خۆم جارجار وەریان دەگێڕم. من ئەگەر دڵنیاش بم لە سەدا سەد لە وەرگێرانەکانمدا سەرکەوتوو نەبوومە، سارد نابمەوە لەو نەخشەیەی کە لەمێشکی خۆمدا کێشاومە. هەورەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە وەرگێڕانی هیچ

کەسێک کتومت لە وەرگێرانی کەسێکی تر ناچێت، با بابەتی وەرگێرانەکەشیان یەک بێت. نموونەیەک دێنمەوە شیعرێکی سەلیم بەرەکات یان شیعرێکی رۆبەرت فرۆست بدەرە سێ وەرگێری بەتوانا و شارەزای کورد، دەبینی سێ وەرگێرانی جیاواز بەڵام نزیک لەیەکت دەدەنە دەست. چونکە هیچ دەقێکی وەرگێردراو نییە کتومت دەقە ئۆریجیناڵەکە بێت.

## ئەنجام

سەرەنجام وەرگێران و پرۆسەی وەرگێران هەرچییەک بن و چ شوناس و پێناسەیەک لەخۆ بگرن،هەر ئەو رۆڵە دەگێرن کە پەیامی کۆمەڵایەتی خودی دەقەکان و باکگراوندی وەرگێر و نووسەرەکان هێڵەکانی بۆ دیاری دەکەن. گرنگی ئەم هونەرە لەوەدایە کە دەتوانێت لێکهەپێکرانی کلتووری و مەعریفەیی لەنێوان دوو کلتوور و دوو کایەی رۆشنبیری و دوو ئینسکۆپیدیای جیاواز پێک بهێنێت. ئەزموونی منیش وەکو نووسەرێک سەرەتا بێ هیچ بناغەیەکی زانستی دەستم پێکرد و دوواتریش هەوڵمدا خۆم پەروەردە بکەم و لەم رێگەیەشەوە نزیک بە ژمارەیەک بەرهەمم چاپ و بڵاو کردەوە. کاتێکیش ئاورِ لەو مێژووە دەدەمەوە و رەخنە لەخۆم دەگرم لەلایەکەوە جوان کەم و کورییەکانی خۆم دەبینم، لەلایەکی تریشەوە گەرچی خۆم وەک وەرگێر ناناسێنم، بەڵام شانازیش بە کارەکانمەوە دەکەم و هەوڵیش دەدەم درێژە بە کارەکانم بدەم.

☆

## پەراوێزەکان:

(١) بروانە سایتی رایەڵەی کلتوورەکان

https://culturesconnection.com/20-/quotes-about-translation

(٢) من تا ئەم ساتەی ئەم ئەزموونە دەنووسم و دەگێرمەوە هەشت بەرهەمی وەرگێرانم بڵاو بوونەتەوە.

یەکەمیان کۆمەڵێک لە شیعرەکانی برتۆڵد بریێشت بوو لە ژێر ناوی (دیوارەکان دەڕووخێنین) و بە ئیمزای دلاوەر حوسێن لەبڵاوکراوەکانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ساڵی ١٩٩٠ بە دەستنووس بڵاو بۆوە. حەوت بەرهەمیش کە وێنەی بەرگەکانیانم لەگەڵ ئەم نووسینە داناوە و سێ دانەی تریشم ئامادەی چاپن. واتە کۆی بەرهەمە بڵاوکراوەکانم بە کتێب یانزە کتێبن.

(٣) بڵاوکراوەی ئەدەبی بێگانان کە بەسەرپەرشتی مامۆستا عەزیز گەردی هاتە بڵاوکردنەوە تا ئەو جێگەیەی ئاگادار بم پێنج بەشی لێ بڵاوبۆتەوە.

(٤) شیعرەکانی نێو ئەم نامیلکە دەستنووسە لە کتێبی (قصائد من برتولت بريخت ترجمة و تقديم دكتور عبدالغفار مكاوي دار الكاتب العربي الطباعة و النشر بالقاهرة ١٩٦٧)ەوە وەرم گێڕابوون.

(٥) ئەم کتێبانەم ئامادەن بۆ چاپ و هەوڵ ئەدەم چاپیان بکەم ئەگەر دەزگایەک ئامادە بێت چاپیان بکات.

(٦) هەرچەند لەزانکۆکان وانەکانی وەرگێران هەڵگیرابوون، بەڵام لەکۆلێجەکان بەشێوەی کورت و شێوازی جیاجیا دەخوێنرێن کە بۆ من دەمزانی ناتوانن تینوێتیم بشکێنن. بۆیە خۆم کەوتمە پەیداکردنی سەرچاوە و کتێب بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و خۆ دەوڵەمەندکردن بە پرسی وەرگێران و بنەماکانی وەرگێران.

(٧) لێرەدا نابێت ڕۆڵ و کاریگەری وەرگێڕانەکانی دارالتقدم – موسکۆ لەبەرچاو نەگرین کە بەڕاستی لە دەیەی شەستەکان و حەفتاکان و تەنانەت تا کۆتایی هەشتاکانیش، واتە تا سەردەمی پێرسترۆیکا جوانترین ڕۆڵی پۆزەتیڤیان گێرا لە بردنەپێشەوەی ئەدەبیاتی چەپ و ئەدەبیاتی سەر بە ڕێبازی شۆشیالیزمی ستالینی و هەروەها وەرگێرانەکانی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس. وەرگێرانەکانی دارالتقدم هەمیشە لیژنەیەک پێی هەڵدەستان و پیاچوونەوەیان بۆ دەکرد و بۆیە وەرگێرانەکانیان تابلێی جوان و پاک و بێهەڵە بوو.

★


# شیعره بڵاونەکراوەکانی قانع

نووسینی:
موسلیح ڕێبوار

مامۆستا قانع، کەسایەتیەکی تایبەت بوو. منداڵی و لاوی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە مەریوان و بانە و شاربازێڕ، رابورد؛ ساڵە پڕبەرهەمەکانی، زیاتر دەکەوێتە پاش شەڕی جیهانی دووەم یان بڵێین، بیست ساڵی کۆتایی ژیانی؛ سەردەمێک کە بانگەواز و دەنگدانەوەی سۆسیالیزم و شۆڕشی سۆسیالیستی گەیشتبووە کوردستانیش کە هێشتا لە سەرەتاکانی سەرمایەدارییەکی کز و مەفلووکدا بوو؛ سەرمایەدارییەک کە ژێرچەپۆکەی ئیمپریالیزم و پاشماوەی دەرەبەگایەتیش بوو! ئەم ڕاستییانە، لە شیعرەکانی قانعیشدا ڕەنگی ئەدایەوە:

"گوێگرە؛ قانوونی سۆشیالیستی دەنگی دایەوە
رۆژی مەرگت زۆر نزیکە؛ ئەو دەنگە یاسینتە!
...
دەستی ئیستیعمارە هیز و کۆمەک و پەرژینتە!"

مەبەست لەم نووسینە،




لیکۆڵینەوەی شیعرەکانی قانع نییە کە چەندە باسی یەکگرتنی کرێکاران و جووتیاران دەکا و ڕێگای "لێنین" دەنێتە پێش پێیان؛ مەبەست سەرنج دانێکە لەو شیعرانەی لە دیوانەکەی بەجێ ماون؛ وادیارە دەستی قەسدێکیش ئەو شیعرانەی، بەتایبەت، پشتگوێ خستووە کە بە ڕاشکاوی، دژ بە ئائین بوون، لەئارادا بووە!

دیوانەکانی، هەر لە سەرەتای ١٩٥٠کانەوە، چاپ دەبوون بەڵام کۆبەرهەمی شیعرەکانی لە "دیوانە"کەیدا کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا چاپ دەکران، هاتوون؛ تەنانەت لەوێشدا، هەندێک لە شیعرەکانی نەهاتوون یان ڕنگە پشتگوێ خرابن! ئاخر-بەرهەمیک کەمن دیبێتم، چاپی چوارەمی دیوانەکەیە، دەرچووی ساڵی ٢٠٠١ کە هێشتا گەلێک لە شیعرەکانی قانعی لێ بەجێماون.

من، ئاگاداری چاپی تازەتر و پێداچوونەوەیەک کە شیعری لێ زیاد بووبێ، نیم؛ بەڵام ئەم "چاپی چوارەم"ە، هەندێک ناتەواوی هەیە کە جێی سەرنجن. ئەوەی من لەبیرمە و لێرەدا نەهاتووە، هێند بەئاشکرا، گاڵتە بە ئائینیشی تێدایە کە جێگای ئەو سەرنجە دێڵنەوە کە لەوانەیە ئامادەگەرانی دیوانەکە، لەبەر سڵ کردن لە ئائین-پارێزان یان هەر هۆیەکی تایبەت، ئەو شیعرانەیان پشت گوێ خستبێ!

ئەوەی توانا بەمن دەدا کە ئەم ئیدیعایە بکەم، ئەوەیە کە قانع، هاووڵاتی و لەوەش نزیکتر، دۆست و ناسراوی بابم و کەس وکار و نزیکانی من بووە و هات وچۆی ماڵمانی دەکرد.

ئەو، گەرچی بەتەمەن، نیوە سەدەیەک لەمن بەعومرتر بوو بەڵام چونکو ئامەشۆی ماڵی ئێمەی لە مەریوان، ئەکرد، من بیرەوەری ڕاستەوخۆم لێی هەیە. قانیع، بە تەمەن، هەندێک لە بابیشم بەعومرتر بوو بەڵام هاودەورە و ڕەفیق بوون. لە بیرم دێ دەهاتە



ماڵمان و لەگەل باوکم شیعریان دەخویندەوە و گاڵتەیان بە شێخ و مەلا و خان و ئاغاواتی مەریوان دەکرد کە ناخۆشیان دەویستن. ئێمەش، من و خوشک و براکانم، گوێمان لێ دەبوو، شیعرەکانمان لەبەر دەکرد و هەندێک جاریش، بە کتێب و نووسراوە دەمان خوێندنەوە. بۆیە، دەتوانم هەندێک شیعری ئەو شاعیرەم لەبیر بێ کە لە شوێنیتر نەمدیبێ!

ئەوەی ئێستا، بتوانم باسەکەی پێ دامەرزینم، شیعرێکە بەناوی "کار کەناری میکایل" کە لە لاپەڕەی ٤١٠ ی ئەم چاپەی دیوانەکەیدا، بەناتەواوی هاتووە!

ناتەواویەکەش، بەشە دژ-بەئائینەکەی و تیتاڵی کردنییە بە خودا و بە دادپەروەری خودا کە بە بێ هیچ روونکردنەوەیەک، داکەوتووە و پشتگوێ خراوە. ئەوەی من لەبیرمە، قانع، لە زمان خوداوە، لە وەڵامی میکایل دا، دەڵێ:

وتی: پیربووم لەبیرم نیە
پەکم کەوتووە؛ تەگبیرم چیە؟!
من، چۆڕێ ئاوم بە "حسەین" نەدا؛
تۆ نانت دەوێ بۆ بەچکەی گەدا؟؟
خۆم وەختە کوێربم، بۆ دەنکێ ترێ؛
ئەگەر درۆکەم، مەسیحم بمرێ!

(مەسیح، بەحیساب، کوڕی خۆدایە؛ وەک وایە سوێند بخوا بۆ میکایل کە ڕۆڵەی بمرێ، ئەگەر درو بکا!)

شیعرەکە لەمەش زیاترە ...

تەنانەت دەچێتە سەر باسی مسیبەتەکانی شەڕی جیهانی دووەم و لە زمان میکایلەوە دەڵێ:

ئیتالیا، دایک حەبەشەی بۆ گای؛
بۆ نایێتەجواب؟! لاخۆی تۆ خۆدای!

("حەبەشە"، ناوی ئەوسای "ئیتیۆپیا"بوو. ئیتالیا، لە شەڕی جیهانی دووەمدا، ئیتیۆپیای داگیرکرد.)

بەداخەوە، منیش، بەبێ نووسراوە و یادداشت هەرئەوەندەم لەبیرەو بەم جۆرە، **دەشمەوێ داوا لە خوێنەران بکەم** کە ئەگەر کەسانێک، بتوانن ئەو ناتەواوییانە پڕ بکەنەوە و بتوانن یارمەتی بدەن کە شیعری چاپ نەکراوی ئەم شاعیرە خۆش-زەوقە بێتەوە روو، ئەوا کارێکی گرنگ و خزمەتێکی شایانە بە ئەدەبی ئازادیخواز.

شیعرێکی تری قانع کە لەم کۆبەرهەمەدا هەر نەمدی، تیتاڵی کردنی قانعە بە گاڵتەجاڕی "بەهەشت" کە بەمجۆرە دەست پێدەکا:

دوێشەو لە خەوما، ڕێم کەوتە بەهەشت؛
دیم پەری و حۆری، سپێیان ئەکوشت!!
... چڵکن و کۆڵکن؛ بنا-گوێ ڕشکن ...

(بەداخەوە، هەموویم لە بیر نەماوە بەلام دەڵێ؛ لێم پرسین: ئێوە، بۆ ئەوەندە چڵکنن؟ وتیان ئاخر بەهەشت ئاوی تێدا نییە؛ هەمووی هەر شیر و هەنگوینە؛

شیر و هەنگوینیش، خۆ پاکمان ناکاتەوە؛ وتم ئەی بۆ هێندە پیرن؛ بۆ مەگەر ئێوە حۆری نین؟؟ وتیان ئێمە هەزاران ساڵە خوا دروستی کردووین و چاوەروانی موسوڵمانانین بێن بۆ بەهەشت!!)

یان شیعرێکی تری کە تیتاڵی کردنە بە ئاغاوات و شێخ و مەلای مەریوان، لە زمان مەلایەکی هەژارەوە کە ڕخنەیان لێ ئەگرێ:

من مەلا سەعی مەلای شلێرم
مەلای کەشک و ڕۆن، پیاز و پەنێرم
قوتووەکەم ماڵمەو کەوشەکەم ژنمە
مایەی ماڵەکەم ... دوو ... ونمە

(مەبەست لە قوتوو، قوتووی جگەرەیە -سیغار- بەم وشانە هەژاربوونی مەلا سەعید نیشان ئەدا... )

لە "گوێزە-کوێرە"، هەتا "لەنجاوا"؛
بڕ بکەم نەکەم؛ هەتا خۆراوا...

("گوێزە-کوێرە" و "لەنجاوا"، دوو دێی زوور نزیک لەیەکی مەریوانن کە دە-پازدە دەقیقە، بە پیادە، لێک دوورن. ئەم ڕۆژێک تا ئێوارە، ئەو مەودایە نابڕێ!!)

مەلەوانێکم لە زەوی دێما
کیسەڵ ناگەیێ بە تۆزی پێما...
بەری بەگزادە، گەڕەکی ئەوبەر

(مەبەستی دێهاتی ئەوبەری زرێبارە)

ئامشۆیان ناکەم؛ هەرگیان بەسەر...
"کاڵی خواروو"ە ئەسڵی مەرکەزم
ئەگەر تێیچمۆ، گوو بە ڕەگەزم!
...
هێلکەی کەڵەگا، ڕۆنی میشوولە
کێوی "قەلەبەرد" لە ناو قوتوولە ...
...

## حازر جوابی قانع

قسەخۆشی و حازرجوابی قانیع بەڕادەیەک بووە کە لە بیری خەڵکی ئەو وڵاتە ماوە و بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. منیش هەندێکم لەبیرە؛ لەوانە:

جارێک، قانع، میوانی خزمیکی ئێمە دەبێ کە ئەو خزمە هات و چۆی دەسەلاتی دژ بەخەڵکی دەکرد لە مەریوان و هەر لەوکاتەدا میوانێکی تری هەبوو کە ئەفسەری بازنشستی ئەرتەش بوو لە مەریوان، کە خەریکی کاروباری نهێنی لەگەل دەزگای بارزانی ئەوکات بوو کە سیاسەتەکانی شای ئێران ببەن بەرێوەو سەرەنجامەکەشی بوو بە ئاشبەتاڵە گەورەکەی ١٩٧٥؛ ئەم بەسەرهاتە دەگەڕێتەوە بو دە-دوازدە ساڵێک پێش ئەو ئاشبەتاڵە.

ئەو خزمەی ئێمە، دەیەوێ میوانداریيەکی زیاتر بکا لە "جەناب سەرهەنگ"، قانعی پێدەناسێنێ و ئەفسەرەکەش کە خۆی بە "سەرهەنگ" ناساندبوو و پێیان دەگوت "سەرهەنگ فەرزانە"، لەڕاستیشدا هەندێک عەقڵ سووک بوو، دەس بەجێ، داوای لە میواندار کرد:

- ئاغەی شێخ ... ؛ لوتفەن، بێژە بەم ئای قانعە، شیعرێکیش بێژێ بە ئێمەدا!

قانع، کە لە کاکی میواندار حازرجوابتر دەبێ پێش ئەوەی میواندار جواب بداتەوە؛ ئیشارە بە شیعری کەرەشینی خۆیدەکا (کە لەم دیوانەشدا، لە لاپەڕەی ١٦٨ دا هاتووە) و دەڵێ:

- قوربان، وتوومە! شێعرێکم هەیە: کەرێکم هەبوو، چ کەر، وەک باو و بۆران ... ؛ لەو شیعرەدا باسی جەناب سەرهەنگیشی تێدایە!

من، لەو کات و ساتەدا نەبووم بەلام خزمی میواندارمان دەیگێڕایەوە کە جەناب سەرهەنگ، لەو تەنزە و توانجی قانع نەگەیشتووە و بەڵکوو کەیف-خۆش بووە کە قانع لە شیعرێکیدا باسی ئەوی کردووە!

هەر لە خزمانی نزیکمان دەگێڕنەوە کە جارێک قانع لە گەل

**بڕوانە لاپەڕەی ٦٠**

# کاتێك تۆڵەکە و لفکەشامی گرانترە لە پرچی ژن



## کتێبی "ملوانکە" و پرسی یەکسانی

نووسینی: بەکر ئەحمەد

لە ٩ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢، (مەلالە یوسف زەئی) بەردەستریێژی فیشیک دەدرێت و فیشەک بەر سەری و ملی دەکەوێت. تەقەکەرەکە چەکدارێکی سەر بە بزووتنەوەی تاڵیبانە و هۆی ئەم کۆششی تیرۆرکردنەی مەلالەدەگەڕێنێتەوە بۆ بڕیاری قەدەغەکردنی تاڵیبانەکانی پاکستان کە کچان نابێ بچنە قوتابخانە و مەلالەش بەبەردەوامبوونی بۆ چوون بۆ قوتابخانە، ئەم فتوای قەدەغەکردنە، پشتگوێدەخات.

بۆیەش هاتوچۆی مەلالەی بچکۆلە بۆ قوتابخانە بە خۆیی و کۆلەپشتەکەیەوە، ، لە ولاتێکی تردا کە تالیبانەکان هەژموونییەکی گەورەیان هەیە، کاتێک مەلالە دەڵێ: من هەر دەچمە قوتابخانە ، لە سەرتاسەری دنیادا دەبیسترێت. "کاتێک هەموو دنیا بێدەنگە، تاکە دەنگێک بەهێز وکاریگەر دەبێت". ئەم دەربڕینە کە بە یەکێک لە وتە جوانەکانی مەلالە دادەنرێت، لە دایکبووی ئەم دۆخەیە کە من زۆر بە کوورتی لەسەرەوە ئاماژەم پێدا.

بە کورتییەکەی: لە بێدەنگی دنیایەکدا ، نووزەیەکی بچکۆلە وەک بۆمبا دەنگی دێ. هەلومەرجی ژنان لە کوردوستاندا، ئەگەر لە زۆر رووەوە لە گەڵ پاکستان و ئەفغانستاندا جیاوازی هەبێت، بەڵام لە زۆر ڕووی ترەوە، لە گەڵ سیستەمی جەندەری

تاڵیباندا، جیاوازییەکی ئەوتۆییان نییە. هات و هاوار و زریکەی ژنکوژی کورد لە مرۆدا هەر بە تەنها زریکەیەکی لۆکالیٚ نییە کە لە کوردستاندا دەبیستریٚت، بەڵکو ژنکوژی پیاوی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستاندا، سەر دیڕی رۆژنامەکانی ئەورووپایە. لە ناو دنیایەکی قاندراو بە سیاسەت و کولتور و ترادیسۆینی دژەژنی کۆمەلگای کوردیدا، لە جیهانیٚکدا کە:

لێرە تۆلەکە هەرزانترە، یان قژی پیرەژنیٚ؟
لفکە شامی گرانترە یان مەمکی بێوەژنیٚ؟
یەک تاڵە مووی سمێڵی خێڵێک
بەرابەر چەند زریکەی ژنە؟

شاعیریٚک دیٚت و لە ناو ئەم دارستانی قریشکە و هاوارەدا، کە بە بیٚدەنگییەکی گەورە دەووردراوە، دەیەویٚ ئەو دەنگە بیٚت کە تەلیسمی بیٚدەنگی بشکیٚنیٚت و مەلالە ئاسا، دڕ بە جیهانی بیٚدەنگی بدات.بەلام سەیر ئەوەیە لەگەڵ بەهیٚزی دەنگی ئەویشدا، کۆمەلگا و ئیلیتە خویٚندەوارەکەی ، دەنگی ئەویش لە بیٚدەنگییەکی گەورەترەوە دەپیٚچیٚت و لە بەرانبەر ئەم دەنگەدا کە دەبوایە سەرنجی بۆ جیهانی کەڕ ولاڵی کۆمەلگا رابکیٚشایە، ئەویش بە بیٚدەنگی دەسپیٚردریٚ.

"کتیٚبی ملوانکە"ی شیرکۆ بیٚکەس (۱) لەگەڵ دەنگی یەک بەیەکی موور و سوورا و ملوانکە جۆراوجۆرەکانی ناویدا کە میٚژووی ئەم دارستانی هاوار و مامەلە تاڵیبانئاسایەی کۆمەلگای کوردیە بەرانبەر بە کچ و ژنەکانی و دەیەویٚ بۆ ساتیٚک لەبەرانبەریدا ڕاوەستین، کەچی زۆر بیٚدەنگ تیٚدەپەڕیٚت و نیگایەکی ناچیتە سەر. بەوەی شیٚرکۆ یەکیٚک لە ناوە هەرە گەورەکانی شیعری کوردییە و بەرهەمەکانی خویٚنەریٚکی زۆری هەیە و نووسین لەسەر بەرهەمە تازەکانی کاریکی ئاسایی بووە، بەلام لە بەدبەختی ئەم پیاوەدا، چۆن دۆزەخی قاندراوی ژنانی کورد کاتیٚک وەک تایتڵی

ڕۆژنامەیەک باسیلێوەدەکرێت و هیچ دەنگێک دروستناکات، بە هەمان شێوەش ئەم بەرهەمەی شێرکۆ، وەک دەنگی پالەوانەکانی ناو کتێبەکە، بە فەرامۆشی دەسپێردرێت و جەدەلێک لەسەری دروست نابێت.

کۆششی من لەم نووسینەدا، سەرنجدانە لە یەکێک لە بەهێزترین کۆمەلە شیعری شیرکۆ بێکەس کە ناکرێت هەروا بە بێدەنگی بەسەرماندا تێپەڕێت.

**دەنگی ناو شیعر**

سەرەتا قەسیدەکە بە کۆمەلێک دەنگ دەستپێدەکات وەک : دەنگی ملوانکەیەکی زەیتوونی عاشق، دەنگی سووراوی لێوێکی جوان و ئازا. بەلام شێرکۆ سەرتاپای قەسیدەکە دەداتە دەست دەنگی ملوانکەیەکی لەش شینی چاوسەوز کە هێشتا :" زیندووە و نەوەی تازەی گووناهەکانە و دەیەوێ هەموو خواوەندە نێرەکان و هەموو پەیامە نێرەکان لەبەردەم پرسیاردا ڕابگرێ و سەرلەنوێ ژیان بنووسێتەوە."

شێرکۆ لیرەدا دەنگی خۆی دەداتە دەست ئەم ملوانکەیە و بە وتەی خۆی:" ئەگەر پێویست بێ پالەوان هەبێ، ئەم ملوانکەیە پالەوانی ئەم دەقەی ئەوە." ئەم ملوانکەیە کاتێک سال و مێژووی لە دایکبوونی خۆی دەگێڕێتەوە دەلێ:

لە توخمی مێم
خەلکی زەریام
لە دایکەوە بە بنەچە
دەچینەوە سەر خەونەکانی مەرجان و
لە باوکەوە
ئەچینەوە سەر خێلەکانی مرواری

لەیەکەم ڕۆژی دەرهێنانی ئەم مراوریەوە، یەکسەر ئەو جوداسازییەی کە سیستەمی جەندەری کۆمەلگا لە پەیوەند بە دروستکردنی نێرێتی و مێیتی لە کۆمەلگادا دەبێ پەیڕەوی لێبکرێت، دەکەوێتە کار:

ئەو دەمەی هاتمە سەر زەوی و بۆ یەکەم


جار هەتاو لیبدام
بریقەیشم نزیک نزیک
دای لە چاوی چوار پێنج پیاویّ و
کە زانییان بەردێکی مێم
ئەوسا ئیتر سمێڵیان کەوتە پێکەنین
هەر بەباوەش هەڵیانگرتم و ماچیانکردم و
لە بەردی نیریان دابڕیم.

کاتێک ئەم مراورییە جوانە دەکرێتە ملوانکە و دەفرۆشرێت و لە سەر رەفەی کۆگایەکی شووشەبەندی سەر شەقامێکی گشتیدا ، لەگەڵ چەند ملوانکەی تردا دادەنرێت بۆ کڕیاران، ئەوسا یەکسەر هەست بەو جوداسازییە گەورەیە دەکات کە چۆن ڕۆلەکان بەسەر نێرێتی و مییەتی لە کۆمەلگادا دابەشدەکرێن و چاوەڕوانییەکانی کۆمەلگا لە بەرامبەریاندا چۆنە و چۆنیش نێرەکان و مێیەکان دەکەونە ناو تۆڕێکی گەورە لە مامەڵەی جوودواوە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا. ژیانێکی نویّ کە جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەل ژیانی ژێر ئاودا کە هەستی دەکرد، قسەکانی ژێر ئاو نەرمن و پەیوەندییەکانی نێوان نێر و میّ وەکو یەک وان.

شیرکۆ وەستایانە لە ڕێگەی دانانی مووکێشێکی پیاوانەی سەر زل و قاچ خوارەوە، زنجیرێکی سەعاتی پیاوانەی دەروون پڕ گرێوە، گوێزانی ڕیشتاشین، قەڵەمبڕ، قایشی کەمەر و مقەستی بەر سمێڵ، بۆینباخێکی سوورفڵی درێژەوە، لە رەفەکانی دیکەی دوکانی " مێلاقە"دا، ئەو جیهانە دەسازێنیّ کە تەنها ژن دەتوانێت هەست بە بوونییان بکات و ڕەفتاریان بخوێنێتەوە. ئەوەتانیّ بۆینباخە سوورفڵەکە: بەدەنگی بەرز، پیادەرۆی سەرشەقامیش گوییان لێیە، ئەکەویتە تالیق لێدان: میّ بۆ بێدەنگی و مووبەق و ناو پێخەف و هیچی تر نا" بەلام سەررەفەکانی ئەم کۆگایە، هەر شوێنی ئەم جۆرە لە فیگۆری پیاوانە نین تا دۆزەخێک بۆ ماسکارا و سووراو ملوانکەکانی دیکە بخولقێنن.

بەڵکو شووشەبەندی لێیە بە پاندانەکەی تەنیشتی هەر خەریکی شتنووسینە، عەینەکێکی چاوباشقاڵی قۆزی لێیە هەر گۆرانییان بۆ دەڵێ. بۆیە لە هیچ شوێنێکی تێکستەکەدا خوێنەر ناتوانێ "کتێبی ملوانکە" بکاتە مانیفێستێکی دژی پیاوان و پیاوبێ ئەم تێکستە لە دیدگایەکی ئەنتی پیاوبوونەوە نووسراوە. شێرکۆ لەم تێکستەدا، لە ڕێگای ئەو وێنە شیعریانەوە کە بە مقەست یان مووکیشێکی دەدات تەواوی ئەو نۆرم و بەها کۆمەلایەتی و چاوەڕوانیانەی کە کۆمەلگا لە ناو سیسیتەمە جەندەرییەکەی خۆیدا دەستنیشانی کردووە بۆ ئەوەی کە نێربوون و مێبوون دەبێت چۆن بێت، وەستایانە دروستدەکاتەوە.

"لین ئولمان" لە رۆمانی " (بێقەراران)دا کە بیوگرافیەکەی شەخسییە سەبارەت بە باوکی خۆی کە "ئینگمار بێریمان"، لە پاساژێکی تایبەتیدا ئاماژەیەکی سەیر بە عادەتێکی ئەم گەورە دەرهێنەرە جیهانییە دەدات کە ناوهێنانی جێگای سەرنجە لە پەیوەند بە خوێندنەوەی شێرکۆ بۆ چەمکەکانی نێرێتی و مێیتی لە قەسیدەی "کتێبی ملوانکە"دا. ئولمان دەنووسێ: باوکم لە هەفتەیەکدا چەند خولەکێکی دادەنا بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی دی. ئەمە نەک بە مانای ڕۆچوونە ناو ناخی



خۆوە بۆ ئەوەی بزانێ فلانە ڕۆڵی سینەمای چۆن دەکرێ نمایشبکرێت و چ شتێک لە کاراکتەرێکی وەک کابرایەکی قەسابدا هەیە کە دەکرێ سەرنجی بدرێتێ، بەڵکو لەو گۆشەنیگایەوەی کە ئەگەر ئەو بۆ ماوەیەکی کورتیش کەسێکی دیکە بێت، چۆن هەست بە ژیان دەکرێت.

بە کورتییەکەی: ئەگەر بۆ ساتێکیش ئینسان چاوەکانی دابخات و پێیوابێت بۆ ماوەی چارەکێک تۆ منداڵێکی دەستگێڕی سەر شەقامی شارێکیت، تۆ هەست بەچی دەکەیت. بە بڕوای من ئەم عادەتە هەفتانەییەی (بێریمان) لووتکەی ئینسانی بوونی کەسێک نیشاندەدات بۆ ئەوەی لە چاوی کەسێکی دیکەوە سەرنج لە ژیان بدات. نیگایەک کە هەموومان پێویستمانە تا لە بەر نیگاکانی "ئەوی دی"دا کە ڕووبەڕوو لەبەرچاودا نییە، بتوانیت سەرنج لە خۆت بدەیت، هەست بەوە بکەیت کە ئەویدی هەستی پێدەکات .

بۆیە کاتێک شێرکۆ بێکەس لە "کتێبی ملوانکە" دا دەنووسێت:

دڕەنگە و دڕەنگە و ئەمەوێ
"با"ی قسەی گیرخواردووی مێینەم
ڕاچڵەکێ و هەڵکات و
دابچێ و بمرێت و...

وەک دەنگی سپی ملوانکەیەکی زەیتوونی عاشق تۆماردەکات بەرلەوەی بە پەتەکەی خۆی بیخنکێنن، زیاتر وەک دەنگی مێینەی ناو کەسی خودی شێرکۆ دێتە دەر و شێرکۆ لەم شاکارە جوانەیدا ڕێک ئەو کارە دەکات دەکات کە "ئینگمار بێریمان" هەفتانە خەریکی بوو. بەڵام وەک چۆن موکیش و سەعات و بۆینباخی ناو ئەم کۆگایە دەفرۆشرێن و دەکەونە لای کەسانی دی، ئەم ملوانکە چاوشینەی ناو کۆگای مێلاقەیش لە لایەن مامۆستایەکی کچەوە دەکڕدرێت و لە یەکەم چرکەساتی چوونە ناو جانتاکەی شانییەوە، لەگەڵ دەستەخوشکەکانی دیکەی

ناو جانتاکەدا، دەکەوێتە ناو ئەو جیهانەوەی کە ئینسانی کچ لە کۆمەڵگای کوردیدا ، چ لە ماڵ و چ لە دەرەوەدا رووبەڕووی دەبێتەوە. کتێبی ملوانکە، بە جیا لە دەیەها چەخماخەی شیعری نازدار کە بەندت دەکەن و راتدەگرن تا لە بەرانبەریاندا ڕاوەستیت، سەفەری ئەم ملوانکەیەیە کە لە ڕێگای هەلگرەکەیەوە تا جیهانی ژنبوون لە کۆمەڵگای کوردیا نیشانبدرێت. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکە بە تەنها گێرانەوەی ملوانکەیەکی تەنیا نەبێت و لە سنوورەکانی تاکەکەسی ژیانی هەڵگرەکەیدا قەتیسنەبێت، بولبولی مەدالیای سەربەرۆکی خانم و قەلەمی برۆ و متومووروەجۆراوجۆرەکانی دیکەی خانم کە لە شەواندا دەچنە دەرێ و سەر بەو کونج و کەلەبەرەرانەی دیکەی شاردا دەکەن تا بزانن ژنانی دی چۆن دەژین. بەمەش شیرکۆ فەزایەکی فراوانتر لەبەرانبەر خوێنەردا دەکاتەوە تا تراژیدیای ژن بوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لە رووبەریکی فراوانتردا نیشانبدات.

لە "کتێبی ملوانکە"دا شیرکۆ دەست لە هیچ ناپارێزێ. یەک بە یەکی ئەو جومگانەی کە ژێردەستەیی ژن بەرهەمدەهێننەوە دەخاتە بەر نیگای شیعر. "باوکم هەر خۆی نییە، یەک لەشکری تەیاری لە ژمارەنەهاتووی هەموو سەدەکانی لەگەڵە. لەشکری خودا بە هەڕەشەی دۆزەخێکی هەمیشە نێڵەنێڵ سووتاوەوە. باوکم هەر خۆی نییە، هەرچی دێوجامەی هەزارساڵەی کولتووری ڕاوە لای ئەوە. باوکم وەک خودا بێباکە و چوون دەمی شمشێری هەڵکێشراو لەبەر سووره هەتاودا بریقە بریقیتی. ئەو مووی ریشی لە ئاوی شەرەف هەلکێشاوە، بۆیە پیاوە. باوکم کتێبی نامووس و حەیای لەناوگەڵدا داناوە و لە چاوی ئەو کونانەوە تەماشی دنیای فانی دەکات. قانوون لەو بووە، جەلدە وەچەی ئەوە. باوکم تۆلەیەکی ئەبەدییە و جەنگێکی بێ کۆتایی.

باوکم پیاوە پیاو، سمێڵە سمێڵ، باوکم خەنجەرە خەنجەر. باوکم هەر خۆی نییە، نیشتیمان لە پشتییەوە ئەڕواو مێژوو نووکتەی بۆ دەگێڕێتەوە و حەیاو حورمەت کــڕنــووشـــی بـــۆ ئەبـــا" لەم کتێبیەدا، جومگەگەلێکی زۆری ژیـانـی ژنـان تـیـشـکـیـان دەخرێتەسەر، بەڵام شەرەف و خەنجەربوونی باوکێک کە ئەگەر ژیانی شارنشینیشی بۆ خۆی هەلبژاردبێت، هیشتاش نەیتوانییەوە دیوجامەکانی کولتوری ڕاوی لێبسەنێتەوە، لە سووچ و بەســەرهــاتــی جــۆراوجــۆری پاڵەوانەکاندا دێتەوە بەر باس. ئاخر لە راستیشدا بناغەیترین پرسیارێک لە کۆمەلگای کوردیدا لەبەرامبەر پرسیارەکانی یەکسانیدا، لە دەوری مافەکانی ژنان چەقی نەبەستووە. بەلکو لەسەر خودی مافی مانەوەی ژنە کاتێک شەرەف بە جۆرێکی دیکە هێنرایە پێناسەکردن کە لەگەڵ پێناسەکەی باوکدا یەکناگرێتەوە. دەکرێ ژن بەڕێوەبەری گەورەترین کۆمپانیا بێت ، ئەندامی پەرلەمان بێت یان کچێکی شوونەکردووی ماڵ بێت، کاتێک قاچ لەو دیو سنووره پێناسەنەکراوەکانی کولتوری شەرەفەوە دادەنرێت، ئەوسا سەرتاپای مافەکان هەرەسدەهێنێت و ژیان خۆی لە مەترسیدایە. بۆیە پرسی یەکسانی لە کوردوستاندا، لە دەوری فـــراوانـــکـــردنەوەی پانتاییەکانی ماف نییە لە ژیاندا، بەلکو لە پلەی یەکدا بەرگریکردنە لە خودی مانەوە، لە خودی بوون و نەبوونی ژن.

## جەندەر و رژێمی جەندەر لە کتێبی ملوانکەدا

شیرکۆ لە زۆر قەسیدە و بۆنەی جۆراوجۆردا شیعری بۆ ژنان نووسیوە، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا ئــاوا خــوێــنــدنەوەیەکــی سیستیماتیکییانەی بۆ پرسی یەکسانی و خستنە ژێر پرسیاری ئەو سیستەمە جەندەرییەی لە کوردستاندا کاردەکات نەکردووە. کتێبی ملوانکە، پرۆژەیەکی کاملی

شاعیرێکە کە دەیەوێ پرسی یەکسانی لە پرۆژەیەکی سەرتاپاگیردا و لە نیشتیمانێکی دروستکراوی دیکەدا بسازێنێتەوە کە سنووری نیوان ڕەگەزەکان جێگایەکی ئەوتۆ لە ژیانی رۆژانەیادا داگیرنەکات و ئینسانبوون پێوەری بەهرەمەندبوونی ئینسانەکان بێت نەک نێر یاخود مێ بوون. ئەگەر شێرکۆ لە قەسیدەی "ئێستا کچێک نیشتیمانمە" بە شوێن نیشتیمانێکی ترەوەیە بۆ ژیانی ئینسانەکان کە دوورە لە پێناسە ناسیونالیستییەکان ، ئەوا لە "کتێبی ملوانکە"دا، کچەکانی نیشتیمان دەخاتەوە ئەو شوێنەی کە نیشتیمانی تازە دەخوازێ چۆن بن. شێرکۆ بەم هەنگاوەی گورزێکی کوشندە لەو درۆ گەورەیە دەدات کە لەناو بزووتنەوە ناسیونالیستییەکانی دنیادا رەواجیپێدەدرێ کە گوایە: تا نیشتیمان ڕزگار نەبێت، رزگارکردنی ژنان مەحاڵە. کتێبی ملوانکە چەند ساڵێک بەر لە نووسینی "ئێستا کچێک نیشتیمانمە" نووسراوە و پەیامی دێر بە دێری حەکایەتی ملوانکەکان هیچ شتێک نییە جگە لە دەستکاریکردنێکی رادیکالانەی شیعری بۆ پەیوەندی نیوان یەکسانی و رزگاری ژنان لەگەڵ رزگارکردنی نیشتیماندا. سەیرێکی ئەم نەخشە رەنگرێژکراوەی شیرکۆ بکەن بۆ خوێندنەوەی ئەو سیستەمی جەندەرەی لە کوردستاندا کاردەکات.

"لێرە. لێرە. لێرە، شت وەک بێ و کەل و پەل بێ و هەرچییەک بێ کە بینیمن من دەزانم نێرن یان مێ: دیوار نێرە، شەقام نێرە، درەخت مێیە و کۆلانی تەنگ و باریکیش زۆربەیان مێ. بەهار و هاوین نیرینەن. پاییز و زستان مێینەن. رۆژ نێرە و شەو مێ. ئاگر نێرە و خۆلەمێش مێ. نهۆمەکانی سەرەوە نێر و ژێرزەمینیش زۆربەیان مێ. شاخ نیرە و دۆلەکان مێ. لێرە. لێرە. لێرە: ئاو مێیە و بەربەست نێرە. هەڵم مێیە. ماسی مێیە و

چەشـەیش نـێرە. بـاران مـێیە. بـاخـچەکـان مـێن. سـپی مـێیە و سـووریـش نـێرە. سـروودەکـان هەمـوو نـێـر و بەسـتەکـانـیـش زۆربەیـان مێ. دوولەسـەر سـێی ئازارەکان مێینەن و حەرام مـێیە و حەڵاڵـیـش نـێـر. بەشـی زۆری سێبەرەکان مێینەن و بەشی زۆری فەرمـانەکـان نـێر. خـودا نـێرە و عەرشــەکەی مـێ. هەمـوو مـافـوورەکـان مـێن و هەمـوو کورسییەکان نێر.هەموو تەنافەکان مێن و هەموو گیرەکان نێر. بەفر مـێـیە و ڕەشـەبـا نـێـر. دووکەڵکێشەکان زۆربەیان مێن و نێڵەنێڵی ئاگری توونییش زۆربەیان نێر. جگەرە نێرە و تەپلەکی جگەرە مـێ. لـێرە. لـێرە. لـێرە، بەرگـی پێشەوەی هەموو کتێبەکان نێرن و بەرگی دواوەیش مـێ. گـڵـۆپـی تـرافیکەکـان هەمـوویـان نـێرن و خەتـی پەڕیـنەوەی سـەر شـەقامەکـانـیش هەمـووین مـێن. وشـە مـێیەو تەبـاشـیـر مـێیەو لاستیکی خەتکوژانەوە و تەختەسڕ نێر. لێرە هەموو مەتنەکان نێرن و هەموو پەراوێزەکان مێ.تەلەفیزیۆن نێرە و مێزەکەی ژێریشی مێ. لێفە نێرە و دۆشـەک مـێ. پەنـجەرەکـان مێن و پەردەکـانیـان نـێر. هەموو مـاشـێـنەکـان نـێـرن و هەمـوو پارکەکان مێ. چادرەکان نێرن و پەردە و کوللەکان مێ. تـابلـۆکـان مـێـن و چـوارچـێـوەکـان نـێـر. دەسـکەوان دەسـکەکەی نـێـرە و خۆیشی مێ. دەرزی نێرە و دەزوو مێ. شیعر مێیە و سـانسـۆر نـێرە. گێژاو نێرە و بواری هێوریش مـێ. لافـاو نـێـرە و داروپەردووی سـەرئـاوکەوتـوویـش مـێ. بوومەلەرزە نێرە و وێرانەیش مـێ. بزە مێیە و مۆڕەیش نێرە. لێرە. لێرە. لێرە: ژیان نێرە و مردن مێ.

لە لـێکـۆڵـینەوە ئەکـادیـمیەکـانـدا، جەنـدەر بە ڕەگەزی کـۆمەڵایەتـی پـێـنـاسـە دەکـرێت. نەک ڕەگەزی بایۆلۆژی (٢) بۆ نموونە بەوەی کە دارا نـێـرە و زارا مـێـیە گـوایە یەکەمییان مەمکی نییە و دووەمیان هەیەتی. واتا جەندەر ئەو جۆرە لە ڕەگەزە کە لە باری کۆمەڵایەتـی و

کولتورییەوە ڕۆژانە دروست دەکرێتەوە. بەوەی کە کۆمەڵگا چ چاوەڕوانییەکی لە ڕەگەزەکان هەیە، چ نۆرم و عورف وعادەتێک دەبێ پەیرەوی لێبکرێت و نێرو مێبوون لە کۆمەڵگادا دەبێ چۆن بێت. ئەم جۆرە لە ڕەگەز، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ڕەگەزی بایۆلۆژییەوە نییە و کۆمەڵگا خوڵقاندوویەتی. سواری پاسکیلبوون تا ڕۆژگارێکی کەمێک دوور نا کردەیەکی کوڕانە بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە ناوگەڵی ئینسانەکانەوە نەبووە و نۆرم و بەها کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی دروستیکردووە. ئەم جۆرە لە ڕەگەزی کۆمەلایەتی کە لە ناو کولتور و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا دروستدەکرێت، پێیدەوترێت. ڕەگەزی جەندەر. ئەم بەها جۆراوجۆر و چاوەڕوانییە جۆراوجۆرانەی کە لە ڕەگەزەکان دەکرێ لە هەوادا ڕوونادات و پەیڕەوی لە سیستەمێکی جەندەری دەکات کە پێی دەوترێت ڕژێمی جەندەر.

(ئیڤۆن هیردمان)، ژنە مێژوونووسی سویدی ئاوا بەشێک سترۆکتۆرەکانی ڕووندەکاتەوە:" ڕژێمی جەندەرخاوەنی دوو خەسڵەتی تایبەتە کە کاریگەری لەسەر پەیوەندییە جەندەرییەکانی کۆمەڵگا دادەنێ. یەکەمییان هیرارکییەتە و دوومیان توخمێکی لێکجیاسازی.، دیکۆتۆمی" (٣) (دیکۆتۆمی بە مانای دابەشکرنی یەکەیەکە بەسەر دوو بەشی لەیەک جیاوازدا کە هیچ شتێکیان لەیەک ناچێ).

(ساندرا هاردین) سێ ڕەهەندی دیکە بۆ جەندەر دادەنێت کە لە ئاستەکانی فەرد و سترۆکتۆر و ڕەمزیەتدا دەکرێ ئاماژەیان پێبدرێ و هەریەکە و بە جۆرێک لە برەوپێدان و کەمکردنەوەی ئەم ڕژێمی جەندەرەدا کاریگەری دادەنێ. (هەمان سەرچاوەی پێشوو). لە ئاستە سترۆکتۆریەکەیدا دەکرێ سەرنجی لە سیستەمی کاردابەشکرنی ناو کۆمەڵگا بدرێت کە چۆن

سیستیماتیک کار و سێکتەرە جیاوازەکان لەسەر بنەماکانی نێر و مێبوون ڕەنگرێژدەکات. بۆ نموونە سایەق تاکسی و نانەوایی هەر کارێکی پیاوانەیە و لە دایەنگادا کارکردن پیشەی ژنە. لە بارە رەمزییەکەیدا ئەم سیستەمی جەندەرییە لە زماندا خۆی نیشاندەدات. ژن ناسکە و پیاو ڕەقە. پیاو ئازایە و ژن ترسنۆک. لە ئاستە فەردییەکەیشیدا ، ئاستی خوێندنی تاک وپەروەردە و چوارچێوە کۆمەلایەتییەکەی تاک کاریگەرییەکی تایبەت لەسەر ئینسانەکان دادەنێ کە چ تێروانینێکی لەسەر رژێمی جەندەر هەبێت.

کاتێک بەم کەمە زانیارییەوە لەسەر رژێمی جەندەری کۆمەلگا سەرنجێک لەم وەسفکردنەی شێرکۆ بێکەس دەدەیت بۆ چیرۆکی :" لێرە. لێرە. لێرە، شت وەک بێ و کەل و پەل بێ و هەرچییەک بێ کە بینیمن من دەزانم نێرن یان مێ"، ئەوسا هەستدەکرێت شێرکۆ چەند چاوتیژانە ئەم نەخشە جەندەرییە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی، سەردەستەیی و ژێردەستەیی ژن و پیاو وەک بەشێک لە هیراکییەتی سیستەم و لێکجووداسازی بە رەهەندە فەردی و رەمزی و ستراکتۆرییەکەیەوە پیشانی کۆمەلگایەک دەدات کە نایەویت ببینێ.

لە "کتێبی ملوانکە"دا، شیرکۆ رۆڵی ئایین لە تراژیدیای دەنکە مرواریەکانیدا بە زەقی نیشاندەدات، بەلام لە گەلیک شوێندا بە زمانێک دەدوێ کە هێندەی پرسیارکردنە، کەمتر پەنجەی تاوانبارڕاکێشانە لە بەرانبەریدا. بەمەش بەرلەوەی جەنگێکی ئایدیلۆژی لەبەرانبەر ئایندا بەرپاکات، دیدێکی ئیکۆلۆگیانە دەخاتە بەردەم لەچکداری لە کۆمەلگاکانی رۆژهەلاتدا.

بڕیارماندا سەردانی "لەچکەکان" بکەین

پێیان بڵێین:

ئاو وهەتاو ومانگەشەو

کلووی بەفر، دەنکە تەرزە،
سروەو جریوەی ئەستێرە و
شەبەنگەکان
نمەی باران
هەر هەموویان لێیان زیزن
چونکە ئەوانن ناهێڵن
بگەنە لای سەروقژییان.

بەڵام دەنکە مرواری ملوانکەی خانم، لە ناو هاواری جەنگ ودەنگی حەڵاڵ و حەرامەکاندا و ئومێدی گۆرانییەکی نوێدا، دەکرێ مەئیوسانە دانیشێت و پێیوابێ کە:

یەکسانی چییە؟
جگە لە دووکەڵی جگەرەیەک کە ئەویش
هەر پیاو
بە (با)ی ئەدا.

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی کەسایەتی شیرکۆ، جگەرەکێشانی لەرادەبەری ئەوە. ئەگەر ورەبەردان و بێهیوایی یەکێک لە پالەوانەکانی کتێبی ملوانکە دەخاتە سەر ئەو دەربڕینەی سەرەوە، ئەوا دەتوانم بڵێم شیرکۆ وەک پیاوێک لە کتێبی ملوانکەدا ، هەر هەموو ئەو جومگە سەرەکی و لاوەکییانەی کە نایەکسانی بەرهەمدەهێنێتەوە، لەگەڵ دووکەڵی جگەرەکەیدا بە بایەدا و جوانترین سروودی یەکسانیمان بۆدەچڕێ. "کتێبی ملوانکە"، شایەنی ئەوەیە لە هەموو ماڵێکدا هەبێ، بە تایبەت لە کاتێکدا کە حەکایەتی ڕێزلێگرتن لە ژنان لە ژێر دەربڕینی :"بەهەشت لەژێر پێی دایکدایە" لەسەردەستسالارییەکی گەورەدایە و پرسیاری ئەوەی بۆ پێی " پێ نادرێ تا پێی بڕوا و تا پێی بگات" پرسیاری یەکەمی ملوانکە و دەنکەکانیەتی.

٢٤ی ئەوگوستی ٢٠٢٠

## پەراویزەکان

١ شیرکۆ بێکەس، کتێبی ملوانکە، چاپخانەی ڕەنج چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٧

2- http://www.normbryt.se/vad-ar-egentligen-genus/
3- http://www.genus.se/wp-content/uploads/pub_-Genusperspektiv-pa-vardvetenskap.pdf sid 16-17

☆

**پاشماوەی:** *شیعرە بڵاونەکراوەکانی قانع*

وریای کوڕی، میوانیان بووە؛ کاتێک شێویان کردووەتەوە، گۆشتاویان هەبووە. جامۆڵەی گۆشتاویان ناوەتە بەردەمی میوانەکان؛ قانع بە کوڕەکەی، کە دەبێ تازەلاو بووبێ، دەڵێ:

- ئا، ڕۆڵە، خۆت ڕووت کەرەوە!

کۆڕەکەی دەپرسی: بۆچی، باوە؟

قانع دەڵێ: دەمەوێ بچیتە نێو ئەم جامۆڵەی منەوە، بزانی، گۆشتی تێدایە؟!

داستانی لەم چەشنە زۆرن و دڵنیام کەسانێک هەن کە زیاتریان لەبیرە و بێگومان، دەتوانن یارمەتیمان بکەن ئەم بابەتانە دەوڵەمەندتر بکەین.

لەم دیوانەدا، هەندێک گاڵتەجاڕی بە "خورافە"، هەن؛ بەڵام وادیارە، کۆکەرەوەی دیوانەکە ("بورهان قانع" کوڕی شاعیر)، لە ئاستی ئائین دەچڵەکێتەوە؛ بەچەشنێک کە تەنانەت بە شیعرێکی ئائینی، دیوانەکە دەست پێدەکا!

...ئێستا، من، نەک هەر مەجالی ئەوەم نیە هەموو دیوانەکە هەڵسەنگێنم یان ڕەخنەی لێبگرم؛ ئەگەر مەجالیش هەبوایە، مەبەستی من ئەوە نەبوو وابکەم! ، مەبەستی من، ئێستا، خستنە بەرچاوی هەندێک بەرهەمی بەجێماوی قانع بوو کە هەم خۆیان بەنرخن و شایانی بڵاوکردنەوەن؛ هەم ئەم بابەتانە لە کارەکانی قانع، ڕێگا دەکاتەوە بۆ ناسینی ئەدەب و هونەری ئازادیخواز کە چلۆن بیروبۆچوونی خەڵکی سەردەمی بەرەو پیش بردووە.

دیارە، بۆ من، بەتەنیا خۆم و هەر تەنیا بەیارمەتی بیری منداڵی و لاوی خۆم، ئاسان نییە کە ئەم بەرهەمانەی شاعیرێکی وەک قانع زیندوو بکەمەوە؛

بۆیە، بەهیوام سەرنج و تیبینی یارمەتیدەری خوێنەران، لەم ڕێبازەدا، بێنە یارمەتی!

☆

# مێژووی شانۆی کەنەدی

**نووسینی:**
ئینسایکلۆپیدیای شانۆی کەنەدی
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:**
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

## یەکەمین شانۆ

نەیتیڤەکان، خەڵکە ڕەسەنەکانی کەنەدا، دراما و نەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەکو بەشێک لە بۆنە و ئاهەنگەکانیان، بە سەدان ساڵ پێش هاتنی ئەوروپییەکان بۆ کەناری جیهانی نوێ، نمایش کردووە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ وەک شانۆی خەڵکە ڕەسەنەکان ئەیبینین، چەشنی شانۆگەرییەکانی تۆمسۆن هایوەی، زۆرجار پشت بە میتۆلۆژی یان ئەفسانەناسی نەیتیڤەکان دەبەستێ.

## شانۆی ئەوروپییە بەراییەکان

مێژوونووسی شانۆیی دەیڤد گراندەر لەو باوەڕەدایە کە شانۆی ئەوروپی، لەگەڵ هامفرەی گیلبێرت و "گروپێکی بچووکی ئەکتەرە ئیمائیییەکان"، (١) لەساڵی ١٥٨٣دا هاتۆتە کەنەدا. پێشتریش بەرهەمهێنانی مارک لێسکاربۆرد بۆ شانۆی نیبتۆن لە فەرەنسای نوێ، لە چواردەی تشرینی دووەمی ١٦٠٦ و سامۆیل دی چامپلەین لە پۆرت ڕۆیەڵ (کە ئێستا نۆڤەسکۆشیایە)، یانەیەکی کۆمەڵایەتییان دامەزراند لەژێر ناوی مەدالیای بەختەوەری. ئەمەش لەمیانەی فەرمانێکەوە بوو کە لێسکابۆرد سەرگەرمییەکانی




باڵەخانەی نیبتۆن لە شاری کوبێک لە سەدەی هەژدەهەم کە شوێنی کۆبوونەوە بوو و وەکو ڤینۆسە شانۆییەکانی بەرایی کەنەدا خزمەتی دەکرد. لە ئەرشیفی نەتەوایەتییەوە وەرگیراوە.

خۆی نیشان دەدا کەلەلایەن ئەندامانی دەوڵەتە ژێردەستەکانی فەرەنساوە نمایش ئەکران و ڕووخساری خۆیان دەگۆڕی بەجۆرێک وەکوو ڕووخساری خەڵکە ڕەسەنەکان و زیندەوەرە ئەفسانەکان دەردەکەوتن. ئامانج لەو کارە، ئاهەنگی گەڕانەوەی دامەزرێنەرانی دەوڵەتە ژێردەستەکان بوو لە گەشتێکی مەترسیدار. شوێنی دەوڵەتی ژێردەست و بەرهەمەکە لە ساڵی ١٦٠٧ جێهێڵدرا و هیچ ئاماژەیەک سەبارەت بە هیچ چالاکییەکی شانۆیی نەبوو تا ساڵی ١٦٤٠ کە زیاتر وا دەردەکەوێ کە سەرگەرمی بێباکانە، ڕەنگدانەوەی بەشێکی ژیانی ئیمپریالیستییانە بوو.

# کلاسیکە نوێیەکانی جیهانی نوێ

مەحاڵە لە وڵاتی کەنەدا بەچاکی گەشەی درامای زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی بەتەواوەتی لێک جودابکرێنەوە کە ترادیسیۆنی شانۆییان وەکوو یەکە. لەهەندێ حاڵەتدا شانۆگەرییە ئینگلیزییەکە بە زمانی فەرەنسی نمایش کراوە و بەپێچەوانەشەوە، کە تا ئەمرۆش ئەم دۆخە لە شانۆی کەنەدی هەر بەردەوامە. ئەوەی بەڕەهایی بتوانرێ بوترێ ئەوەیە کە ئەو نووسەرانەی لەسەرەتادا کاریگەریان هەبووە لە بەریتانیا و فەرەنسا، گاریگەریشیان بەسەر شانۆی بەرایی کەنەداوە هەبووە. ئەوانیش بەتایبەتی بریتیبوون لە مۆلێر و شەکسپیر و هەروەها پییر کۆرنی و جان راسین. ستایلە ئەدەبییەکانیشیان هەر بەو جۆرە بوو کە لە دراما بەراییەکانی کەنەدا ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ نموونە داستانی قارەمانێتی لە ئیشە سەرەتاییەکاندا بەرچاو دەکەوێ کە جەنگی جەنگاوەرانی ئیبراهیم بەنەمری نیشان ئەدا.

شتێکی تری ڕوونیش ئەوەیە کە شانۆی کەنەدی لە ئارەزووەوە لەدایکبووە، کە تا چەند دەیە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتە ژێر دەستەکان، ئینجا ئەکتەرە پرۆفیشناڵەکان لە هەر ٣٠ دەوڵەتە ژێردەستەکانەوە گەیشتنە کەنەدا. ئەوکات ترادایسیۆنی نمایشکردنی سەرگەرمی و شانۆیی دەوڵەتی ژێر دەستەی ئینگلیزی و فەرەنسی دامەزرا. بەرهەمە (کارە) سەرەتاییەکان بەپانتایی هەردوو کۆمەڵگەکە نمایش دەکران، لە سەربازەوە تا دەگاتە بازرگان و سەوداچییەکان ڕۆڵیان تێدا بینیوە. بۆ نموونە لە هالیفاکس، گاریسن چەند شانۆگەرییەکی هەبوو هەروەها لەسەرەتای ساڵی ١٧٨٨ دا لەگەڵ شێردیان شانۆگەرییەکیان بەناوی قوتابخانە بۆ ئابڕووچوون نمایش کرد. ئەکتەرەکان ئەفسەر و کوڕ بوون کە ڕۆڵی ژنیان ئەبینی. گاریسن لە ساڵی ١٧٨٩ دا بوو بە

خاوەنی هۆڵی شانۆیی و شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیا وەک یەکەم کاریان لەو هۆڵە خستە بەر دیدی بینەران.

ڕابەرانی کڵێسا هەر زوو کەوتنە ڕێگە گرتن لە گەشەی شانۆ بە زمانی فەرەنسی لە خاکی نوێدا. ئەمەش ئایرۆنییە وەک قوتابخانەکان کە لەلایەن کڵێساکانەوە قۆرخ کرابوون، دەبوایە ئەو شانۆگەرییانە نمایش بکرێن کە بەشێک بوون لەبەرنامەی خوێندن و شێوازێک بوون بۆ نەپچڕان لەگەڵ دایکی خاک و زمان. کڵێساکان لە دەوڵەتە ژێردەستەکاندا زۆر بەهێزتر بوون وەک لەوەی لە ئەوروپا هەبوون. ڕابەرانی کڵێسا هیچ بەلایانەوە زەحمەت نەبوو نمایشەکانی مۆلێر قەدەغە بکەن بەتایبەتی لەو هێرشانەی کە لە شانۆگەری "دووڕوو"دا دەیکاتە سەر ڕابەرانی کڵێسا. لە ڕووداوێکی بەناوبانگ لە ١٦٩٣-١٦٩٤ دا حاکمی گشتی فرۆنتناک لەلایەن قەشەی ساینت ڤاڵیەرەوە بەرتیلی پێدرا بۆ قەدەغە کردنی نمایشی ئەم کارە ناوبانگ زڕاوە. کڵێسای ساینت ڤاڵیەر لە هەموو بوارەکاندا شانۆی قەدەغە کرد.

دوای داگیرکاری بەریتانییەکان، مۆلێر جارێکی تریش لەلایەن سەربازانی بەریتانیاوە بەزمانی فەرەنسی هاتەوە سەر شانۆی جیهانی نوێ. ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ کۆمەڵە شانۆییەکان ببینرێ کە سەربازان و خەڵکی سیڤیل پێکەوە کار دەکەن بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکانیان. لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی هەژدەهەم، لە کەنەدا دوو گروپ (کۆمەڵە)، تیپی ئاڵن بۆ کاری کۆمیدی و تیپی لاوە کەنەدییەکان نمایشی شانۆییان ئەنجام ئەدا. (٢)هەردوو لاشیان مۆلێریان نمایش دەکرد و هەروەها تیپی ئاڵن جگە لە مۆلێر، شەکسپیریشیان نیشان دەدا. لە وەرزی نمایشی ١٧٨٩-١٧٩٠ دا، ئەم دوو گروپە کاتەکانیان لەنێوان خۆیاندا ڕێکخستبوو.

## بنیادنانی هۆڵەکانی شانۆ

کڵێساکانی پرۆتستانت و کاسۆلیک بەهیچ شێوەیەک پشتیوانیان لە شانۆ نەدەکرد. ئەوان هۆڵەکانی شانۆیان دەشوبهاند بەوەی کە بۆ بەدڕەوشتی بنیاد نراون. بەڵام لە ناوەڕاست و ئەتلەنتیکی کەنەدا، شانۆ لەهەر جێگایەک بواری بۆ بڕەخسایە نمایش دەکرا وەکوو مەیخانەکان و بەگشتیش هەر پیاوان ڕۆڵیان تێدا دەگێڕا. لە هالیفاکس سەربازەکان هۆڵێکی نوێی شانۆیان بنیاد نا و لە ساڵی ١٧٨٩ بە نمایشکردنی شانۆگەری بازرگانی ڤینیسیای شەکسپیر کرایەوە. هەر زوو دوای ئەوەش شارلەتاون هۆڵی شانۆیی تێدا کرایەوە و دوای ئەوانیش لە شاری سەین جۆنز هۆڵێکی تر کرایەوە.

یەکەمین باڵەخانەی تایبەت بە نمایشی کاری هونەری لە ناوەڕاستی کەنەدا لە هۆڵی شانۆی پاشایەتی بوو لە شاری مۆنتریاڵ و هەروەها هۆڵی پاشایەتی سێرک - کە هەر زوو ناوەکەی گۆڕا و بوو بە هۆڵی شانۆی پاشایەتی - لە شاری کوبێک (هەردووکیان لەساڵی ١٨٢٥ دا دامەزران). هاوکات تیپە هونەرییە کۆچەرییەکان لە فەرەنسا کەوتنە دەرکەوتن و بەمەش کڵێساکان زیاتر پەست و تووڕە دەبوون. لەگەڵ بنیادنانی سیستمی هێڵی شەمەندەفەر کە بووە هۆی گەشەکردنی زیاتر و زیاتری گەشتی تیپە هونەرییە بێگانەکان بۆ کەنەدا، جۆرێک لە کلتووری ئیمپریالیزم (جووتبوون لەگەڵ نوخبەی لووت بەرز) کە بەرەوپێشچوونی بەرچاوی کارەکتەری شانۆی نەتەوەیی بەهەڵواسراوی هێشتەوە.

## ستایلی شانۆگەرییەکان


هاوکات لەگەڵ هاتنی هونەرمەندە ئەوروپییەکان، سیاسەتی ئەورووپیش دژایەتی دەکرا و هەر زوو کاریگەری ڕابەرانی کڵێسا لاواز بوو و زیاتریش لاواز بوو وەختێ شانۆ بووە ئامرازێکی

سیاسی. ڕێک هەروەکوو بارودۆخی ئەوروپا، کە ئێستا لە سێ بەشی فراوان پۆلین کراوە، ئایین، پەروەردەیی، سیاسەت و سەرگەرمی. یەکەمین بەش لەسەر بەرفراوان بوونەوەی سیستمی قوتابخانە ئاینییە فەرەنسی زمانەکان بەردەوام بوو، بەتایبەتی لەنێوان مەسیحییەکان (ئەوانەی بەردەوام بێباکانە لیبرالترن لە فەرمانەکانی کاسۆلیک). درامای سیاسیش دیسانەوە لەنێو فەرەنسی زماندا لە شێوەی وتار هاتە مەیدان و لەسەر ڕووبەری ڕۆژنامە سیاسییەکان بڵاو دەبۆوە، هەندێجاریش لە شێوەی دراماتیکی بەو مانایەی کە لە کۆبوونەوەکاندا بەدەنگی بەرز دەخوێنرانەوە (وەک خەملێنراوە ئەوکات سەدا پێنجی خەڵک خوێندەوارییان هەبووە). سەرگەرمیش لە ئەمریکاوە گەیشت و لەشێوەی گەشتی تیپەکان کە میلۆدراما و سێرکیان نمایش دەکرد وەکوو تیپی جۆن ب.ڕیکێتسی ئەمریکی کەلە شارەکانی مۆنتریاڵ و کوبێک لە

ساڵەکانی ١٧٩٧ و ١٧٩٨ دا نمایشیان ئەنجامدا.

## شانۆنامەنووسەکان

ئەگەر نووسین بۆ ئەوانەی لە خوا سڵ ئەکەنەوە، بۆ سیاسییە فێڵبازەکان، یان بۆ جەماوەری بەربڵاو بنووسرێ، ئەوا دراماتیستە ناوخۆییەکان زۆر قەرزاری ئەوە بوون کە چییان بۆ ترادیسیۆنی ئەوروپی و ئینجیل نووسیوە. ئیلیزا لەینسفۆرد کوشینگ ئایەتە بەتاڵەکانی درامای کتێبی پیرۆز"ئەسسەر"ی لەساڵی ١٨٣٨ و ڕوحی چارڵس هێڤیسێگ لەساڵی ١٨٥٧ و داستانی نیشتمانی فلیکس پۆوترەی لویس فریشێت لە ساڵی ١٨٦٠ نووسی، بەڵام ناکۆکی سیاسی بەچاکی و بەزیندوویی بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە شانۆگەرییەکەی فریشێت بەناوی پاپینۆ و کارە ساتیرئامێزەکانی وەک درامای هەرێمی هیو سکۆبی بەناوی فشاری خێزان لە ساڵی ١٨٣٩ دا، دیاربوون.



هۆڵی ئۆپرای نویَ لە شاری داوسن لە ئەرشیفی "یۆکن"ەوە وەرگیراوە

هەر زوو ئەکتەرە هەوەسکارەکان قایل نەبوون بە زەخیرەی کلاسیکی نویَ و دەستیان کرد بە تێکەڵبوونی زیاتر لەگەڵ نووسەرە خۆماڵییەکان. لەوماوەیەدا هیچ حاڵەتێکی بەرچاوی وا لەئارادا نەبووە، جگە لە فلیکس گابریاڵ مارچەند کە بوو بە سەرۆک وەزیرانی کوبێک لە نێوان ١٨٩٧- ١٩٠٠ ، کە بەناوبانگترین شانۆگەری ئەڵماسی ساختەی نووسی، کەلە دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە لە شاری کوبێک بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نمایش کراو و چەندین جاریش دووبارە کرایەوە. شەقامی کۆمیدیای فەرەنسی بۆ بینەرانی کوبێکیی خواستراو و بارهێنرابوو.

لەبەشی ئینگلیزی کەنەدا، لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، گەلێ بابەتی جۆراوجۆر نمایشکران کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بوون بە بینەرانەوە. هەرچەندە چوون بۆ بینینی شانۆ تا ئەو کات چالاکییەکی نوخبەوی بوو (بە زۆری لە شاری کوبێک) شانۆگەرییەکان کەوتنە بایەخدان بە کەسایەتی و ڕووداوە ناوخۆییەکان لەچەشنی تیکۆمسییە و لەورا سیکۆرد و هەروەها جین ڕۆبەرقاڵ. ولیەم ویلفرێد کامبڵ کە

تا ئەوکاتیش زۆر بە توندی لەژێر گاریگەری شەکسپیر دابوو، شانۆگەری کۆشکی دۆلارد ئۆرمیکسی نووسی.

هەرچەندە بێگانەکان بەردەوام دەهاتن بۆ ئەوەی بە کەنەدییەکان نیشان بدەن کە چی پێویستە لەسەریان و " بەڕاستی دەبێ چیبکەن" و هەندێجار وەک بزوێنەرێک بۆ کارامە کردنی ناوخۆ ڕەفتاریان دەکرد. بۆ نموونە گەشتەکانی سارا بێرنهاردت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کە هەڵسوڕاوێک بوو بۆ دروست کردنی سیستەمی ئەستێرەی هونەر کە گەلێک کەسی هاندا دەست بدەنە قەڵەم کە پێشتر بیریان لە نووسین بۆ شانۆ نەکردبۆوە.

شانۆ تا ئەو کاتەش بەزۆری مەسەلەیەکی بەرز و جوان بوو لەگەڵ هەندێ جیاوازی سەرنجڕاکێش. ئاشووبە ڕەگەزپەرستەکەی ساڵی ١٨٦٠ لە ڤیکتۆریا، وەختێ ڕەشپێستەکان ڕێی خۆیان کردەوە بۆ دانیشتن لەسەر ئەو کورسییانەی کە بۆ سپی پێستەکان تەرخانکرابوو لە شانۆی ئیمپریالی ڤیکتۆریا. (بڕوانە بەڵگەنامە بایەخدارەکان – شانۆ لە ڤیکتۆریا ١٨٥٠) و نمایشکردنی های ڕیڤەر لە شاری ئەلبێرتا لە ١٩٠٢ کە بە هێلکە بارانی نمایشکەران کۆتایی هات. زۆر شتی سەیریش هەبوو وەکوو ئەوانەی کە کڵێساکان دەستییان بەسەردا گرتبوو. قەشەکانی کوبێک کەوتنە سەرزەنشت کردنی "بێرنهاردت"، قەشەکانی ئۆنتاریۆش دەربارەی ئەو دیمەنانە دەدوان وەک ئەوەی کەلە ئەنجومەنەکاندا بینیبویان. ڕێڤ ج.پ.سیلیکۆکس لە ساڵی ١٨٨٣ دا دەڵێ: " بەهۆی قەومی "لوت"ەوە تەنانەت لەشەرماندا سوور هەڵگەڕان، وە گوێیەکانیشیان لەشەرماندا کەڕ بوون". سەرباری ئەم ژەهرانەش، نوخبەیەکی کۆمەڵایەتی وەکوو دەفرین خانم و ئێرڵ گرەی پشتیوانی شانۆیان کرد لە شێوەی پێشبڕکێی سەرگەرمی و

چاودێریکردنەوە.

کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم، شارەکانی سەرتاسەری کەنەدا پەرەسەندنی بنیادنانی هۆڵەکانی شانۆیان بەخۆوە بینی. لەنێوان ساڵانی ١٨٧٣-١٨٩٢ چل هۆڵی زیاتر لە هەزار کورسی کرانەوە. کە ئێستا بەهێڵی شەمەندەفەرەوە بەیەکترەوە بەستراونەتەوە. ئەم هۆڵانە میواندار‌ی بەرهەمی ئەو تیپانەیان دەکرد کە سێرک و بەتایبەتی سێرکی گەڕۆک کەلە شاری وینیپیگەوە دەستی پێکرد. هەروەها تیپە خۆجێیە پارەدارە پرۆفێشینالەکان لەشارەکانی وینیپیگ و ئێدمەنتۆن دامەزران. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا و لەشاری کوبێک شانۆگەرییە نمایش نەکراوەکان کەوتنە بڵاو بوونەوە. لە ساڵی ١٨٦٨ وە تا ساڵی ١٩٠٠ سەد و شانزە شانۆگەری بڵاو بوونەوە کە تەنها چل دانەیان نمایش کرابوون.

## سەردەمی زێڕین

شانۆ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم زۆر چالاک بوو. میوانداری گەلێ ئەکتەر و تیپی بیانی و ناوخۆیی ئەکرد، ڕووداونی دوو جەنگی جیهانی و داهێنانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئینجا دەستیان کرد بە پێداگری لەسەر بینینی خۆیان لەسەر تەختەی شانۆکان. هەرچەندە هۆڵەکانی شانۆی کۆمیونیتییەکان لەسەرتاسەری وڵات خەریکی چالاکی نواندن بوون، بەڵام زۆربەیان لەشێوەی بەرهەمهێنانی شانۆیی لەدەرەوە دەهێنران. بەڵام هونەرمەندە شانۆییەکان وەکوو مەریڵ دانیسۆن لەسەر درامای ڕادیۆی کەنەدی و (دواتر تەلەفیزیۆن) کاری دەکرد و بۆ ئێوارانیش لە شانۆکانی کۆمیونیتی و زانکۆکان بە خۆڕایی و بێبەرامبەر نمایشی دەکرد وەکوو هۆڵی شانۆی هارت هاوس.

لە شانۆ و درامای

کۆمیونیتییەکان پێشبڕکێ هەبوو وەکوو فیستیڤاڵی درامای دۆمینیۆن کەشانۆی کەنەدی سازی ئەکرد لەمیانی مەشق و ڕاهێنانی ئەو ئەکتەر و نووسەرانەی کە لە توانایاندایە سەرکەون بۆ پاڵەوانێتی شانۆیەکی بەڕاستی کەنەدی. چالاکییە شانۆییەکان پرۆگرامی درامای لە زانکۆکان دارِشت و بەرهەمی تیپە شانۆییە گەڕۆگەکانیش کەوتنە گەشتکردن بۆ مەڵبەندە بچووکەکان بەتایبەتی بۆ مەڵبەندی ئیلیزابس ستێرلینگ هاینس بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی شانۆیی ئیدمنتۆن، هەروەها خەڵاتی ئیلیزابس ستێرلینگ هاینس کە بەخەڵاتی ستێرلینگ ناونراوە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (مەڵبەندی بانف)ە بۆ هونەر.(٣)

مامۆستای شانۆ هارمان ڤۆدن ڕایگەیاند؛ "لەو بڕوایەدا بووە کە ئەوە ستایڵێکی شانۆییە کە گوزارشتی لە ڕوحی کەنەدییەکانی باکوور و " سەمفۆنیای دەربڕینخوازی" کردووە.

هونەرمەندەکانی تریش بە ئاراستەی داهێنانی شانۆی ڕەسەن کەوتنە کارکردن. دۆرا ماڤۆر موور کۆمەڵگەی شانۆی نوێی لەگەڵ چەند شانۆنووس و ئەکتەری تردا دامەزراند وەک جۆن کۆڵتەر، لیستەر سننگلەر، ماڤۆر موور . وە هەروەها باوە پییر و ئیمڵی لێگاوتش تیپی دی سان لۆرانییان لەگەڵ جین گاسکۆن و دەنیس پێلێتیەر و جین لویس رۆکس، دامەزراند.

لەو ماوەیەی ئەو دوو تیپە و ئەو تیپانەی لەوان و لەدەوروبەری ئەوانەوە لەدایک بوون وەک ڤیستیڤاڵی ستراتفۆرد (٤) و شانۆی دو موند نۆڤۆ، داهێنانی شانۆییان ئەنجام ئەدا، کارەکتەرێکی بچووک و نامۆ کە بەرگی کاندیانزی لەبەر بوو لە مۆنتریاڵ موژدەی لەدایکبوونی جۆرێکی تری شانۆیدا. فریدۆڵین داهێنەری گراتین گلیناس، منداڵ خستنەوەی تیک-کۆک ،کێ کۆمیدیای کاندائینیسی هێنایە بوون و ..تاد، شانۆنووسەکانیش وەکوو

مارسێڵ دوبێ فرانگۆیس لۆرانگەر، که شانۆگەرییەکانی لەوێدا نمایش



دیمەنێک لە شانۆگەری مارش هەی لە فیستیڤاڵی شانۆیی لە ساڵی ١٩٩٦

کراون.

## شانۆی هەرێمایەتی و شانۆی ئەلتەرناتیڤ

لە کۆتایی دەیەی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، شانۆی هەرێمایەتی لە زۆربەی ناوەندی شارەکان لەسەرتاسەری کەنەدا دامەزرا. ناوەندی شانۆی مانیتۆبا (١٩٥٨)، شانۆی یانە هونەرییەکان ( ١٩٥٨)، شانۆی نیپتۆن (١٩٦٣)، هۆڵی شانۆی ڤانکووڤەر (١٩٦٣)، شانۆی ستەیدڵ (١٩٦٥)، شانۆی گلۆب (١٩٦٦)، شانۆی نیوبرۆنزویک (١٩٦٨)، شانۆی گالگەری (١٩٦٨). شانۆی ئەلتەرناتیڤ و ئەزموونگەری

لەبەشی ئینگلیزی کەنەدا سەری هەڵدا. ۆرک شۆپی بەرهەمهێنان لە تۆرۆنتۆ (١٩٥٩)، شانۆی پاسی موریڵ (١٩٦٨) و شانۆی فاکتری ( ١٩٧٠)و لەبەشی فەرەنسی (گروپی کار) کە جەختیان لەسەر گەشەکردنی شانۆی کەنەدی و هەندێجاریش شێوازی دۆکیمێنتەری دەکردەوە و داهێنانی بەکۆمەڵیان ئەنجام دەدا.

لەسەدەمین ساڵیادی دروستبوونی کەنەدا، لە ساڵی ١٩٦٧ تەکانی زیاتر درا بۆ پشتیوانی نووسینی شانۆ و بەرهەمهێنان، لەوانە شانۆگەرییەکانی جۆرج ڕایگا، جەیمس ڕینەی و جۆن هاربێرت. ساڵی ١٩٦٨ شانۆگەرییە دوو پەردەییەکەی مایکڵ ترامبلی لەسەر شانۆی مۆنتریاڵ نمایشکرا، کەبووە هۆی پێشکەشکردنی جوال (دایەلێکتی "شێوە ئاخاوتنی" چینی کرێکاری کوبێک بوو) بە شانۆی کوبێک.

لەدەیەی حەفتاکان لەگەڵ بڕیاری گەشەپێدان و بەرەپێدانی شانۆی کەنەدی، گەلێ شانۆی بچووک بچووک هاتنە دەرکەوتن. شانۆی تاراگۆن کە بیل گلاسکۆ و جینی هاوژینی دایان مەزراندبوو، کەوتنە پشتیوانی کردنی نووسەرانی ئیندیڤیجواڵ لە چەشنی دەیڤد فرێنچ، دەیڤد فریمان، مایکڵ ترێمبلەی بە وەرگێڕانی هەریەک لە (گلاسکۆ و جان ڤان بورک)، کارۆڵ بۆڵت، شارۆن پۆڵۆک، ئێریکا ڕیتەر، ئاڵن ستراتن، دودیس تۆمسن و جەیسن شێرمان. هەروەها لەساڵی ١٩٧١ جان گرەی و لاری لیللۆ شانۆی تەماهنۆسیان لەشاری ڤانکووڤەر دامەزراند. شانۆی ئازادی تۆرۆنتۆش دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی کارە ئەزموونگەراییەکانی تۆم هێندری و مارتین کینچ و جان پالمەر و هەروەها ئەندراس تان و دەرچوانی تری زانکۆی ساسکاچوان، شانۆی شەقامی ٢٥یان لەشاری ساسکاتوون دامەزراند. ساڵی ١٩٧٢ لە هەرێمەکانی ماریتامیز هەریەک لە

کریس برووکس و لین لوند شانۆی مەمەرتراوپسیان دامەزراند و ئینجا هەریەک لە ئێڤلین گاربەری، تۆم میللەر، سارا لی لویز شانۆی پەری دەریایان لە هەرێمی نۆڤاسکۆشیا دامەزراند کە شانۆیەکی ئیستعرازی جەماوەری بوو بۆ توێژی گەنج. هەر لە هەمان ساڵ لە هەرێمی ئەلبێرتا، دۆگلەس ڕیسک و لوسیل واگنەر پڕۆژەکانی شانۆی ئەلبێرتایان دامەزراند وەک شانۆیەک بۆ بینەری گەنج، کە دواتر گەشەی پێدرا بۆ شانۆیەکی هەرێمی گەشەسەندوو بۆ گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی کاری نوێ لە میهرەجانی پلەی رایتس. لە شاری کالگەریش شانۆی پەمهاوس لە پاشماوەی شارەوانی پەمهاوسی مێژوویی هاتە دامەزراندن. ساڵی ١٩٧٣ لە مانیتۆبا، وۆرشۆپی شانۆی مانیتۆبا دامەزرا، کە دواتر بوو بە شانۆی پیریەر ئێسکسچەینج و دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی کاری تازە و میهرەجانی بلیسش لە وەرزی هاوین لە شارۆچکەیەکی ئۆنتاریۆ هاتە بەڕێوەبردن. لە ساڵی ١٩٧٤ و لە شاری برۆنزویک شانۆی جەماوەری ئەکەدیا دامەزرا. ساڵی دواتر ژمارەیەک تیپی شانۆیی هاتنە دامەزراندن لەوانە شانۆی ئەزموونگەری مۆنتریاڵ (کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە شانۆی ئەزموونگەری نۆڤیۆ)، شانۆی نێتوۆرک، شانۆی نۆرترن لایت لە ئیدمنتۆن؛ شانۆی بێلفری لە ڤیکتۆریا، شانۆی کەنەدی مەزن لە ئۆتاوا. شانۆی کاربۆن ١٤ لە مۆنتریاڵ. ساڵی ١٩٧٨ پێکهاتنی گەلێ شانۆی وەرزشی لە کالگەری، وۆرکشۆپی شانۆی ڕۆژئاوایی لە ئیدمۆنتۆن، شانۆی رایزینگ تاید لە ساین جان، شانۆی ناکای لە شاری وایت هۆرس بەخۆوە بینی.

شانۆی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جەماوەرییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لەمێژووی شانۆی کەنەدی گێڕاوە بەجەغدکردنە سەر داگیرکردنی پانتایی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی شانۆی کەنەدی. ساڵی

١٩٧٧ شانۆی کاتالیست لەلایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی خوێندنی باڵای زانکۆی ئەلبێرتا هاتە دامەزراندن. ساڵی ١٩٨٤ گراوند زیرۆ پرۆداکشن لەگەڵ کۆمەڵگە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بەئامانجی گۆڕینی کۆمەڵایەتی، کەوتە کارکردن. ساڵی ١٩٧٩ شانۆی نایتوود ژمارەیەک شانۆگەری سەبارەت بە پەروەندەی بەهێزی فیمینیستی، چەشنی شانۆنامەی (هاوڕێ لە کاتی نارێک ئەجندای ناوازە)، بەرهەمهێنا.

بزووتنەوەی شانۆی کەنەدی، سەرکەوتنی جەماوەری گەورەی لەساڵەکانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ لەسەرتاسەری کەنەدا بەدەستهێنا. شانۆنامەی (بیلی بیشۆپ دچێت بۆ شەڕ) بە گەشتێکی نیشتمانی لەگەڵ ژمارەیەک ئەکتەر و داهێنەر وەک جان گرەی، ئیریکا پیتەرسن؛ لە ڕۆڵی ماگی و پییەر بەهێنانەپێشچاو و نواندنی لیندا گریفتس بە نیشاندانی چیرۆکی سەرۆک وەزیرانی کەنەدا ترودۆ و وەیواردی هاوسەری، توانی سەرنجی هەموو جیهان ڕابکێشێت.

بەهاتنی دەیەی هەشتاکان، شانۆنامەکانی جۆرج ف وۆڵکەر و شارن پۆڵۆک لە سەرتاسەری کەنەدا و دەرەوەی کەنەداش هاتنە نمایشکردن؛ وەک شانۆنامەکان نمایندەی ئەلتەرناتیڤی نوێ بوون هەنگاویان نا بەرەو دامەزراندنی شانۆی هەرێمایەتی و هەروەها بەرەو شانۆی بەریتانی و ئەوروپی و ئەمریکی و دەرەوەی ئەوانەش. تیپەکانی وەکوو نێسیسەری ئەنجڵ ١٩٨١ و شانۆی ڕیپەیر ١٩٨٢ ئەزموونگەرایانە لەگەڵ بەرهەمهێنان لە شوێنە دۆزراوەکان بە شێوازی تازە و داهێنەرانەی شانۆ، کەوتنە کارکردن. ساڵی ١٩٨٦ دانیاڵ مەکلڤۆر لەڕێگەی شانۆنامەی دە دە کامیرا، توانی مەنەلۆگە نائاساییەکان و لوغزە سایکۆلۆژییەکان بخاتە بەرچاوی بینەر.

لە شارەکانی مۆنتریاڵ و تۆرۆنتۆ

و ڤانکووڤەر، گەلێ شانۆی تایبەت بە گەشەپێدانی کاری کلتووره جیاوازەکانی دانیشتوانی کەنەدا پێکهێنرا؛ وەکوو وۆرکشۆپی شانۆی بلاک (۱۹۷۲) و شانۆی تێسری دونیا (۱۹۸۱) و پرۆژەی شانۆیی کاهووت (۱۹۸٦) و تیپی شانۆیی ئۆبسیدیان (۲۰۰۰) و تیپی شانۆیی فوجینی ئاسیایی-کەنەدایی (۲۰۰۲) و شانۆی نیوۆرلد (۱۹۹٤). هونەرمەندانی بەرچاوی شانۆی کەمایەتی، جیاوازی درامییان لەمیانی گێرانەوەی چیرۆکەکانیان دەربارەی خەڵکە بنەڕەتی و موهاجیرەکان و کەشفکردنی کارتێکردن و پێکدادانیان لەگەڵ کۆمەڵگەی مەوجود، نیشان دەدا. شانۆی نەیتیڤەکانی کەنەداش دەگەنە جەماوەرێکی بەرین لە کەنەدا و دەرەوەی کەنەدا لە میانی کارەکانی تۆمسن هایوەی، مۆنیکا مۆجیکا، دانیال دەیڤد مۆسس، درو هەیدن تایلەر،ماری کلیمێنتس، کێنت ویلیەمز، و زۆری تر.

بزووتنەوەی فرینج کە میهرەجانی ساڵانەی شانۆییە لە ئیدمنتۆن دامەزرا، وەک مۆڵگەی کەشەسەندی شانۆی نوێ کە هەموو هاوینێک لەسەرجەم شارەکانی کەنەدا، دێتە سازکردن.

لە ساڵی ۲۰۲۰، شانۆی کەنەدی بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کرۆناوە داڕووخا. کۆڤید ۱۹ کەلە چینەوە سەریهەڵدا و بەخێرایی بەجیهاندا بڵاوبۆوە، بووە هۆی داخستنی شوێنە گشتییەکان وداخرانی شارەکان. بۆیە زۆرێک لە تیپە شانۆییەکان هەوڵیاندا بەرهەمەکانیان لەڕێگەی ئۆنلاینەوە نمایش بکەن بە ژمارەیەکی کەم لە ئەکتەر، یانیش بەهۆی پرۆگرامی زووم کە ئەکتەرەکان بەهۆی ئەنتەرنێتەوە پێکەوە لەڕایەڵەدان، نمایشەکانیان بخرێنە سەر سکرینی کۆمپیوتەرەکان. بەڵام بەهۆی کێشەی داراییەوە، هونەرمەندانی شانۆیی بۆ ماوەیەک ڕووبەڕووی بێکاری بوونەوە.(٥)

## پەراوێزەکان وەرگێڕ ئامادەی کردوون:

(١) ئەکتەری ئیمائیییەکان بەو هونەرمەند و ئەکتەرانە دەوترێت کە لەگەڵ هونەرمەندە هاوپیشەکانیان لەشوێنێکەوە دەچوون بۆ شوێنێکی تر یانیش نمایشی شانۆییان ئەنجام دەدا. ئەم ئەکتەرانە خۆشی لە جەژن و کار و نمایشی سەرشانۆ وەردەگرن کە زۆربەی کات نمایشەکەیان کۆمیدیین وەک ئاماژە بە ڕووداوێکی فاشل یان نالۆژیک یان دروستکراو.

(٢) ئەم تیپە لە شاری مۆنتریاڵ لە هەرێمی کوبێک لەساڵی ١٨١٧ دامەزرا. بەڕیوەبەری تیپەکە کاپتن جۆزیف بوو. یەکەم بەرهەمیان شانۆگەری گریگۆری وەرسکەرە مەزنەکە و پاشان دەقێکی مۆلێریان نمایش کرد. پاشان گەلێ کاری ئیستیعرازییان ئەنجامدا. لەساڵی ١٧٨٩-١٧٩٠ تیپەکە دەچێتە شاری کوبێک و دوای چەندین شوێنی کاتی، لە ساڵی ١٨٠٤ هۆڵی شانۆی پەتەگۆنیان وەک بارەگای تیپ دروست کرد.

(٣) مەڵبەندی بانف بۆ هونەر مەڵبەندێکی کەوتۆتە شاری بانف لە هەرێمی ئەلبێرتا و لەساڵی ١٩٣٣ لەلایەن زانکۆی ئەلبێرتاوە دامەزراوە. پرۆگرامە هونەرییەکانی وەکوو نمایش و شێوەکاری و میدیا و مۆسیقا و ئەدەب و ئەدەبی نەیتیڤ و تیا دەخوێنرێت

(٤) فیستیڤاڵی ستراتفۆرد، فیستیڤاڵێکی شانۆییە کە لەنێوان نیسان تا تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێک لە شاری ستراتفۆرد لە هەرێمی ئۆنتاریۆ دێتە سازدان.

(٥) ئەم نووسینە لەڕاستیدا پڕە لە ناوی کەس و تیپ و شوێن و ڕووداو، کاتێک ویستم پەراوێزیان بۆ بنووسم، بینیم هەویریکە و ئاو زۆر دەکێشێت. بۆیە جگە لەم دوو سێ پەراوێزەی سەرەوە، ئیتر وەکوو خۆی لێی گەڕام تا ئەگەر خوێنەر ویستی زانیاری لەسەر هەر ناو و ڕووداو و تیپێک دەست بکەوێت، دەتوانێت لەڕێگەی گووگڵەوە ئەو کارە بکات.

* سەرچاوەی ئەم نووسینە، ئینسایکلۆپیدیای شانۆی کەنەدییە.

http://www.canadiantheatre.com/dict.pl?term=History%20of%20Canadian%20Theatre

☆

# زمانی زگماک

نووسینی: سلیمان قاسمیانی

زمان ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە. بە بێ زمان، بێ قسەکردن و دوان، مرۆڤ بەشێکی گرینگ لە وجوودی خۆی لە دەست دەدا و دەکەوێتە گێژاوی پەرەوازە بوون و تەنیایی کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ مەرگ نییە. مناڵ بە زمانی زگماک، ئەو زمانەی دایک و باوکی قسەی لەگەڵ دەکەن چاوی بە دونیا دەپشکوێ و فێری ژیان دەبێ. فێر دەبێ کە چی بڵێی و چۆن بڵێ تا نیاز و پێداویستییەکانی بە ئەنجام بگەن و بە سەر داری ژیاندا هەڵچێ، باڵا بکا، خۆی بناسێ، بناسێنێ و دونیا لە باوەش بگرێ. زمانی زگماک ئەو پردەیە کە مناڵ لەوبەری نەبوون و نەزانین و تێنەگەیشتن دەگەیێنێتە ئەوبەری هەبوون و زانست و تێگەیشتن. دیارە مناڵێک کە هاتە دونیا، بە هەر زمانێک لە گەڵی بدوێی، بەو زمانە ڕادێ و خۆی و دونیای پێ دەخوێنێتەوە.

بەڵام زمان، چ زگماک بێت و نەبێت لە ژێنەکانماندا نییە، بەڵکوو شتێکە فێری دەبین و بە تەواوی گرێدراوە بە پەیوەندی مرۆڤ بە یەکەوە. بێ پەیوەندی نێوان دوو ئینسان، زمان ناکەوێتە گەڕ و لە ناڵە، بۆڵە، قیژە، زیڕە و هات و هاوار... بەرهەمێکی تری لێناکەوێتەوە.

ئەمڕۆ ئیتر لە باری زانستییەوە، کەس نییە نکۆڵی بکا لە گرینگ بوونی زمانی زگماک بۆ فێرکاری و پەروەردەی مناڵان. ئەو مناڵانەی کە بە زمانی زگماک خوێندن دەست پێدەکەن زۆر ئاسانتر و خێراتر زانستی نوێ وەردەگرن، لێی تێدەگەن، وریاتر دەبن و

بەهێزتر دەچنە پێشەوە و کۆی زانستیان زیاتر و زیاتر دەکەن. منالان بە گشتی زۆر وریان و توانایییەکی ئێجگار زۆریان هەیە بۆ فێربوون، چ زمان بێت و چ شتێ تر. کەم نین ئەو منالانەی کە لە تەمەنی شەش سالیدا چوار زمان لێک دەکەنەوە و قسەی پێدەکەن.

سەرەڕای ئەوەی کە مافی قسەکردن و خوێندن بە زمانی زگماک، مافێکی بنەڕەتی ئینسانییە و تەنانەت لە ڕیزبەندی مافەسەرەتاییەکانی پەسەندکراو لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا بوونی هەیە، دیسانیش زۆر وڵات و دەسەڵاتی سەرکوتگەر و دیکتاتۆری هەن کە ڕێگە بە خوێندن بە زمانی زگماکی نادەن. کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێکە لەو حکوومەتە چەپەڵە نامرۆڤانەی بوون و مانەوەی بەستراوەتەوە بە کوشتوبڕ و سەرکوتکی خەڵک لە هەموو بوارە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکاندا. کۆماری ئیسلامی ئێران بەر لە هەموو شتێک، دەسەڵاتێکی دژ بە کرێکار و زەحمەتکێشە و نانی سەر سفرەشیان پێ ڕەوا نابینێ. بە ملیۆن کرێکار هەیە کە تەنانەت حەقدەستی کاری ڕۆژانەکەشیان پێ ڕەوا نابینن و دەبێ بۆ حەقدەستە وەدواکەوتووەکانیان بجەنگن. ئەم دەسەڵاتە هاوکات لە بنچەوە بە تەواوی دژ بە ژنە و نێرسالارییەکی دڵتەزێنی بە سەر ژناندا سەپاندووە. هەڵاواردن و زوڵمی نەتەوایەتیش لایەنێکی تری پیس و چەپەڵی ئەم دەسەڵاتە ئایینییەیە.

لە ئێراندا زمانی فارسی، زمانی خوێندن و نووسین و پەیوەندی گرتن لە گەڵ دایرەکانی دەوڵەتییە. هیچ منالێک کە زمانی زگماکی فارسی نەبێ، بۆی نییە لە قوتابخانە بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێ. دیارە ئەوە بەر لە هەموو شتێک سەرکوتکردنی منالە لەوەی کە نەهێڵرێ خۆی بەو زمانە کە دەیزانێ و پێی ڕاهاتووە، دەرببڕێ. منالەکە مەجبوور دەکرێ ئەو

زمانەی کە دەیزانێ سەرکوت بکات و خۆیشی لە ڕێگەی زۆر و سەرکوت مەجبوور دەبێ زمانێکی دیکە فێر ببێ. هەروەک ئیشارەی پێکرا، زۆر منداڵ سەرەرای ئەم سەرکوت و بەرگیرییە بە زمانی زگماکیشیان، بێ دەردەسەری زۆر، فێری خوێندن و نووسین دەبن. بەڵام کەم نین ئەو منداڵانەی کە بە هۆی جۆراوجۆری فیکری و جیسمی و تەنانەت نیاز بە یارمەتی تایبەت، خوێندن و نووسینیان بە گشتی بۆ سەخت و دژوارە. بۆ ئەومنداڵانە، بارەکە چەن بەرابەر قورستر و دژوارتر دەبێت کاتێک ڕێگەیان نەبێت بەو زمانەی کە دەیزانن قسە بکەن و قسەیان لە گەڵ بکرێ. ئەمە توندو تیژیی ئاشکرایە دژ بە منداڵان. بەڵام دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر کە نانی سەرسفرەی خەڵک و ئەو منداڵانەش دەبڕێ، کە کرێی کاری رۆژانە و مانگانەیان نادات، کەی بیر لە هەستی منداڵ و پێداویستییەکانی فێرکاری منداڵان دەکات. دیارە کە نایکات.

زارا محەمەدی ئەندامی ڕێکخراوی "نۆژین" هەڵسووڕاوی مەدەنی کە بۆ مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماک چالاکی دەنواند، کەوتە بەر پەلاماری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران. زارا محەمەدی بە تاوانی وانە گوتنەوە بە زمانی کوردی حوکمی پێنج ساڵ زیندانی بە سەردا سەپێندرا و ئیستا لە زیندان دایە. گرتن و زیندانی کردنی زارا،



زارا محەمەدی

پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە و دەبێ لە هەموو لایەکەوە مەحکووم بکرێ. هیچ مرۆڤێک نابێ بە هۆی ڕەچاوکردن و کەڵوەرگرتن لە مافە ئینسانییەکانی خۆی، تووشی ئەزیەت و ئازار بێت. بەداخەوە ئیمە لە ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دا نەک بۆ مافی قسەکردن بە زمانی زگماک، بەڵکوو تەنانەت بۆ مافی ژیان و بۆ نانی ڕۆژانەشمان لە شەڕی بەردەوام داین.

## زمان و پێناس

لە سەر مەحکوومکردنی گیرانی زارا محەمەدی زۆر هێز و لایەن هاتنە دەنگ. لەم ناوەدا ناسیونالیزمی کوردیش بێدەنگ نەبوو و نابێ و هەوڵ دەدا هەلەکە بقۆزێتەوە و ژەهری ڕەگەزپەرستی هەرچی زیاتر بلاو بکاتەوە و هێزی تازە بە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. ناسیۆنالیسم زمان و جل و بەرگ و ئاسەوار و نیشانە گەل و رێ و رەسمی باو و کۆن بەپیرۆز دەکا و هەوڵ دەدات بیانکاتە پێناسی خەڵک.

بە پاساوی زیندانیکرانی زارا، سوسیال میدیا پرکرا لە بانگەشەی "زمانی کوردی پێناسەی منە". دیارە ڕەوتی ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستی، بۆ بەدیهێنانی یەکپارچەیی نەتەوەیی تەنیا دەتوانێ دەست ببا بۆ شت گەلی ڕووەکی و ئەو شتانەی کە ئاوتۆماتیکن و بەدەر لە خواستی مرۆڤەکانن. زێدی مرۆڤ بە دەست خۆی نییە. دایک و باوکت لە کوێ ژیابن تۆش پێت خۆش بێ و پێت ناخۆش بێت هەر ئەو شوێنە دەبێتە زێدت، ئەگەر کۆچی زۆرمەلی، دایک و باوکەکەی لە زێدی خۆی نەڕەتاندبێ. زمانی زگماکیش گرێدراوە بەو ڕاستییەوە. لە کوێ لە دایکبووی و دایک و باوکت بە چ زمانێک دەدوێن، دەبێتە شتێکی ئاوتۆماتیک بۆ منداڵ. جل و بەرگیش تا ڕادەیەک پەیوەندی بە ڕەسم و عاداتی ئەو کۆمەڵگایەیە

کە مرۆڤ تێیدا دەژی. ئەگەر زمانی زگماک ئاوتۆماتیک بێ وەکوو بەشیک لە بوونی مرۆڤ، پۆشاک بەو شێوەیە ئاوتۆماتیک نییە و زیاتر پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە توانایی ماڵی و پلەی چینایەتی خەڵک.

## زمان پێناسەی من نییە!

زمان هەروەک وترا، ئامرازی پەیوەندی گرتنی مرۆڤەکانە. بەڵام زمان هەموو شتێکی مرۆڤ نییە، بەڵکوو بەشێکە لە بوونی مرۆڤ. هەرچی ئێمە زمانی جۆراوجۆر بزانین، دەستمان ئاواڵەتر دەبێ بۆ پەیوەندی گرتن لە گەل مرۆڤی تر. مرۆڤێک کە چەن زمان دەزانێ، دەوڵەمەندتر و بەهێزترە لەوەی کە تەنیا یەک زمان یان زمانی کەمتر دەزانێ. هەر زمانێکی تازە، پەنجەرەیەکی زیاتر روو لە جیهان بۆ مرۆڤ دەکاتەوە. تا ئەوجێگایەی باس لە سەر ئاخافتن و دووان بێت لە گەڵ مرۆڤی تر کە زمانی تۆ نازانن، هیچ زمانێک بە نرختر لە زمانێکی تر نییە. هەرچەند زمانێک دەتوانرێ لە زمانێکی تر دەوڵەمەندتر بێت کە ئەویش لە پلەی یەکەم دا پەیوەندی هەیە بە دەسەڵات و مێژووی سیاسی و ئابووری ئەو خەڵکەی کە بە زمانەکە دەدوێ، نەک زمانەکە لە خۆیدا. ئەگەر زمانی ئینگلیسی لە دەوڵەمەندترین و بەهێزترین زمانەکانی دونیایە، دەگەڕێتەوە سەر مێژووی چەند سەد ساڵی دوایین و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ئینگلیس، بەتاڵانبردنی دارایی و وزە و گەنج و سامانی ئەو ولاتانە و گەشە پێدانی کاپیتالیستی ئەو ولاتە لە سەر بنەمای ئەو تاڵانگەرییانەدا.

هەر زمانێک کە منی تاک بتوانم قسەی پێ بکەم، دەبێتە بەشیک لە تواناکانی من. ئەوانە هەموویان زمانی منن بە پلەی جیاوازەوە، بە پێی ئەوەی کە چەندە توانایيم هەبێت بە سەریاندا. ئەوە هەل و مەرج و شوێنە، کە بڕیار دەدا کام

زمانە بە کارت دێت و چەندە بە نرخە. لەوانەیە زمانێک کە باشیش نەیزانی، لە دیدارێکت لە مرۆڤێکی تردا کە زمانی زگماکی تۆ نازانیێ، ببێتە تەنیا ئامرازی پەیوەندی تۆ لە گەڵ ئەو کەسە. لەوکاتەدا ئەو زمانە بۆ تۆ لە هەموو زمانەکانی ترت بە نرخترە. تۆ ئەو ساتەش هەر هەمان مرۆڤەکەی جارانی، بە بیروبۆچوون و هەڵویست و قازانج و بەرژەوەندی هەمیشەییت هەرچەن بە زمانێک قسە بکەی کە باشترین و بەهێزترین زمانیشت نەبیێ.

رەوتی ناسیۆنالێست پێویستی هەیە بە یەکریزکردنی خەڵک، لە بەرانبەر نەتەوەکانی رەقیب. لە روانگەی ناسیۆنالیسمەوە، "نەتەوە" کان رەقیبی یەکترن و هەر یەکەی دەبیێ لە فکری خۆی دابیێ. ئەم بۆچوونە ئاساییە و ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەر جیهانبینی بورژوازی. "نەتەوە" لە بنەرەت دا، دەسکردی بورژازییە بۆ دابینکردنی بازاری خۆی لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا. لە دونیای بورژازی دا، بناغەی بەرهەمهێنان و ژیانی ئابووری لە سەر رەقابەت و کێبڕکێیە. هەر بورژوایەک لە پلەی یەکەمدا تەنیا و تەنیا لە بیری قازانج و خێر و بێری خۆی دایە هەم لەو ناوچەیەی کە تێیدا دەژی و هەم لە هەموو دونیادا. لەو روانگەشەوە بورژوازی هەوڵ دەدات تا ئەو جێگەیەی بۆی بکریێ، بازاری خۆی فراوانتر بکات و مەودای هەڵسووڕان بۆ رەقیبەکانی دژوارتر بکات. هەر لەم روانگەیەشەوەیە کە رەوتی ناسیۆنالیستی "نەتەوە"کانی تر بە رەقیب دادەنیێ. داراکانی کۆمەڵگا، بورژواکان، هەوڵ دەدەن گەورەترین درۆی چینایەتی بە خەڵکی بازارەکەی هاوزمانی خۆیان بسەلمێنن کە ئەو "بازارە" هی ئەوانیشە و هەموویان بە یەکسان خێری لیێ دەبێنن.

زمانی هاوبەش، کەواو پانتۆل، هەڵپەرکێی کۆنی کوردی، لاوک و حەیران و هەڵبەستی فۆلکلۆر،




تەنانەت ئایین، دەکرێن بە هەوێنی هەویری کوردایەتی و بە پیرۆز دەکرێن تا "نەتەوە"کەی پێ ساغ بکەنەوە. "نەتەوە" دروستکردن لە هەموو دونیا دا فێڵی بۆرژواکانە لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بۆ ئەوەی بیانکەنە سووتەمەنی بازاری خۆیان لە بەرانبەر ساحەبی بازارەکانی "دەرەکی". رەوتی ناسیۆنالیستی بە یەکریزکردنی خەڵک لە ژێر ئالآی نەتەوەدا، کڵاو لە سەر جەماوەری بەرینی خەڵک دەنێ، بۆ ئەوەی نەکەونە بیری بەرژەوندی چینایەتییان. دەبێ کرێکار و زەحمەتکێش هەمیشە خەریک بکرێ بە هەڕەشەی رەقیبە دەرەکییەکان، ئەوانەی زمانەکەیان جیاوازە، لیباسەکەیان جۆریکی

تره، دینەکەیان شتێکی تره، گۆرانییەکانیان هەوایەکی تریان هەیه. کرێکار ئەگەر له بەرژەوەندی خۆی بیر بکاتەوه، دەبینێ که بورژوای "نەتەوه" ی خۆی و "نەتەوەکانی" تر به قەرای مسقاڵێک فەرقییان نییه، کاتێک دێته سەر حەقدەستی رۆژانه و مانگانه و ساعەتکار و زەبرو زەنگی کار و مافەکانی ئەوان. بورژواکان له بازاردا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییه هەرچەن زمانیان جیاواز بێت و لیباس و دینیان فەرق بکات.

دیاره که له وڵاتێکی سەرکوتگەری وەکوو ئێران و تورکیا، بێبەشی و چەوسانەوەی کرێکار، دەردی هەڵاواردن به هۆی رەگەز و ئایینیش دەکەوێته سەری. ئەگەر وردەبورژواکانی کوردزمان، بێحورمەتییان پێدەکرێ به هۆی کوردبوونیان، کرێکارانی کوردزمان، گەورەترین بێحورمەتییان پێدەکرێ له بازاری سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا به داسەپاندنی کاری هەرزان و مفت، به هۆی بێبەشی موتڵەق له هەرجۆره خزمەتگوزاریەکی سلامەتی و کۆمەڵایەتی. بورژوا و وردەبورژواکانی کورد هەرگیز له هیچ پارچەیەکی کوردستان دا نەهاتوونه مەیدان بۆ پشتگیری له داخوازییەکانی کرێکارانی کوردستان سەبارەت به مافه ئابووری و سیاسییەکانیان. رەوتی "نەتەوه" پەرستی کورد، هەرگیز لەبیری ئەوەدا نییه که کرێکارانی "نەتەوەکەی" له کوردستان ژیانیان نامرۆڤانەیه و بۆ پاریزگاری له بەرژەوەندییەکانی ئەوان، بۆ بەدەستهینانی مافی خۆرێکخستن، بۆ بیمەی بێکاری، بیمەی نەخۆشی، بۆ دابینکردنی خانوو ... و تاد بۆیان بێته مەیدان. رەوتی ناسۆنالیست نه دەیهەوێ و نه دەتوانێ ئەم کاره بکات چونکه ئەم کاره له گەڵ بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری و بورژاوزی خۆماڵی نایەتەوه. ئەوان دەتوانن دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەر و بورژواکانی نەتەوەی باڵادەست، شیعار بدەن بەڵام هەرگیز ناتوانن

مل بنێن بە خواستەکانی چینی کرێکار. ناکرێ! چونکە ماڵی ئەم رەوتە لە سەر ژێردەستەبوون، لە سەر کرێکارمانەوە، لە سەر بێبەشی و لە سەر دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگاوە دانراوە.کرێکارانی کوردستان ئاڵای یەکسانی هەڵدەگرن بۆ هەموو مرۆڤێک، لە گشت دونیا دا بە کوردستان و ئیرانیشەوە. ئاڵای ئەوان بۆ نەهێشتنی هەموو هەڵاواردنێکە نەک تەنیا لە سەر زمان و جل و بەرگ.

هەر لەم روانگە ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەوە بوو کە دوای رووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران، زستانی ١٣٥٧، "کۆمەلە" لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیدا تا ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی چەکداریی بە سەر هەموو کوردستاندا نەکشابوو، بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دا دەرسی بە منالان دەوتەوە. کۆمەڵەی کۆمۆنیست، یەکەم رێکخراو بوو کە هەستا بەم ئەرکەوە و کتێبی "ئەلف و بێ"ی بۆ پۆلی یەکەم و پۆلی دووەمی سەرەتایی لە کوردستانی ئێران چاپ کرد. لە پێشەکی کتێبی "ئەلف و بێ"ی پۆلی یەکەمی سەرەتایی بەمجۆرە باس لە چۆنیەتی ئەم هەوڵە کراوە:

## پێشەکی کتێبی "ئەلف و بێ"

*کۆمەڵە وەک پێشرەوی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان کە رابەری بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کوردی لە پێشە، رابەری و بەرێوەبردنی فێرکردن و بارهێنان لە کوردستان دابە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ.*
*بۆ ئێمە فێرکردن و بارهێنانی شورشگێرانە مەیدانێکە لە هەڵسوورانی کۆمەڵایەتی وسیاسی کە وێرای لەناوبردنی نەزانی و نەخوێندەواری، یاریدەمان دەدا بۆ وشیارکردنەوەی بیری جەماوەر و وەگەرخستنی لێهاتوویی کرێکاران و زەحمەتکێشان، هەروەها بۆ ئامادەکردنی ئەوان بۆ خەبات لە*

پێناوی وەدەستهێنانی ماف و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان.
هەر بەم پێیە، ئامانجەکانی ئێمە کە سیاسەتە ئامووزشی یەکانی ئێمە دیاری دەکەن، بریتین لە:
خوێندەوارکردنی گشتی و بەربەرەکانی لە گەڵ نەزانی و نەخوێندەواری. لەناوبردنی هەرچەشنە بێ بەشییەکی کۆمەڵایەتی لە سەر ڕێی خوێندەواربوونی جەماوەر و پێکهێنانی هەلێکی لەبار بۆ خوێندەوارکردنی گشتی.
داڕشتنی نیزامێکی نوێی ئامووزشی لە سەر ئەساسی بناغەیەکی عیلمی.
فێرکردن و پەرەپێدانی زانست و فەرهەنگی عیلمی و شۆڕشگێڕانە و بەربەرەکانێ لە گەڵ فەرهەنگی کۆنەپەرستانە و خورافاتی، پەروەردەکردنی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و منداڵەکانیان بە ڕۆحی دێموکراسی شێلگیرەوە.
ڕێ خۆشکردن بۆ فێرکردنی سوسیالیزمی عیلمی و بەربەرەکانی لە گەڵ هەر فەرهەنگێک کە لەخزمەت خەرفاندن و فریودانی جەماوەر و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی گەندەڵی سەرمایەداری دا بێ.
هەنگاو هەڵێنانەوە بەرەو وەدیهێنانی ئەو ئیقداماتە فەرهەنگییانەی کە لە بەرنامەی کۆمەڵە بۆ خودموختاری کوردستان دا دیاری کراون.
هەروەها هاندان و ئامادەکردنی جەماوەر بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی فێرکردن و بارهێنانی شۆڕشگێڕانە.
لە مەدرەسەکانی کۆمەڵە، خوێندن بە زمانی کوردی و بە شێوەیەکی نوێ بەڕێوەدەچێ. زمانی فارسیش لە کلاسی چوارەمی سەرەتایی بەولاوە لەم مەدرەسانە دەوترێتەوە. ئێستا لە کلاسەکانی خوێندەوارکردنی گەورەسالان دا، خوێندن بە زمانی فارسییە، چونکە لە هەل و مەرجی ئێستا دا خوێندن بە زمانی فارسی باشتر دەتوانێ وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوان بێ.

"کۆمیسیۆنی مەرکەزی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە"

☆


# ڕۆژی جیهانی فەلسەفە

ئامادە کردنی: شلێر رەشید

١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ ڕۆژی جیهانی فەلسەفەیە. سێیەم پێنج شەمەی مانگی نۆڤەمبەری هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانی فەلسەفە دانراوە. بەو بۆنەیەوە شیکردنەوەیەک دەربارەی تابلۆی قوتابخانەی ئەثینا تان پێشکەش دەکەین.

قوتابخانەی ئەثینا قوتابخانەیەک بوو بۆ خوێندنی فەلسەفە، بێگومان قوتابخانەی ئەثینا و ئەکادیمیاکەی **پلاتۆ** دوو قوتابخانەی جیاوازن. ئەم تابلۆیە لەناو ئەپۆستۆلیک پالاس، مۆزەخانەی ڤاتیکەن The Vatican Museumلەناو شاری ڤاتیکەن ی وڵاتی ئیتاڵیایە. لەلایەن ئارتستی ئیتاڵی سەردەمی ڕێنیسانس **ڕافەیەڵ** کێشراوەو نەخشێنراوە، بەرزییەکەی ٥٠٠ سم




Zeno
Averroes
Aeschines
Epicurus
Anaximander
Antisthenes
Pythagoras
Anaxagoras
Socrates
Hypatia
Parmenides
Heraclitus
Plato
Aristotle
Diogenes
Peripatetics
Plotinus
Euclid
Ptolemy
Zoroaster

و پانییەکەی ٧٧٠ سم ه، لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٩ – ١٥١١ کێشراوە، داوا لە **ڕافەیەڵ** کراوە ئەو ژوورە بڕازێنێتەوە، هەر بۆیەش بە ژوورەکەی **ڕافەیەڵ** ناسراوە. پیاهەڵدەرانی تابلۆکە دەڵێن دەتوانین تەقریبەن هەموو فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن لەم تابلۆیەدا ببینین.

**ئەرەستۆتڵ** و **پلاتۆ** دوو فەیلەسوف و دووکەسی سەنترالّ و دیاری ناو تابلۆکەن. هەریەکەو کتێبێکیان بە دەستی چەپیان هەلگرتووەو بە دەستی ڕاستیان ئاماژە بۆ زەوی و ئاسمان دەکەن. **ئەرەستۆتڵ** گەنجێکی پۆشتەیەو ساندڵێکی لەپێیە، ڕەنگی شین و سەوزی پۆشیوە ئاماژەیە بۆ ئاو و زەوی کتێبی دایەلۆگی ***Timaeus***ی بەدەستی چەپییەوە گرتووە، کتێبەکە چارەسەرێکی پێشکەوتووە بۆ کات و شوێن و گۆڕان space, time and change . **ئەرەستۆتڵ** پێی وایە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر زەوی ڕوویانداوە بەهۆی جوڵەی ئاسمانەوە بووە. **ئەرەستۆتڵ** بەدەستی ڕاستی ئاماژە بۆ زەوی دەکات وەکوو دنیای ماتریالّ. دەستکەوتەکانی **ئەرەستۆتڵ** لە مێژوودا و هەروەها پەرەسەندنی لە فکری ڕۆژئاوا دا تاسینەر و بێوێنەن.

**ئەرەستۆتڵ** لەوە زیاتربووە کە تەنها فەیلەسوفێکی ئەبستراکت بێت، زانا و ئەستێرەناس و ثیۆرستێکی سیاسی بووە. لەبوارێکدا داهێنەربووە کە ئێستا پێیدەگوترێت لۆجیکی سمبولی یان فەرمی. لەسەر ئاستێکی فراوان لە سەر زانستی بایۆلۆجی و زانستی دەروونناسی و مۆڕالّ و فیزیا و مێتافیزیک و سیاسەت نووسیویەتی و هەلومەرجی گفتوگۆی بۆ هەموو ئەمانە داناوە. لەدوای مردنی بۆ ماوەی ٢٠٠ سالّ کارەکانی ونبوون، بەلاّم خۆشبەختانە دیسان لە دورگەی کریت دۆزرانەوە.



**ئەرەستۆتڵ** لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا دەستی بە خوێندن کرد. لە ئەکادیمیاکەی پلاتۆ، بۆ ماوەی بیست ساڵ مایەوە تاکوو مردنی پلاتۆ. دوایی دامەزراوێکی تایبەتی بۆ خوێندنی فەلسەفە دامەزراند بەناوی "قوتابخانەی لایسیەم the Lyceum" فەلسەفەیەک شەرح دەکات لە ڕووی میتۆد و ناوەڕۆکەوە تەواو جیاواز لەوەی مامۆستا فەرمییەکەی.

**پلاتۆ** لە شێوەی **لیۆناردۆ داڤنشی** دەرکەوتووە و لە دەستەڕاستی **ئەرەستۆتڵ**ەوە وەستاوە، **لیۆناردۆ داڤنشی** ئیلهامێک بوو بۆ زیندووکردنەوەی فەلسەفە و کەلتوری یۆنانی کۆن لە ئەوروپا، شان بەشانی کارەکانی **ڕافەیەڵ** لەژێر کاریگەری **لیۆناردۆ** داڤنشی لە کاری شانۆ، ئەندازیاری، بینایی چاو Opticsو ئەندازە و تویکاری anatomy، میژوو، ئەندازەی بیناسازی و هونەر. ئەم کارە وەکوو "شاکاری **ڕافەیەڵ** و بەرجەستەکردنی ڕوحی ڕێنیسانس" تەماشا دەکرێت.

**پلاتۆ** بەرگێکی ڕەنگ سووری کەمێک تێکەڵ بە زەرد و مۆری پۆشیوە کە ئاماژەیە بۆ ئاگر و هەوا. **پلاتۆ** کتێبی ئەثیک ***Ethics*** واتە ئەخلاق ی بەدەستەوەیە. **پلاتۆ** بە پەنجەی دەستی ڕاستی ئاماژە


بۆ ئاسمان دەکات وەکوو مەملەکەتی بەهەشتی ئایدیالّی. لە تابلۆکەدا **پلاتۆ** ڕیشی سپییە و بەتەمەن دەرکەوتووە، پێی پەتییە. **ئەلفرێد نۆرث وایتهێد** دەڵێت: ئاسانترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا، گەڕانەوەیە بۆ پەراوێزەکانی **پلاتۆ**. **سۆکرات** قوتابی **پلاتۆ** بووە بەلام لە زۆر ڕووەوە ڕای جیاوازیان هەبووە و ناکۆک بوونە.

وەکو دەبینین **پلاتۆ** و **ئەرەستۆتل** دوو کەسایەتی سەنترالّی سەر تابلۆکەن و تابلۆکە دەکەن بە دوو بەشەوە. هیچ کەسێک هێلّی نێوان **پلاتۆ** و **ئەرەستۆتل** ی نەبڕیوە ئەو کەسایەتییانەی کەوتوونەتە دەستە چەپی پلاتۆوە ئایدیالّییەکانن. ئەوانەی لە دەستە چەپی سۆکراتن ماتریالّییەکانن.

لەسەر تاقی دیواری دەستەچەپ، تابلۆی **ئەپۆلّۆ** هەیە کە خودای مۆسیقا و شیعری لیریکە. لەسەر تاقی دیواری دەستە ڕاست تابلۆی ئەثینای خواژنە.

لەسەرەوە ئەو ئاسمانە دەردەکەوێت کە **پلاتۆ** ئاماژەی بۆ دەکات. هەروەها بنمیچی ئەندازیاری ئاماژەیە بۆ توانای مرۆڤ لە دیزاین و کۆنترۆلّی بەسەر سروشتدا.

قوتابخانەی ئەثینا یەکێکە لەچوار تابلۆ دیوارییە سەرەکییەکە لە سەر



گەنجان بەشداری پێدەکات لە دیبەیتێکدا و لەگەڵ ئەسکەندەری گەورەدا گفتوگۆ دەکات. بیرکەرەوەیەکی شاعیرانەش لە تەنیشتی وەستاوە، دیارترین وتەی **سۆکرات** ئەمەیە "تەنها شتێک دەیزانم ئەوەیە کە هیچ نازانم" **زەینەفۆن** ی فەیلەسوف لەتەنیشت **ئەلکساندەر** وەستاوە و بەرگی قاوەیی پۆشیوە.

لە خوارەوە لای دەستەچەپ وێنەی **پایثاگرەس** و کتێبەکەیەتی. **پایثاگرەس** ی فەیلەسوف دەڵێت

دیواری ستانزا (Stanza بڕگەی هۆنراوەیە هەندێک جار چوارخشتەکییە و هەندێک جار زیاتر. ستانزا فۆرمی جیاوازی هەیە، کێش و سەروای هەیە، فۆرمی سادەی هەیە، هەندێک جاریش ئاڵۆزە)، تابلۆکان دەکەونە هەردوولای ژوورەکە و پەنجەرەیەک ناوبڕیانە. لە ڕاستیدا بابەتی تابلۆکە فەلسەفەیە یان بەلای کەمەوە فەلسەفەی یۆنانی کۆنە.



**سۆکرات** ی **فەیلەسوف** لەلای دەستە چەپی **پلاتۆ**وە بەرگێکی سەوزی پۆشیوە،

ماهییەتی ئەوپەڕینەی واقع بریتییە لە ژمارە. **پایثاگرەس** مژدەبەخشی ڕیئنکرنەیشن واتە دۆنادۆن و گوێزانەوەی روح بۆ جەستەیەکی ترە. ئەو پیاوەی لە پشت **پایثەگرەس** دانیشتووە **ئەناکسیماندەرە،** فەیلەسوفێکی یۆنانییە، لە ملێتۆس لە شاری ئایۆنیا ژیاوە، سەر بە قوتابخانەی پریسۆکراتەکانە.

ئەو پیاوەی دەستە چەپی **هراکلس** ی فەیلەسوف لە شێوەی **مایکل ئەنجیلۆ**ی پەیکەرتاشی ئیتاڵی ئانیشکی لەسەر خشتێکی مەڕمەڕە و بەتەنها دانیشتووە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدایە و سەرقاڵی نووسینە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەسێکی تەنها بووە. **هراکلتس** دەڵێت: هەموو شتێک لە ڕەوتی گۆڕاندایە، جەنگ و ململانی و کێشمەکێشی نێوان دژەکان، دۆخی هەمیشەیی جیهانە.



پایثەگرەس **ئەرخەمیدس** ە. ئەو پیاوەی لە پشت **ئەناکسیماندەرە** وە دانیشتووە **ئەڤیرۆس ە.**

لە بەردەم **پلاتۆ** بەرەو خوارەوە **دایۆجین ی** فەیلەسوف لەلای دەستە ڕاست لە بەردەم **سۆکرەتیس** بەرەوخوارەوە دانیشتووە. **دایۆجین** لە شاری سنۆپی لە تورکیا لەدایک بووە و لە

شاری کۆرنثی وڵاتی یۆنان کۆچی دوایی کردووه. نازناوی سەگی لێنراوه بەهۆی هەڵسوکەوت و ژیانی دەربەدەری و بێخانەو لانەییەوه و بە **سۆکرات**ی شێت وەسف کراوه. زۆر جار بە ڕووتی



و بێ جلوبەرگ بەو ناوەدا گەڕاوە و سووڕاوەتەوە، بە بەرچاوی خەڵکەوە خوی نهێنی ئەنجامداوە. سواڵی کردووە بۆ بەدەستهێنانی پارووە نانێک. **دایۆجین** گوتویەتی خۆزگە چارەسەری برسییەتیش وەکوو خوی نهێنی بوایە هەر دەستهێنانێک بوایە بە ورگدا. بە هەڵسوکەوتی فەلسەفیيانەی بەناوبانگ بووە، بەڕۆژی ڕووناک چرایەکی بەدەستەوە گرتووەو بۆ مرۆڤی ڕاستگۆ و جێی متمانە گەڕاوە.

دەنگوباسی **دایۆجین** گەیشتووەتە لای **ئەلکساندەر**. جارێکیان **ئەلکساندەر** دەچێت بۆلای و لێی دەپرسێت پێویستت بەچییە و چیت دەوێـــــــــت؟

**دایۆجین** وەڵام دەداتەوە: پێش هەتاوەکەم لێ مەگرە.

ئەو پیاوەی لە پشت **هراکلێتس** ەوە کتێبێکی بەدەســـــتەوە گرتووە **پارمەندیس** ی فەیلەسوفە ، ئەو ژنەی لە پشت **پارمەندیس** ەوە وەستاوە **هیپاثیا** ئەلکساندەریاییە.

لە ڕیزی دەستە ڕاست بۆ خوارەوە پەتلیمۆس Ptolemy ڕۆبێکی زەردی پۆشیوە و تۆپی زەوی بەدەستەوەیە.

ئەو پیاوەی بەرانبەر **پەتلیمۆس** بەرگێکی بێجی پۆشیوە **زەردەشت**



ه و وەکو ئەستێرەناسێک تۆپی ئاسمانی بەدەستەوەیە. دووەم کەس لای دەستە ڕاست لە تەنیشت **زەردەشت،** پۆرترێتی **ڕافەیەڵ** ی ئارتیست خۆیەتی لەناو گروپێدا گوێ لە **پەتلیمۆس** Ptolemy دەگرێت. **ڕافەیەڵ** لە ٢٨ی مارسی ١٤٨٣ لە ئیتاڵیا لەدایک بووە و ٦ی ئەیپرڵی



ساڵی ١٥٢٠ لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. ئارتیست و ئەندازیاری بیناسازی بووە و لە تەمەنێکی کەمدا کۆچی دوایی کردووە بەڵام گەنجینەیەکی بەنرخی هونەری لە دوای خۆی بەجێهێشتووە. بەناوبانگترین کارەکانی ئەم قوتابخانەیەیە کە باسی دەکەین کە یەکێکە لە شاکارەکانی. ئەو پیاوەی پشت **زەردەشت** ڕۆبێکی سووری لەبەرە **پلۆتینۆس** ی فەیلەسوفە.

بەرەو خوارتر **ئەکلیدس ی فەیلەسوفە** لە شێوەی **برمانتی** دەردەکەوێت و بەسەر قیبلە نوماکەیدا چەماوەتەوە. **ڕەفایل** شارەزای فەلسەفەی کۆن بووە و

هەر ئەوە بووە کە ئاراستەی کردووە بۆ ئەوەی کەسی وەکو **دۆناتو برامەنتی** Donato Bramante لەناو تابلۆکەدا بوونی هەبێت. **برامەنتی** یەکێکە لە دیارترین ئەندازیاری بیناسازی سەردەمی ڕێنیسانس. لە میلانۆی باکووری ئیتاڵیا و ڕۆما کاری کردووە.

ئەو پیاوەی لە دەستە چەپە لە پشت **ئەناکسیماندەر**ەوە بە پێوە وەستاوە و تاجە گوڵینەیەکی لەسەرە و کتێبێکی بەدەستەوەیە، **ئەپیکۆرس ی** فەیلەسووفە. ئەو پیاوەی بەرانبەری **زینۆ** ئەلیایی فەیلەسوفە.

**ئەپیکۆرس** پێکهاتوونە لە تێکۆشان بەدوای بەختیارییدا. واپێشبینی دەکرێت کە لە ڕووی ئەقڵی و جەستەییەوە کۆتاییهێنانی ئازاربێت، لەنێوان دوو بیرکردنەوەی **ئەپیکۆرس** دا ، ئازاری ئەقڵیی خراپترە، چونکە ئازاری توندی جەستەیی زوو دادەمرکێتەوە، دەکرێت بە ئەقڵ بەسەریدا زاڵبیت، یان دەبێتە هۆی مردن. لێرەدا ترس لە مردن نییە، چونکە ژیانێکی تر نییە و ئیلاهێکی تۆڵەسێنیش نییە. **ئەپیکۆرس** درک بەوە دەکات کە زۆر لە چێژە جەستەییەکان ئازاریان



فێرکردنە مۆڕاڵییەکانی

**بڕوانە لاپەڕەی ٢٨**

**ڕانانی کتێب**

# چۆن بووم بە گەمژە

**ڕانانی:** شەماڵ بارەوانی

"چۆن بووم بە گەمژە" ڕۆمانێکی قەبارە مام ناوەندی ١٥٨ لاپەڕەیی (مارتن پاژ)ی Martin Page ڕۆماننووس و نووسەری فەڕەنسییەو یەکەم چاپی بەزمانی فەڕەنسی لەساڵی ٢٠٠١، بڵاوبووەوە. نووسەر لەو شاکارە ئەدەبییە ناوازەیەدا، کە ڕۆمانێکی ناوەڕۆک فەلسەفییە، کۆمەڵێک بابەتی وجودیی و ئنتۆلۆجی بێ وڵام، دەورووژێنێت و بە شێوازێکی فەلسەفی و کۆمێدی و ئەدەبی و ئەفسووناوی و بەرز و جوان، باس لەچیرۆکی ژیانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی (ئەنتوان) دەکات. ئەو گەنجەی لەژیانی ڕۆشنبیری خۆی هیلاک دەبێت و بێزاری دایدەگرێت! مرۆڤێک کە بۆ هەر دیاردەیەک و شتێک دەیان شرۆڤەو تەفسیری لۆژیکی خۆی هەیە، بەرلەوەی هەرهەنگاوێک بۆ شتێک و شوێنێک بهاوێژێت و کارێک ئەنجام بدات، سەعات خوێندنەوە و بیرکردنەوەی فیکرییانەی قووڵ بۆ کارەکەی و شوێن و شتەکە دەکات. ئەو ڕۆشنبیرەی تەنانەت پارەی ئەو




پەرتووکانەشی نییە کە دەیانخوێنێتەوە. ئەو بەردەوام لەگەڵ هاورێکانی لە کافێکان گفتوگۆ لەسەر بابەتە زانستی و ڕۆشنبیری و مەعریفی و فیکری و فەلسەفییەکان دەکات. ئەنتوان هەوڵدەدات لەکۆمەڵدا شوێنێک و پێگەیەکی گونجاو بۆ بوونی خۆی بدۆزێتەوە کە وەک ڕۆشنبیرێک لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکەی ئەو گونجاوبێت، مەوقعێک شایەنی ئەو بێت و مەحەلی لەئیعرابدا دیار بێت. وەلێ ئەفسوس کۆمەڵگە بەتێڕوانی ئەو کۆمەڵێکی تا بڵێیت سەتحییە و ناچێتە قووڵایی بابەتەکان و نرخی کاری فیکری و ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیران نازانێت و ڕێز لەکایەی ڕۆشنبیری ناگرێت.

بۆیە بێزاری و ڕەشبینی ئەنتوان دادەگرێت لەکۆمەڵێکی وا کەنرخ و بەها بۆ ڕۆشنبیری دانانێت و نازانێت ڕۆشنبیریی چییە و ڕۆشنبیر کێیە! لەکۆمەڵێک دا کە هێندەی حیساب بۆ گەمژەیەک دەکرێت، سەدا یەکیش بۆ مرۆڤی ژیر و ڕۆشنبیر ناکرێت. ڕۆشنبیر نرخ و بەهای بۆ دانانرێت، ئاخر لە کۆمەڵێکی مێگەڵ ئاسا، کۆمەڵێکی بەکاربەر و ئستهلاکی، کۆمەڵێکی چێژگەرا، بۆ کۆمەڵێکی لەو چەشنە بیرکردنەوە و کاری فیکری و فەلسەفی و ڕۆشنبیری هێندە ئاسان نییە. بیرکردنەوە ئەرک و ئەخلاقە، بەرپرسیارەتی و خەمە، زەحمەت و قورسە، بیرکردنەوە لەخەمی مرۆڤایەتی، لەژیانی خەڵک، لەئازاری هەمووان. ئەنتوان پێمان دەڵێت:

*"بەختەوەری ئەوەیە بتوانیت خۆت لەموعانات و ئازاری ئەوانەیتر بێ ئاگابکەیت، ڕاحەت و ئارامی ژیان و ئەقڵ لە گوێ پێنەدان و بێ موبالاتی دایە".*

ئەنتوان دەرەنجام دەگات بەو قەناعەتە کەعەقڵ و بیرکردنەوە، هۆکاری سەرەکی نەهامەتی و بەدبەختی و ئازارەکانییەتی، خەیاڵ و ژیان لەگەڵ کتێب و خوێندنەوە هیچ بەهایەکی بۆ نەهێڵدراوە و بیرکردنەوە مانایەکی بۆ نەماوە و




ژیانی ڕۆشنبیری جگە لە عەزابێکی ئەبەدی چیتر نییە. بیرکردنەوەیش ئازار و عەزابێکی نەبڕاوە و نەخۆشییە با لەڕیزی نەخۆشیش دانەندرابێت. ئیدی بیرکردنەوەی ئەمە دەکەوێتە کەڵکەڵەیەوە کە دەبێت مرۆڤ لێرە گەمژە بێت و ببێت بە بەشێک لەهەمووان. دەستبەرداری قەناعەتی تایبەتی خۆی و بیروبۆچوونە جیاوازییەکانی و ئازادییەکانی بێت، تا بتوانێت لەکۆمەڵدا بژیت و خەڵک قبوڵت بکات و لەگەڵ دەوروبەر کار لێک بکات و بگونجێیت و بە هێمنی و ئارامی بژیت. ئەو پێمان دەڵێت ئیدی:

*"بەشداری لەو عەقڵە گەورەیە دەکەم کە پێی دەڵێن (بۆچوونی گشتی). من ناڵێم ئەمە باشە، یاخود خراپ، تەنها دەمەوێ بەشداری ئەو عەقڵە بکەم و بەس، لەگەڵ ئەوانەیتر بم و لێیان حاڵی نەبم و وەکو ئەوان بم، لە نێوانیاندا بم. دەمەوێ وەکوو هەموو خەڵکی تر بم. مێروولەیەک بم لەنێو مێورولەکان".*

بەو شێوەیە ئیدی زەکاوەت و زیرەکی و هۆشیاری لای ئەو نەخۆشییە و ئەو دەیەوێت ئیتر ئاستی هۆشیاری و هێزی درککردنی کەم بێتەوە و باڵانسی جەهل و نەزانی بەرزبێتەوە، ئیدی تەنها بژیت و بەس، ژیانێکی دیماگۆگانە و هیچ لەژیان و

دەوروبەر و واقع و ڕاستییەکان نەزانێت. ئەو بۆی ڕوونبووەتەوە کە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەهەموو شتێک، هۆکارە کە نەتوانیت بژیت، بۆیە ئەو گەمژەیی و دیماگۆگییەت، بەتاقە ڕێگەی چارەسەری کێشە و قەلەق و نەخۆشییەکەی دەزانێت و بڕیاردەدات هۆشیاری و مێشکی بە کفنی گەمژەیی کفن بکات و ماڵئاوایی لەبیرکردنەوە بکات و دەرگای عەقڵی کلۆم بدات و دەستبەرداری عەقڵانییەت بێت. پیمان دەڵێت:

*"من بەدەست نەفرەتی عەقڵەوە دەناڵێنم و تووشی نەخۆشی زیادەڕۆیی ڕۆچوونی زۆر لەبیرکردنەوەبووم" و "هەر کەسێک ئاستی زانستی زیاتر بوو، ئازاری زیاتر دەبێت".*

بۆ قوتاربوونیش لەو دۆخە و یەکەم هەنگاویش بەتێڕوانینی ئەو بۆ بوون بە گەمژە، مەیخانە و مەی و سەرخۆشییە. بۆیە بڕیاردەدات، خۆی سەرخۆش بکات. ئەو پێی وایە بەو شێوەیە خەڵک دەیناسێت و خەڵک ڕێزی دەگرێت، کۆمەڵێک کە لەتێڕوانینی ئەودا بەزەیی بە سەرخۆش دا دێتەوە وەلێ بە ڕۆشنبیرو عاقڵ و ژیر نا. ئەو سەرەنجام لەو هەوڵەی شکست دێنێت و بەهۆی زۆر خواردنەوەی مەی و ئەلکۆلەوە ژەهراوی دەبێت و دەکەوێتە نەخۆشخانە و لەوێ ئاشنای کچێک دەبێت و دەیناسێت کە پێشووتر چەندین جارو بە چەندین شێواز و ڕێگە هەوڵی داوە خۆی بکوژێت وەلێ هەوڵەکانی بێ ئەنجام بوون و هەموو جارێک شکستی هێناوە. ئەو کچە کۆمەڵەیەک و سەنتەرێکی ڕاهێنانی خۆکوژی "بنکەی فێرکردنی خۆکوژی" بە ئەنتوان دەناسێنێت و لێرەوە ئەنتوانیش بیری خۆکوشتن مێشکی داگیردەکات و دەیەوێت لەڕێگەی خۆکوشتنەوە کۆتایی بەژیانی خۆی بێنێت و سنوور و کۆتاییەکیش بۆ ئازارو موعاناتەکانی دابنێت و لەدەست ئەو بێزارییەش قوتاری بێت کە یەخەی ژیانی گرتووە.

ئەنتوان ئیتر پێی وایە تاقە ڕێگای ئازادی و ئازادبوونی لەو دۆخە دۆزەخی و زیندانە دەروونییەی تێیکەوتووە، ئازادی ئەوەیە کە بمرێت، لەو ژیانەی زۆرمان لێدەسەنێت و لەبەرامبەردا زۆر کەممان پێدەخشێت. ئەو کۆمەڵەی هانی مرۆڤەکان دەدات کە بە خۆکوژی سنوورێک بۆ ژیان دابنێن و داوا دەکەن چیتر سانسۆری ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و سروشتی نەکرێن بە بەربەست لەبەردەم ئازادی هیچ مرۆڤێک لەبڕیاری خۆکوژیدا. مرۆڤ خۆی ئازاد بێت لەبڕیاردان لەبارەی ژیان و مردنی خۆیەوە و خۆی بڕیار بدات چۆن بژیت و چۆن بمرێت و بەچی بمرێت و کەی بمرێت. بۆ هاندانی خۆکوژیش ناوی کۆمەڵێک هونەرمەند و ئەکتەر و نووسەر و بیرمەند و فەیلەسوف و کەسایەتی ناوداری جیهانی دێننەوە کە بەخۆکوژی کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، لەوانە: جیراردی نێرڤال، مارلین مۆنرۆ، ئێرنست هەمینگوای، ژیل دۆلۆز، ڕومان گاردی، ستیڤان زویگ، دالیدا، هێنری ڕوردا، میشیما، کاتۆن، ئامبیدۆکل، ... تاد.

ئەنتوانیش بۆ ئەو مەبەستەی خۆکوشتن و ڕێگە و شێوازەکانی خۆکوشتن و خۆکوژی سەرکەوتوو، پەیوەندی دەکات بە "بنکەی فێرکردنی خۆکوژی" و بەشداری کۆرسی وانەکانی خۆکوژی دەکات و کۆمەڵێک وانە لەبارەی خۆکوژییەوە دەخوێنێت. وەلێ دواتر و لەدوا چرکەدا پەشیمان دەبێتەوە و دەستبەرداری بیرۆکەی خۆکوشتن دەبێت. ڕاستە ئەو حەز بە ژیان ناکات، بەڵام لەهەمان کاتدا ناشیەوێ بمرێت. خۆکوشتن چارەسەرنییە. ئەو ئیدی بڕیاردەدات ژیانی خۆی بگۆڕێت و ئامانجی دەبێت بەگۆڕینی ژیانی، نەک کۆتایی هێنان بەژیان، چۆنکە کۆتایی هێنان سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەیەکی هەڵەو سەرشێتانەیە، لەهەمانکاتدا هیچ چارەسەرێکی عاقڵانەیش نییە بۆ کێشەکان.

ئەنتوان لەکۆتاییدا پەی بەوە

دەبات کە هۆکاری هەموو کێشەو نیگەرانی و بێزارییەکانی، زیرەکییەکەیەتی. بۆیە چارەسەری ئەمە، لە جۆرێک لە حەب و شروب دەدۆزێتەوە، لەڕێگای پزیشکێکەوە و دەڕواتە لای پزیشکێک و کۆمەڵێک شروب و حەبی ئازارشکێن و هێورکەرەوە و مۆرفین دەداتە پێی، حەبگەلێک کە توانای تەرکیز و سەرنجدانی لاواز و کەم دەکەنەوە و بەو شێوەیە لەو دۆخە سەرەڕۆیە دەری دێنن و لەو نەخۆشییە ڕەزاگرانە چارەسەری دەبێت. بەو شێوەیە شێوازی ژیان و بیرکردنەوەکانی لەڕەگەوە دەگۆڕێت و هەموو ئەو کارو کردەوانە ئەنجام دەدات، کە لەقۆناغی ڕۆشنبیریدا، پێی کارگەلێکی بێ مانابوون و گاڵتەی پێدەکردن. ئێتر دووەم هەنگاویشی بە دەست لەکارکێشانەوەی لەزانکۆی (ڕینێ دیکارت) لە پاریس، پێشکەش دەکات. سێیەم هەنگاویشی ئەوەیە کە هەموو کتێبەکانی کە سەدان ڕۆمان، کتێبی فیکری، ئینسایکلۆپیدیا، فەرهەنگ، گۆڤاری مێژوویی، زانستی و ئەدەبین، دەخاتە سندووقیک و دەیبات لە لای هاوڕێکەی (ڕۆدۆڵف) دایاندەنێت. لەڕێگای هاوڕێیەکیشیەوە، دیکۆر و دیزاینی باڵەخانەکەی دەگۆڕێت.

دواتر ئەنتوان دەست دەکات بە کاری دەلاڵی لەبواری کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل و تەلەفزیۆن و گۆڤاری جۆراوجۆر و کارێک دەکات تاوەکو لە شێوە ژیانی ڕابردووی دووری بخاتەوە و ڕابردووی بەتەواوی لەبیرباتەوە و تێکەڵ بەکۆمەڵ بێت و لەگەڵ دەوروبەر بگونجێت. لەکۆتاییدا هاوڕێکانی دەیگەڕێننەوە سەرشێوە ژیانی پێشووی و بەو چەشنە ئەنتوان دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی فەلسەفییانەو ڕۆشنبیرییانەو کچێک دەناسێت کە هەمان نیگا و بیرکردنەوەی ئەمی هەیە و ئیدی لاپەڕەیەکی نوێ لەژیان هەڵدەداتەوە.

☆



# پەڵاس

عارف کوردە
٥/١٠/٢٠٢١

بیابانێکی پڕاوپڕ لەڕملّم
چاوەڕێی بارانێکم تەڕم بکات
لەمێژەوە لەدووی کانییەک دەگرێم
بینی پێوەنێم و
تاڵی گەرووم ڕامالێ
ناخم وشکەو
چاوم تک تک بەدڵۆپە
زارم پەڵاس
لێوەکانم شین هەڵگەڕاو
لەجێ ددانی مار ئەچێ
جەستەم تینوو
هەنگاو شل شل
هیوام کوێرەڕێیەکی پڕ نشێو
ئاسمانم لێڵ
هێزم ورەی
جەنگاوەرێکی داڕوخاو
ئاسۆم بڕوای
شەهیدێکی پەشیمانە و
لەودیو کێلەکانەوە
تابلۆی پەشیمانبوونەوە ئەنەخشێنێ
شار هەورێکی بێ بارانە
تاریک، وەکوو چارەنووسێ
پێکەوەین و لەیەک دوورین
بۆیەک ئەگرین؛ بەڵام ئەشکی یەک
ناسڕین
پێئەکەنین؛ لێ بۆنی یەکتری ناکەین
لەیەک ژوورین و بەتەنهاین
قوژبنێکی بچووک بچووک بووە
بەماڵمان
هەموو جیهان مۆبایلێکەو
لەنێو لەپمان.

☆



# چوار شیعری وەرگێڕدراو[2]

وەرگێڕلە فارسییەوە:
خالید بایەزیدی (دلێر)[1]

## ١

**مەحمود دەرویش**

وێنەیەکی خۆم
هەڵدەبژێرم
بۆ هاوژینەکەم
کە کاتێک مردم
بە دیوارەوە هەڵیواسێ
دەڵێت:
کام دیوار؟!
دەڵێم:
وەتاقێک دروست دەکەین
لە کوێ؟
لە کام ماڵ؟!
دەڵێم:
خانوویەک دروست دەکەین
لە کوێ؟!
لە کام تەبعیدگا؟!
من و هاوژینەکەم
دەگرین و
بەیەکەوە گۆرانییەک دەچڕین.

شەڕ کۆتایی پێ دێت
وە ڕێبەران سەرقاڵی گفتوگۆیەکی گەرمن
ئەوەی کە دەمێنێتەوە
ئەو دایکە پیر و پەککەوتووەیە
کە چاوەڕێی گەڕانەوەی

تەرمی ڕۆڵە شەهیدەکەیەتی
وە ئەو کیژە شۆخ و شەنگەی کە
چاوەڕێیە خۆشەویستەکەی بێتەوە
وە ئەو منالانەی کە چاوەڕوانن
باوکە قارەمانەکەیان بگەڕێتەوە
نازانم: چ کەسێک وڵاتەکەی فرۆشت
بەڵام دیتم: چ کەسێک بەهاکەی دا...!

## ٢

## حەمید موسەددیق

تۆ بە من پێکەنی و
نەت ئەزانی:
من بە چ مەترسییەک
لە باخچەی دراوسێکەمان
سێوم دزی
باغەوان بە هەڵاتن بەدوام کەوت
سێوەکەی لەدەستمدا دیت
بە قەڵسەوە چاوی لێکردم
سێوی قەپ لێدراو
لە دەستم کەوتە عەرزی
تۆ ڕۆیشتی و ئێستاش
ساڵەهایە کە لە گوێچکەی من ئارام ئارام
خشەخشی هەنگاوی تۆ تیکرار تیکرار
ئازارم ئەدا
من دەستە و ئەژنۆ دانیشتووم
غەرقی ئەو فیکرەم
کە بۆچی
ماڵە بچکۆلەکەی ئێمە سێوی نەبوو؟!

## ٣

## میرزا آقا عسکری

### تەنیایی

لە ماڵەکەمدا
یەک باڵندەی تەنیام هەیە
خێزانیشم.
دوو باڵندەی تەنیا
یەکیان ئەو
یەکیان من
ئاە کە ئینسان چەندە بە تەنیایە!

## ٤

## نیعمەت مورادی

هەرکاتێک!
بۆنی عەتری ژن
لە بیناکەدا
بڵاو ئەبێتەوە

کرێکارەکان
خۆری حەزەکانیان
لە دەرونیاندا هەڵدێت
توانای دەستەکانیان بەهێزتر ئەبێت
بۆنی عەترەکە لەسەر خشتەکان
ئەنیشێت
کرێکارەکان
بۆنیان بەخشتەکانیشەوە ئەکرد.

## پەراوێز:

١- خالیدبایەزیدی (دلێر) لە ساڵی ١٩٦٨ لە ئاواییەکی سەربەناوچەی سەردەشت لە دایکبووە.پاشان کۆچیان کرد بۆ شاری مەهاباد. هەرلەوێش خوێندنی تەواو کردووە. دلێر هەر لە تەمەنی لاوێتیدا عیشق وعەلاقەی بە نووسینی شیعرو وەرگێرانی شیعری شاعیرانی کورد و فارس پەیداکرد، کە لە ڕۆژنامەکانی ئێران و دەرەوەی ئێران بڵاوبوونەتەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٨٧ ئێرانی بەجێهێشت و ئێستاش لە شاری فانکووفەری کەنەدا ئەژیت. تاکوو ئێستا شەش دیوانی شیعریی لە ئێران لە چاپ داوە وشیعر و وە رگێڕەکانی بە زمانەکانی کوردی و فارسی لە سایت و گوڤارەکانی ئێران و ئەوروپا بڵاوبوونەتەوە و شیعرەکانی بە ئینگلیسی و عەرەبیش وە رگێڕدراون.

# کورتە شیعریک

خالید بایەزیدی (دلێر)

کرێکاران
بۆ پاروویەک نان
دەستیان قەڵیشاوە
ئەوان لەگەڵ ئێش و ئازارەکانیان
دادەنیشن،
پیاسە دەکەن
دەخەون .. دەمرن
کرێکاران
بەمەجبورییەوە لەپێناو ژیانی قورس
ڕاپەڕێنەری کار و ئیشن
ئەوان دەستە قەڵیشاوەکانیان
لە خۆشەویستەکانیان دەشارنەوە
تاکوو نەبادا!
خۆشەویستەکانیان دڵگران بن
تا نەبنە مایەی ژاکینی سیمای ئەوین و
تەنکە خەمی سەر ڕووی دڵیان
ئەوان چاوە غەمبارەکانیان
بە پێکەنین دەشارنەوە
تاکوو کەس هەست بە ئازارەکانیان نەکا
ئەوان تەنیا بۆ نان دەژین
خۆشی و ژیان
لە جەستەی ماندوو و هیلاکیان دەنێژن.

# چەند شیعرێکی شاعیری مارکسیستی ئەمەریکی

## جان گوودمان [1]

(John Goodman)

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:
عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

چۆن بتوانم ببم بە شاعیر
ئایا کۆمەڵگە، وەک هونەر دان بە شیعری
مندا دەنێت؟
لەم کۆمەڵگە هەناسە لەبەربڕاوەدا
من چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک منداڵان دەبینم دەکوژرێن؟
چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک ئینسانە بەساڵاچووەکان خواردنی
سەگ دەخۆن؟
چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک کچان دەستدرێژی سێکسییان
دەکرێتە سەر؟
چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتیک ڕۆژانە خەڵکانی بێتاوان دەکرێنە
قوربانی؟
چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک تۆ بڕیاری ئەوە بدەی چی شیعرە
و چی شیعر نییە!؟
ئەی چۆن بتوانم شیعر بنووسم
کاتێک ڕۆژانە لەسەر ئەم هەسارەیە بیر
لەوە دەکەمەوە کە ئەمڕۆ ئاخرین ڕۆژە؟

## ئەم سیستەمە دەمکوژێت

من ئینسانم
پەرەسەندووترین شێوەم لە گشت شێوەکانی
تری ژیان
بەڵام ئەفسووس من هەر گۆشت و ئێسقانم
گەر مرۆڤایەتی تا ئەوپەڕی گەشەکردن،
گەشەش بکات،
من تەنانەت لە زۆربەی هەرە زۆر زیرەکتر
و
لە هەمووش خۆشەویستترم
بەڵام ناتوانم بچمە ئەودیو ئەم سیستەمە
ئەم سیستەمە ناتوانێت وەکو ئێمە زیرەک
بێت
ئەم سیستەمە بناغەکەی لەسەر قازانج و
نەخۆشی و شەڕ بنیادنراوە

ناتوانێت وەکو چۆن ئێمە زیرەکین، ئەویش
وابێت
ئەم سیستەمە منی زیرەکترین شێوازی
ژیانی
نێو زیرەکترین توخم دەکوژێت
ئەم سیستەمە دەمکوژێت
ئەم سیستەمە دەمکوژێت

## ئێمە

من تۆم

تۆش منی

من و تۆ ئێمەین

ئێمە دەتوانین ببین بەوەی دەمانەوێت

ئێمە پێویستە ببین بەوەی دەمانەوێت

ئێمە دەبین بەوەی دەمانەوێت.

## باڵندەی ئازادی

باڵندەی کۆیلەتی جیهانگیری
بەرەو زستانی سەرمایەداری کۆچ دەکات
دەبێت بە باڵندەی ئازادی
کە بەرەو باکوور دێتەوە
چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە.

## جەنگینێکی باش جەنگیم

لەدواجاردا چی بە نەوەی داهاتوو بڵێم؟
بەنەوەی داهاتوو بڵێم جەنگینێکی باش
جەنگیوم
بەنەوەی داهاتوو بڵێم ڕاپەڕیم بۆ ڕاستی
چی بەنەوەی داهاتوو بڵێم
ڕاپەڕیم دژ بە خراپە و ستەمکاری
چی بە لیۆن ترۆتسکی بڵێم ئەگەر بەسەر
ئەسپێکی سپییەوە بیبینم [2]
چی پێبڵێم ئەگەر لەلای دەروازە
مرواریيەکان بینیم [3]
پێی بڵێم جەنگینێکی باش جەنگیوم
نازانم چی پێبڵێم
پێی دەڵێم دەترسام
پێ دەڵێم دەترسام
پێی دەڵێم ئازا و نەبەرد بووم
پێیَ دەڵێم نەجیبزادە بووم
پێی دەڵێم کۆیلە بووم
پێی دەڵێم دڵ و دەروون باش بووم
پێی دەڵێم بەهێز بووم
پێی دەڵێم سەرکز و بەستەزمان بووم
پێی دەڵێم ئاسوودە بووم
پێی دەڵێم دڵخۆش بووم
پێی دەڵێم غەمبار بووم

پێی دەڵێم چێژم وەرگرت
پێیَ دەڵێم توورە بووم
پێی دەڵێم ڕۆشنبیر و چاوکراوە بووم
پێی دەڵێم نەخوێندەوار بووم
بەڵام پێی دەڵێم جەنگینێکی باش
جەنگیوم.

## خەونی ڕاستەقینەی ئەمەریکیی

تەنها دەمەوێت بتوانم بۆت بنووسم و
پێت بڵێم
خۆشم دەوێی
دەمەوێت بتوانم پێت بڵێم
کە جیهانێکی تازەم دەوێت
دەمەوێت بتوانم پێت بڵێم
لەوەی پێویستمە زێترم ناوێت
هەر ئەوەندەم دەوێت ژیانێکی
شایستە بژێم
تا بتوانم خزمەت هاوڕێکانم بکەم
بۆیە ئەوەت لەقووڵایی ڕوحی
ئەمریکاوە پێ دەڵێم
ئەمە خەونی ئەمریکایە
ئەمە خەونی ئینسانە
ئەمە خەونی قارەمانانی وڵاتەکەمە
کە خوازیارین بۆ هەموو جیهان.

## بۆ ئەو هونەرمەندەی ناخمان

من بۆ ئەو هونەرمەندەی ناخمان
دەنووسم
دەنووسم بۆ ئەو هونەرمەندە،
ئەو زانایە،
ئەو کرێکارە.
چونکە ئەوەی من ئارەزوومەندیم
ئەوەیە بە هونەرەکەم
شارستانییەتێکی نویَ بنیادبنێم
جیهانێک بخوڵقێنم کە گشت کەس
تیایدا هونەرمەند بن.

## پەراوێزەکان

1- سەرچاوە:
https://www.poetrysoup.com/poems_poets/poems_by_poet.aspx?ID=24642


٢- ئەسپی سپی هێمای زانیاری و ڕۆشنبیرییە

٣- دەروازە مرواریییەکان، هێمایە بۆ دوانزە دەروازەکەی بەهەشت کە لە ئینجیلدا باسی لێوە کراوە.

☆

# کاتێ کە نەماوم!

شیعر و گۆرانی:
فیل ئاکس (Phil Ochs)
وەرگێران لە ئینگلیزییەوە:
سلیمان قاسمیانی



لەم دونیایەدا هیچ شوێنێک نییە خەڵکی
بم، کاتێ کە نەماوم
راست و هەڵە لێک ناکەمەوە، کاتێ کە
نەماوم
تۆ ئیتر من نادۆزییەوە بە چڕینی ئەم
گۆرانییەوە، کاتێ کە نەماوم
کەوابێ دەبێ تا ماوم بیکەم!

هێچ ئاگام لە رۆیشتنی کات نابێت، کاتێ
کە نەماوم
هیچکام لە چێژەکانی ئەڤین ئیتر هی من
نابن، کاتێ کە نەماوم
پێنووسەکەی من یەک دێڕ شیعریشی لێ
ناچکێ، کاتێ کە نەماوم
کەوابێ دەبێ تا ماوم بیکەم!

من ئیتر ئەم هەوا شادیبەخشە ناتوانم
هەڵمژم، کاتێ کە نەماوم
تەنانەت ناتوانم خەمی نیگەرانییەکانم
بخۆم، کاتێ کە نەماوم
کەس داوام لێ ناکات ئەرکی خۆم بە جێ
بگەیێنم، کاتێ کە نەماوم
کەوابێ دەبێ تا ماوم بیکەم!

ئیتر لە بەر باران ڕاناکەم، کاتێ کە
نەماوم
ناتوانم لە ژان، ئازار بکێشم، کاتێ کە
نەماوم
ناتوانم بڵێم کێ شایانە بۆ ڕێزلێگرتن و
کێ بۆ گلەیی، کاتێ کە نەماوم
کەوابێ دەبێ تا ماوم بیکەم!

تیشکە زێڕینەکانی هەتاو نابینم، کاتێ کە نەماوم
بەیانی و ئێوارە هەر یەکن، کاتێ کە نەماوم
ناتوانم لە چەکەکان بەرزتر دەنگم هەڵبڕم، کاتێ کە نەماوم
کەوابێ دەبێ تا ماوم بیکەم!

هەموو رۆژەکانم سەمای شادومانی نابن، کاتێ کە نەماوم
خیز و خۆڵ بەر چاوەکانم دەگرن، کاتێ کە نەماوم
وە ئیتر ناتوانم ناوم بنووسم بۆ ریزی خەبات، کاتێ کە نەماوم
کەوابێ دەبێ تا ماوم بیکەم!

ناتوانم بە درۆکان پێکەنم، کاتێ کە نەماوم
ئیتر ناتوانم بپرسم، چۆن، کەی، بۆ؟، کاتێ کە نەماوم
ناتوانم ئیتر ئەوەندە سەربەرز بژیم تا دەمرم، کاتێ کە نەماوم
کەوابێ دەبێ تا ماوم بیکەم!

☆

# بەهەشتی داراکان

شیعر: ئای. جێی. کریس (I.J. Chris)
گۆرانی بە دەنگی: مەت مەکگین (Matt McGinn)

وەرگێڕان لە ئینگیسیەوە:
سلیمان قاسمیانی

بەهەشتی دارا، جەهەندەمی نەدارە
من داوەتت دەکەم بۆ بەهەشتی داراکان
پڕە لە نان و گوڵەباغ بۆ تاقمێکی کەم،
تۆ بیر لەمن ناکەیەوە کاکی برا، بەڵام من لە فکری تۆ دا دەبم!


لە ناو شاردا هەستی هاودەردی نابینی
ئاغاکانی لووت بەرزکردوو
نابینن ژنی بێپەنا، بەناڵی باوەشیەوە و فرمێسکە بچکۆلەکانان کە ئەدرەوشێن لە چاویدا

شارەکانی کارگەی کەشتی خەریکن کە تێدادەچن
کرێکارەکانی هەموو هاواریانە لە بەر سامی داهاتووی تاڵ
داراکان ئەم هاوارانە نابیستن و خەریک سەیاحەت خۆیانن!
دەیانەوێ بە هەوری بەیانەکییان، بەر بە خۆری زێڕین بگرن.

کە زەنگوڵەی کلیساکان یەکشەممانە دێتە لێدان،
گوێت لێیانە چۆن دۆعاکان دەڵێنەوە
دۆعا بۆ ئاغاکەی بان سەر
دەیانەوێ دەرسەکانیان بڵێنەوە و رەحمەتی خوا برژێ بۆیان
دەژین بە درۆکانی بەیانەکیی یەکشەممەکان.


☆

•




- شارێکی بچووک و خەباتی گەورە (بە زمانی فارسی)
- نووسەر: مەجید حوسێنی
- ٧٦٨ لاپەرە
- چاپی یەکەم ٢٠٢١، بلاوکراوەی نووسەر خۆی


بۆ کرینی ئەم کتێبە دەتوانن راستەوخۆ پەیوەندی بگرن بە ناوەندی ''هانا'' بەم ئیمایلە:
info@hana.se





- لەو دیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم و دەڕوانم
- نووسەر: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
- 392 لاپەرە
- چاپی یەکەم ٢٠٢١ ، بلاوکراوەی نووسەر خۆی

بۆ کرینی ئەم کتێبە دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بگرن بە ناوەندی ”هانا“، بەم ئیمایلە:
info@hana.se

- هەرێمی شەو
- کۆ شیعرێ چاوە (فاتح شێخ)
- ٢١٦ لاپەرە
- چاپی غەزەلنووس،
- چاپی یەکەم، سالی ٢٠٢٠




- ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی
- نووسەر: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)
- ٥٩٤ لاپەرە
- بڵاوکراوەی ناوەندی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی هانا
- چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٠

ئەم کتێبانە لە ناوەندی هانا دەست دەکەون. بۆ کڕینی کتێبەکان تکایە بە ئیمایلی هاناوە پەیوەندیمان پێوە بکەن:
info@hana.se